

# گوڵان

پەیامی ئەمڕۆ و سبەی

ساڵی سی و یەکەم (١٤٢٥)- (١٢)ی ئابی ٢٠٢٤

لە ساڵیادی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستاندا

## چارەنووسی نیشتمان و بەڕێوەبردنی وڵات
## دەبێت هەڵقوڵاوی ئیرادەی گەلی کوردستان بێت




# سەردانی بڕۆکسڵ لە ساڵی ٢٠٠٧

## ١٢٦

یەکێتیی ئەورووپا بانگهێشتنامەیەکیان بۆ ناردم بۆ ئەوەی سەردانی بارەگاکەیان لە بڕۆکسڵ بکەم. منیش بانگهێشتنامەکەم قبووڵ کرد و بڕیارمان دا سەردانەکە بکەین.
بەر لەوەی سەردانی بڕۆکسڵ بکەم، لە ٦ی ئایاری ٢٠٠٧دا، سەردانی فەڕەنسام کرد. سەردانەکە هاوکات بوو لەگەڵ هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی فەڕەنسا. کێبڕکێ لە نێوان سارکۆزی و سیگۆلین ڕۆیال بوو. سارکۆزی بە ڕێژەی ٥٣٪ بەرانبەر بە ٤٧٪ دەنگ لە هەڵبژاردنەکاندا سەرکەوت. ڕۆژی ٧ی ئایاری ٢٠٠٧ دەرفەت ڕەخسا و بە بۆنەی سەرکەوتنی لە هەڵبژاردنەکاندا پیرۆزباییم لە نیکۆلای سارکۆزی کرد.
دوای فەڕەنسا سەردانی بڕۆکسلمان کرد، بەرنامەی سەردانەکەمان بریتی بوو لە چاوپێکەوتن لەگەڵ هانس گێرت ڕیچێلا (Hams Gert Richella)، سەرۆکی پەرلەمانی ئەورووپا و خافیێر سۆلانا، بەرپرسی سیاسەتی دەرەوەی ئەورووپا. لە کۆبوونەوەکاندا بە وردی و دووروودرێژی گفتوگۆ لەسەر بارودۆخی عێراق و کوردستان، هەڕەشە و مەترسی و تەحەدی و کۆسپەکانی بەردەم بارودۆخ و پرۆسەی سیاسی و دیموکراتیی عێراق کرا. لە دیدارەکاندا بەرپرسانی یەکێتیی ئەورووپا بە بایەخ وگرنگییەوە سەیری بارودۆخی عێراق بە گشتی و هەرێمی کوردستانیان بەتایبەتی دەکرد. لە درێژەی سەردانەکەماندا، کۆبوونەوەیەک لە لیژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پەرلەمانی ئەورووپا ساز کرا. لە کۆبوونەوەکەدا وتارێکم پێشکەش کرد و بەوردی ڕوونکردنەوەم سەبارەت بە بارودۆخی عێراق و کۆسپ و ئاڵنگارییەکانی بەردەم بەرەوپێشەوەچوونی پرۆسەی سیاسی و دیموکراتی و پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و بەغدا پێشکەش کرد. لە کۆتاییی کۆبوونەوەکەشدا وەڵامی پرسیاری ئامادەبووان و پەرلەمانتارانم دایەوە.
سەردانەکە باش و سەرکەوتوو بوو و، کاریگەرییەکی بەرچاوی هەبوو لە بەرەوپێشبردنی پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و یەکێتیی ئەورووپا.
ڕۆژی ١٠ی ئایاری ٢٠٠٧، بەهۆی تەقینەوەکانی هەولێرەوە کۆتاییمان بە بەرنامەی سەردان و دیدارەکانمان لە بڕۆکسڵ هێنا و گەڕاینەوە کوردستان.

# چاپکراوی نوێ




لە چوارچێوەی زنجیرە کتێبی بارزان(٨) و لە یادی (٧٧) ساڵەی داستانی ئاراسدا، کتێبی (خەبات لەپشت پەردە ئاسنینەکانەوە) لە نووسینی (ڕەشید مەلا عەلی کۆلکی) بە (٣٠٠) لاپەڕە کەوتە بەردەستی خوێنەرانەوە. سەرەتای کتێبەکە بە وتەیەکی سەرۆك مسعود بارزانی دەست پێدەکات کە جەنابیان دەفەرموویت: (ڕەنج و ماندووبوونی هەڤاڵانی بارزانیی نەمر بۆ یەکێتیی سۆڤیەت، چ ئەوانەی شەهید و کۆچی دواییان کردووە، چ ئەوانەی لە ژیاندا ماون هەرگیز لەبیر ناچێتەوە، ئەوان بە خەباتی بێ وێنەی خۆیان مێژوویەکی پڕ لە شانازییان بۆ گەلەکەیان تۆمارکردووە).

مێژوو بابەتێکی ئەخلاقییە نەك زانستی، کۆکردنەوە و تۆمارکردن و گێڕانەوەی مێژوو، خستنە ڕووی ژیان و بیرەوەری و فەرهەنگ و بیروباوەڕی میللەتانە، خوێندنەوەی مێژوو مرۆڤ دەگەڕێنێتەوە بۆ ڕابردوو بە مەبەستی ئاشناکردن لەگەڵ هەموو ئەو کەسانەی ڕۆڵ و کاریگەری و پێگەیان هەبووە لە دروستکردنی مێژوودا، بۆیە ڕێڕەوە مێژووییەکەی بارزانیی نەمر و هەڤاڵانی بۆ یەکێتیی سۆڤیەت داستانێکە پێویستی بە خوێندنەوە هەیە، پەڕینەوە لە ئاراس داستانێکی فرەڕەهەند و فرە لایەنە، کە هەر لایەنێك هەڵگری مانا و ئامانجی گەورە و لەبن نەهاتووە و کۆی ئەو لایەن و بوارانە مێژووی میللەتێکی بن دەست و دابەش و پارچە پارچەکراو دەنەخشێنێت.

جەمال عەبدولناسر لە پێناسەیەکی بارزانیی نەمردا دەڵێت: (بارزانی مێژووی نوێ و کۆنی تێدا کۆبووەتەوە، بۆیە پێویستی بە خوێندنەوە هەیە). یەکێك لەو مێژووانە تۆمارکردن و دروستکردنی داستانی ئاراسە کە پێویستە بە داستانی سەدە ناوزەد بکرێت، بارزانیی نەمر و هەڤاڵانی بە دروستکردنی داستانی سەدە نەتەوەییەکیان لە مەترسیی لەناوچوون پاراست، بەڵام بە داخەوە بە کەمی لەسەری نووسراوە و کاریگەرییەکانی لێکدراونەتەوە.

پەڕینەوە لە ئاراس داستانێکە پێویستی بە توێژینەوە و لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندنێکی گشتگیر و ورد و هەمەلایەنە هەیە، بۆ ئەوەی نەوەکانی ئێستا بە تەواوی ئاگاداری ئەم داستانە مێژووسازەی گەلەکەیان بن، هەروەها ڕێز لە ناسنامەی کوردایەتیی بارزانیی نەمر و هەڤاڵە قارەمانەکانی بگیرێت، دواجار ئەم بەشە گرنگ و چارەنووسسازەی گەلەکەمان بە زیندوویی بهێڵدرێتەوە. دەستخۆشی لە ڕەشید مەلا عەلی کۆلکی نووسەری کتێبی (خەبات لەپشت پەردە ئاسنینەکانەوە) دەکەین.






(شۆڕشی ئەیلوول لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی فەرەنسادا ١٩٦١-١٩٧٦) ناونیشانی کتێبێکی دانسقەیە کە (وریا ڕەحمانی) کۆی کردووەتەوە و وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی. ئەم کتێبە لە بڵاوکراوەکانی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستانە، نووسەر لەبارەی ئەم کتێبەوە ئاماژە بەوە دەکات کە سەردانی چەندین وڵاتی کردووە و لە نزیکەوە بەدوای ئەرشیڤی ئەو وڵاتانەدا گەڕاوە، دواتر کە وەك پەنابەر هاتووەتە فەرەنسا سەردانی ئەرشیڤخانەکەی کردووە، لەوێ بەدوای ئەو بەڵگەنامانەدا گەڕاوە کە پەیوەست بووە بە کوردەوە، لە ئەرشیڤخانەکانیی وەزارەتی دەرەوە و سوپا و نیشتمانیی فەرەنسا کۆمەڵێك بەڵگەنامەی زۆری لە ساڵی ١٩١٥ تا ١٩٨٥ لەبارەی هەر چوار پارچەی کوردستانی دۆزیوەتەوە.

شۆڕشی ئەیلوول گەورەترین ڕاپەڕینی سیاسی و چەکداریی نادەوڵەتیی جیهان بووە لە ساڵەکانی شەستەکان و حەفتاکاندا، بەڵگەنامە لە ئەرشیڤخانەکانی ڕۆژئاواو و ئەمریکاو فەرەنسا زۆرن، بەڵام لە سەرەتاوە نووسەر ئەوانەی ئەمریکای وەرگێڕاوە.

ئەم بەڵگەنامانە لە هەموو شوێنێکدا بارزانی بە ڕابەری کورد ناودەبەن، باڵیۆزی فەرەنسا لە عێراق لە شوباتی ١٩٧١دا دەڵێت: ئەو سەرکەوتنەی کورد بەدەستیهێناوە لە خەباتەکەی لە پێناو ڕزگاریی نەتەوەییدا، یانی دروستکردنی کوردستانێکی ئازاد لە جیهاندا، هەروەها ئەم بەڵگەنامانەی فەرەنسا هێز و دەسەڵاتی بارەگای سەرکردایەتیی بارزانییان لە گوندی گەڵاڵە و ناوپردان و خستووەتە هاوشانی دەسەڵاتی کۆشکی سەرۆك کۆماریی عێراق و تەنانەت کۆشکی کرملین و دەیان جار دەڵێت گەڵاڵە ، بەغدا، تاران، مۆسکۆ.

کاتێ لەم کتێبە (٩٠٠) لاپەڕەییە دەڕوانین، کە (٣٠٠) بەڵگەنامە لە خۆدەگرێت، ئەو ڕاستییە درەوشاوەتان بۆ ئاشکرا دەبێت کە هەمیشە بە ئێستاوەش بەرژەوەندییەکان لە مافە سروشتییەکانی گەلانی چەوساوە و دروشم و پرەنسیپەکانی وڵاتان بەهێزترە، نووسەر لەنێو نزیکەی هەزار دانە بەڵگەنامە، دەربارەی شۆڕشی ئەیلوول تەنیا ئەوانەی هەڵبژاردووە کە دەیبینن، ناوەرۆکی هەندێ لەو بەڵگەنامانەی کورت کردووەتەوە و لە پەراوێزدا ئاماژەیان پێکراوە، ناوی کەسایەتییەکان بە هەمان شێوە نووسراوە کە فەرەنسییەکان گۆی دەکەن، هاوکات کۆمەڵێك تێبینی و ڕوونکردنەوەی لە ژێرنووسی لاپەڕەکاندا نووسیوە بۆ ئەوەی خوێنەر باشتر لە مەسەلەکە بگات.شۆڕشی ئەیلوول بوو کە بۆ یەکەم جار لە مێژوودا سەرجەم چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی باشووری کوردستانی یەکخست، هەروەها خەڵکی پارچەکانی کوردستانی بەو هەموو زاراوە و کولتوور و داب و نەریتە جیاوازەوە بە یەك ئاشنا کرد.

بەڵگەنامە ئورجیناڵەکان لە لاپەڕە (٧٢٣)ی کتێبەکەوە تا کۆتایی دانراون کە گوزارشت لەم شۆڕشە مەزنە و مێژووییەی کورد دەکەن بە سەرکردایەتیی مستەفا بارزانیی نەمر و ئازایەتیی کادیران و قوربانیدانی پێشمەرگە قارەمانەکانی ئەو شۆڕشە و پشتگیریی تەواوی چین و توێژەکانی کوردستان.






بەم دواییە کتێبی (تأريخ بدايات ثورة گولان ١٩٧٦/٥/٢٦) کە نووسەر و ڕۆژنامەنووس (ئەسعەد عەدۆ) بە کوردی نووسیویەتی و (بلّند داود) کردوویەتی بە عەرەبی، هەروەها (پرۆفیسۆر عەبدولفەتاح عەلی بۆتانی) پێشەکی بۆ نووسیوە و پێی داچووەتەوە لە دووتوێی (١٥٤) لاپەڕەدا چاپکرا.

ئامادەکار و دانەری ئەم کتێبە (ئەسعەد عەدۆ) مێژوونووس نییە، بەڵکو یەکێکە لەو پێشەنگانەی کە گرنگی و بایەخی زۆریان بە کەلەپوور و فۆلکلۆری کوردی و شیکردنەوەی داستان و گۆرانییە مێژووییەکانی کوردی داوە، لەم بارەوە سەرکەوتنێکی بەرچاو و ناوبانگێکی دیاری تۆمارکردووە، بەڵام لەبەر ئەوەی دەیان ساڵە لە بواری ڕۆژنامەگەریی کوردیدا کاردەکات، دەیان دیدار و چاوپێکەوتنی لەگەڵ ئەو کەسایەتییانەدا ئەنجام داوە کە بەشدارییان لە هەردوو شۆڕشی (١١ی ئەیلوولی ١٩٦١) و (گوڵان ٢٦ئایاری ١٩٧٦) دا کردووە، بۆیە زانیاریی پڕبەها و هەستیار و گرنگی، بەتایبەتی لەبارەی ڕووداو و نەبەردییەکانی شۆڕشی گوڵانی وەدەست هێناوە، کۆکردنەوەی ئەو هەموو بابەتە دیدار و چاوپێکەوتنانە هانی نووسەری داوە تا ئەم کتێبە بنووسێت.

کاتێ لە ناوەڕۆکی بابەتەکانی ئەم کتێبە ورددەبینەوە، وەسفێکی ڕاست و ڕاستەقینەی مەینەتیی پێشمەرگەکانی شۆڕشی گوڵانمان بۆ دەردەکەوێت، کە توانیان بە ئازایەتی و خۆڕاگریی خۆیان ئەو بەربەست و دیوارە ئاسنینە بڕوخێنن کە هەردوو دەوڵەتی عێراق و ئێران دروستیان کردبوو، بە مەبەستی لەناوبردنی یەکجارەکیی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەتایبەتی دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول لە ٦ی ئاداری ١٩٧٥ لە ئەنجامی ڕێککەوتننامە شوومەکەی ئەلجەزائیر.

ئەسعەد عەدۆ لەم کتێبەیدا، ستایشی هەوڵ و کۆششی سەربازانی نادیار دەکات کە کورد بە ویژدانەوە باسی نەکردوون، ڕۆمانسییانە و کاریگەرییانە و خەمناکانەوە لەسەری نووسیون، داواش دەکات لەبیریان نەکەن، ئاگایان لە کەس و کار و خێزانەکانیان بێت، نووسەر بە پشتبەستن بە چەند بەڵگەنامەیەکی زیندوو ئەوە دەسەلمێنێت کە شۆڕشی گوڵان درێژەپێدەری شۆڕشی ئەیلوولە، کە بۆ ماوەیەکی کاتی وەستا، بەڵام بواردرا تا بەهێزتر و کاریگەرتر دەست پێ بکاتەوە، ئەوە بوو بە هەوڵ و تێکۆشانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ٢٦ی ئایاری ١٩٧٦ بە گوڕوتینێکی بەرچاو هاتەوە مەیدانی خەباتی کوردایەتی و کوردستانی.

ئەم کتێبە سەرچاوەیەکی گرنگە بۆ هەر توێژەرێك کە لەبارەی شۆڕشی گوڵان بنووسێت یان لێکۆڵینەوە بکات، چونکە تژییە لە بەڵگەنامەگەلی زیندوو و زانیاریی بەشداربووانی پێشمەرگە سەرەتاییەکانی ئەو شۆڕشە، دەستخۆشی لە ستافی نووسین و وەرگێران و پێداچوونەوەی ئەم کتێبە دەکەین.




■ خاوەن ئیمتیاز
**شەوکەت شێخ یەزدین**
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
**فەرهاد محەمەد**
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نووسین
د.هێمن غەنی

■ سیاسەت و ناوخۆ:
ساڵح عومەر
شەماڵ نوری
د. شێبان فەرهاد
بەهادین جەلال

■ گشتی:
د.عادل حوسێن
ئارا عومەر
خەلیل بلەیی
سەنگەر شنۆیی
مەهدی حاجی ساڵح
کارزان کانەبی
ڕێبین ڕەمزی

■ بەڕێوەبەری کارگێری و دارایی:
سلێمان یاسین

■ بەڕێوەبەری هونەری:
شاخەوان جەعفەر

■ بەرگ:
لوقمان ڕەشیدی

■ وێنەگران:
کەماڵ ئاکرەیی
هاوکار ڕەحمان

بۆ ڕیکلام کردن پەیوەندی بکە بە:
Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com

چاپخانەی ڕۆکسانا - هەولێر

ناوونیشان: هەولێر -ڕووناکی / شەقامی ٤٠ مەتری

***Web: www.gulanmedia.com***

پ.د. شێرزاد نەجار



## دیموکراسیی ئەمریکا بەرەو کوێ دەچێت؟

دڵشاد میران :



## تەنیا سەرۆک بارزانی دەتوانێت لەناو ئەم هەموو بارگرژی و شەڕ و ئاشووبەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەرژەوەندییەکانی کورد بپارێزێت

مامۆستا مەلا عەلی عاسی :



## خاک و نیشتمان و نەتەوە لە ئایینی ئیسلامدا پیرۆزن و دەبێت هەموو گەلێک بەرگری و پارێزگارییان لێ بکات

دکتۆر ئەمین ئەلئیدریسی :



## تەکامولی ئابووری لەنێوان هەرێمی کوردستان و عێراق بە کلیلی چارەسەرکردنی کێشەکان و خێر و خۆشیی هەمووان دادەنرێت

خەیری بۆزانی :

**ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق نەک کارەساتی شنگالی بە جینۆساید نەناسیوە، بەڵکو قبووڵیان نەبوو گفتوگۆش لەسەر ئەو بابەتە بکەن**



**وردیلە کۆمپیوتەر و ئەرکی مەزن**



**ئایا برنجی قاوەیی لە برنجی سپی باشترە؟**





سامراند:

**کاری هونەری قوربانیی دەوێت**

شەهلا ئەسکەندەر :

**هانی کچان دەدەم بەشداری ئەم هونەرە جوانە بکەن**



شێنێ محەمەد :

**کارکردنی ئافرەت لە کۆمەڵگەی ئێمەدا شتێکی تازە نییە**








## پارتی ئامرازێک بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارێک

# چۆن دەوڵەت بونیاد بنێین؟
# چۆن ئەم نیشتمانە بەڕێوەبەرین؟

پارتی دیموکراتی کوردستان یەکەمین پارتی کوردستانییە کە لە هەناوی دەوڵەتێکدا لەدایک بووبێت، ئەویش کۆماری کوردستانە.
ڕێبەری ئەم پارتە کە «مستەفا بارزانی»یە، لە کاتی دامەزراندنی ئەم پارتەدا، سوپاسالاری کۆماری کوردستان بووە و ئەرکی سەرەکیشی پاراستنی ئەو کۆمارە بووە. هەر بۆیە بیرکردنەوەی لە دروستکردنی بەرەیەک فراوانتر لە «لیژنەی ئازادی» کە سەرکردایەتیی شۆڕشی دووەمی بارزانی کردبوو، بە ناوی پارتی دیموکراتی کوردستان، تەنیا بیرکردنەوە نەبووە لە دامەزراندنی پارتێکی سیاسی، بەڵکو ئامانجەکە دامەزراندنی بەرەیەکی کوردستانی بوو بۆ ئەوەی تەواوی حزبە سیاسییەکانی ئەو سەردەمە، سیاسەتمەدار، ئەفسەرە ئازادیخوازەکان، کەسایەتی و نوێنەرانی تەواوی خەڵکی کوردستان، لەناو ئەو بەرەیەدا خۆیان ببیننەوە و هێز و تواناکانیان یەک بخەن بۆ ئەوەی لە چوارچێوەی ئەو پلاتفۆرمە نیشتمانییەدا، بەرژەوەندییە باڵاکانی خاک و نیشتمان لە سەرووی بەرژەوەندیی حزب و خێڵ و گرووپەوە پێناسە بکرێتەوە و، کەموکورتییەکانی کۆماری کوردستان پڕبکاتەوە، بۆ ئەوەی بتوانرێت لە پرۆسەی بونیادنانی دەوڵەت و بەڕێوەبردنی ئەو دەوڵەتە سەرکەوتوو بین.
پارتی دیموکراتی کوردستان، چەمکێکە پێمان دەڵێت: «نەتەوە ژێردەستەکان لە قۆناغی ڕزگاریی نیشتمانیدا، پێویستیان بە فرەحزبی و پەرتەوازەیی نییە، بەڵکو پێویستیان بە یەکریزی و تەباییە لە چوارچێوەی بەرەیەکی نیشتمانیدا بۆ تێپەڕاندن و سەرکەوتن لە قۆناغی ڕزگاریی نیشتمانیدا.
لە مێژووی بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستانە، پارتی دیموکراتی کوردستان تەنیا بەرەی نیشتمانییە کە لە بەغدای پایتەخت و بە گرێدانی کۆنگرە و بە بەشداریی ٧٠ دەستەبژێر لە «سیاسەتمەداری حزبە جیاوازەکانی ئەو کاتی کوردستان، ئەفسەرانی ئازادیخواز، کەسایەتییە نیشتمانییەکان» دامەزراوە.
کاتێک یادی ساڵیادی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکەینەوە، تەنیا یادی دامەزراندنی حزبێکی سیاسی ناکەینەوە، بەڵکو لەسەر ئەو هزرە هەڵوەستە دەکەینەوە، کە ئامانجی ئەوەیە لە قۆناغی ڕزگاریخوازیی نیشتمانی تەبا و یەکگرتوو بین و، بەرژەوەندیی باڵای خاک و نیشتمان لە سەرووی هەموو بەرژەوەندییەکی حزبی و کەسییەوە بێت، دەوڵەتی سەربەخۆی خۆمان دابمەزرێنین و بیر لەوە بکەینەوە چۆن ئەم نیشتمانە بەڕێوەبەرین.

## ● پارتی پلاتفۆرمێکی کراوە بۆ باوەڕی ئازاد

لە چوارچێوەی باوەڕی ئازادی (الایمان الحر)، باوەڕدارانی بێ سنوور «Believers without borders» لە دایك دەبن، ئەمەش بەو مانایەی هەموو ئەوانەی لەناو ئەم پلاتفۆرمە ئازادەدا پێکەوە کۆدەبنەوە، هیچ ئایدیۆلۆژیەتێکی تایبەتی، یان دید و تێڕوانینێکی ئایینی، یان نەتەوەیی دیاریکراو، پێناسەیەکی پێشوەختە بۆ «باوەڕی باوەڕداران» ناکات.

ئەم باوەڕە بێسنوورە زەمینەی جۆرێك لە سۆفیگەرایی دێنێتە ئاراوە کە سیماکانی باوەڕی ئازاد لەناو گفتوگۆیەکی ڕۆحیدا بەرجەستە دەکات کە ناوکەوێتە چوارچێوەی ئایدیۆلۆژیەت و دید و تێڕوانینی ئایینی و نەتەوەیەکی دیاریکراوەوە، ئەمەش وەك ئەمانوئێل کانت دەڵێت، «ئایین و نەتەوە لە سنووری ئەقڵدا» پێناسە دەکرێت. ڕاشکاوانەتر ئایین هەر ئایینە، ئەوجا ئایینی زۆرینە بێت، یان کەمینە، نەتەوە هەر نەتەوەیە، ئەوجا یەك نەتەوە بێت، یان چەند نەتەوە بن و لەسەر خاکی نیشتمانێکی هاوبەش پێکەوە بژین.

باوەڕی ئازاد، ئەو ڕامانە هزرییەیە کە دیالۆگ لە نێوان ئایین و نەتەوە جیاوازەکان دروست دەکات و، کۆتایی بە شەڕ دەهێنێت و پێکەوەژیان و جیاوازییە نەتەوەیی و ئایینییەکان لە تەنیشت یەکتری بە زیندوویی دەهێڵێتەوە و ئاشتیی هەمیشەیی کۆمەڵایەتی لە نێوان جیاوازییەکانی کۆمەڵگە دروست دەکات.

جوانیی پلاتفۆرمە کراوەکەی پارتی دیموکراتی کوردستان وەك سەکۆیەك بۆ «باوەڕی ئازاد و باوەڕدارانی بێ سنوور» تەنیا ئەوەندە نییە کە تێکڕای ئایین و نەتەوە جیاوازەکانی کوردستان خۆیان لەناو ئەم پارتەدا وەك بەرەیەکی نیشتمانی دەبیننەوە، بەڵکو لەمە گرنگتر ئەوەیە ئەم پلاتفۆرمە چوارچێوەیەکی بۆ «باوەڕی بێ سنوور» و بۆ «خۆشەویستیی خاك و نیشتمان» دروست کردووە و خوێنی هەموو ئایین و نەتەوە جیاوازەکانی بۆ پاراستنی کوردستان وەك نیشتمانی هەمووان تێکەڵی یەکتری کردووە و، ڕێگەی سەرفرازی و ڕزگاریی ئەم نیشتمانەی ڕەنگرێژ کردووە. ئەو نەخشەیەی بە خوێنی ئاڵی تەواوی گەلی کوردستان ڕەنگرێژ کراوە، بووەتە نەخشەڕێگەی شۆڕش لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستان و، باوەڕی ئازادی «باوەڕدارانی بێ سنوور»ی تەواوی خەڵکی کوردستانە کە لەناو پلاتفۆرمی کراوەی پارتی دیموکراتی کوردستاندا بە سرووشتی لەدایك بووە.

«باوەڕدارانی بێ سنوور»، پێویستیان بە نیشتمانێکە پێشوازی لە «باوەڕی ئازاد» بکات، هەر ئەمەش وای کردووە کە پارتی دیموکراتی کوردستان هەر لە سەرەتای دامەزراندنییەوە هەوڵی داوە، ئەو پلاتفۆرمە کراوە بێت بۆ ئەوەی ئازادانە دیالۆگی «باوەڕی ئازاد» بەردەوام بێت و، باوەڕدارانی بێ سنووریش لەناو ئەم پلاتفۆرمەدا دیالۆگ لەسەر ئەوە بکەن، چۆن دەوڵەتێك (دەوڵەتی کوردستان) بونیاد بنێن کە پێشوازی لە هەموو ئەو باوەڕە ئازادانە بکات، پێشوازی لە جیاوازییە نەتەوەیی و ئایینییەکانی بکات و، نەفرەت لە شەڕ بکات و ئاشتی هەمیشەیی لەم نیشتمانە بەرقرار بکات.

## ● دەوڵەتی نیشتمانیی هاوچەرخ بەرهەمی باوەڕە ئازادەکانە

ئەزموونی سەرکەوتنی پرۆسەی بونیادنانی دەوڵەتی نیشتمانیی هاوچەرخ لە سەدەی بیستەمدا بەراورد بە شکستی دەوڵەتەکانی جیهان زۆر کەمن، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ژمارەی ئەو نەتەوانە کەمن کە هەوڵیان داوە، لە چوارچێوەی لاساییکردنەوەی سیستمی دەوڵەتی «کۆمۆنیستی و لیبراڵیی ڕۆژئاوا» بێنە دەرەوە و لەبەر ڕۆشنایی ئیرادەی نەتەوەکەی خۆیان سیستمێکی سیاسیی بونیاد بنێن کە نەتەوەکە خۆی دەوڵەتی پێ بەڕێوە بەرێت.

پرۆفسیۆر ئەندریاس ڤایمەر لە کتێبی «بونیادنانی نەتەوە: بۆچی هەندێك نەتەوە هاوشان دەڕۆن و سەردەکەون و هەندێکی دیکە شکست دێنن»، ئەو پرسیارە دەورووژێنێت کە «بۆچی لە بەلژیکا هەرێمی فلامی هوڵەندی زمان دەیەوێت لە هەرێمی والۆنی فەرەنسی زمان جیا ببێتەوە، بەڵام لە کانتۆنەکانی سویسرا، فەرەنسی و ئەڵمانی و ئیتاڵییەکان دەیانەوێت پێکەوە بژین؟» ڤایمەر بەو جۆرە وەڵامی ئەم پرسیارە داتەوە: «لەبەر ئەوەی

**پارتی دیموکراتی کوردستان یەکەمین پارتی کوردستانییە کە لە هەناوی دەوڵەتێکدا لەدایک بووبێت، کە ئەویش کۆماری کوردستانە.**

**نەتەوە ژێردەستەکان لە قۆناغی ڕزگاریی نیشتمانیدا، پێویستیان بە فرەحزبی و پەرتەوازەیی نییە، بەڵکو پێویستیان بە یەکریزی و تەباییە لە چوارچێوەی بەرەیەکی نیشتمانیدا**

**باوەڕی ئازاد، ئەو ڕامانە هزرییەیە کە دیالۆگ لە نێوان ئایین و نەتەوە جیاوازەکان دروست دەکات و، کۆتایی بە شەڕ دەهێنێت و پێکەوەژیان و جیاوازییە نەتەوەیی و ئایینییەکان لە تەنیشت یەکتری بە زیندوویی دەهێڵێتەوە**

**باوەڕی ئازادی «باوەڕدارانی بێ سنوور»ی تەواوی خەڵکی کوردستانە کە لەناو پلاتفۆرمی کراوەی پارتی دیموکراتی کوردستاندا بە سرووشتی لەدایک بووە**

ڕایەڵەیەکی نیشتمانی لە نێوان هۆڵەندی و فەرەنسییەکانی دەوڵەتی بەلژیکا بوونی نییە، هەتا پێکەوە گرێیان بداتەوە و هەردوو نەتەوە بەلژیکا بە نیشتمانی هاوبەشی خۆیان بزانن. بۆیە بەردەوام بەلژیکا مەترسیی لێکترازانی هەیە، بەڵام سویسرا ئەو مەترسییەی لەسەر نییە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ڕایەڵەیەکی نیشتمانی، باوەڕە ئازادەکانی نەتەوە جیاوازەکانی پێکەوە گرێ داوەتەوە و هەموویان سویسرا بە نیشتمانی هاوبەشی خۆیان دەزانن.

پارتی دیموکراتی کوردستان کە هەر لە دامەزراندنییەوە بۆ ئامانجی بونیادنانی دەوڵەت (دەوڵەتی کوردستان) خەباتی کردووە، پتەوکردنی ڕایەڵەی نیشتمانیی نێوان «باوەڕە ئازادەکان»ی نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی کوردستانی بە ئەولەوییەتی هەموو کارێکی سیاسی و جۆشدانی شۆڕش داناوە، هەموو کاتێکیش ئەگەر هەوڵێك هەبووبێت بۆ پچڕاندنی ئەو ڕایەڵە نیشتمانییەی نێوان نەتەوە جیاوازەکانی کوردستان، وەك هێڵی سوور لە قەڵەمی داوە و قبوڵی نەکردووە و هەڵوێستی نیشتمانییانەی لەسەر دەربڕیوە، هەروەك چۆن ساڵی پار دادگای فیدراڵیی عێراق «کۆتا»ی نەتەوە جیاوازەکانی کوردستانی لە پەرلەمانی کوردستان ڕەت کردەوە، لە بەرانبەردا پارتی دیموکراتی کوردستان لەناو هەموو ئەو هێزە سیاسییانەی بە خۆیان دەڵێن «کوردستانی»، بە تەنیا هەڵوێستی نیشتمانیی خۆی ڕاگەیاند، بەوەی ئەگەر کۆتای نەتەوە جیاوازەکانی کوردستان نەگەڕێنرێتەوە، ئەوا بایکۆتی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان دەکات و لەمەش زیاتر لە پرۆسەی سیاسیی عێراق و حکومەتی فیدراڵی دەکشێتەوە».

ئەم هەڵوێستەی پارتی دیموکراتی کوردستان بەرانبەر بە پێکەوەژیان و بە زیندوویی هێشتنەوەی جیاوازییە نەتەوەیی و ئایینییەکان لە کوردستان، چوارچێوەیەکە بۆ تێگەیشتن لەو هزرەی کە بڕوای بەوە هەیە، دید و تێڕوانینی نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی نیشتمان بە ئازادانە «باوەڕی بێ سنوور» بۆ خۆشەویستی ئەم نیشتمانە دروست دەکات. هەر بۆیە مستەفا بارزانی لە ڕێککەوتنی ئاداری ١٩٧٠ پێداگری لەسەر مافی تەواوی نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی کرد و کردنی بە بەشێك لەو ڕێککەوتنە مێژووییە، هەروەها سەرۆك مسعود بارزانی جیا لەوەی هەموو پشتیگری و پێداگرییەکی کرد بۆ ئەوەی مافی نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی کوردستان لە دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ی عێراق بچەسپێنێت، بۆ نووسینەوەی دەستووری کوردستانیش نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی کوردستانی سەرپشك کردووە، خۆیان مافەکانی خۆیان لە دەستووری داهاتووی کوردستاندا بنووسنەوە.

چوارچێوەی ئەم بیرکردنەوەیە کە لەناو فەزای سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستاندا ڕەنگدانەوەی هەیە، پاشخانەکەی دەگەڕێتەوە بۆ هزر «عەقیدە و فیکری بارزان» کە سەرۆك بارزانی بە «خوداناسی، خوداپەرستی، نیشتمانپەروەری» پێناسەی دەکات. ئەم سێ چەمکەی سەرۆك بارزانی لە تەنیشت یەکدی ڕیزی کردوون، تەواو تەواو ئەو سێ چەمکەیە کە کۆی هزری «باوەڕی ئازاد» پێناسەیان دەکات، ئەمەش بەو مانایەی باوەڕی ئازاد دیدوتێڕوانینی ئایینی، یان نەتەوە، یان ئایدیۆلۆژیەتێکی دیاریکراو سنوورداری ناکات و، بۆچوونی ئەم بەسەر ئەوی دیکەدا فەرز ناکات، بەڵکو جیاوازییەکان لە تەنیشتی یەك بە زیندوویی لەم نیشتمانە هاوبەشەدا دەهێڵێتەوە.

«کوردستانێکی بەهێز» ئەو دروشمەیە کە ئێستا پارتی دیموکراتی کوردستان لە پێناویدا خەبات دەکات، مەبەست لە «کوردستانێکی بەهێز» ئەوەیە کە ڕایەڵەی پێکەوەگرێدانەوەی جیاوازییە نەتەوەیی و ئایینییەکان پتەو و بەهێز بێت، بۆ ئەوەیە باوەڕە جیاوازە ئازادەکان، «باوەڕی بێ سنوور» بۆ خۆشەویستیی ئەم نیشتمانە بەرهەم بهێنێت و ئیرادەیەکی بێ سنوور بەرهەم بێت، کە پێکەوە دەوڵەتێکی نیشتمانیی هاوبەش بونیاد بنێنن، کە باوەڕە ئازادەکان بە نیشتمانی هاوبەشی خۆیانی بزانن.

### ● چۆن دەوڵەت بونیاد بنێین؟
### چۆن ئەم نیشتمانە بەڕێوە ببەین؟

بیرۆکەی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە بیرکردنەوەی مستەفا بارزانیدا، دامەزراندنی حزبێکی سیاسی نییە کە ئایدیۆلۆژیەتێکی دیاریکراو بەرهەم بهێنێت

**مستەفا بارزانی لە ڕێککەوتنی ئاداری ١٩٧٠ پێداگری لەسەر مافی تەواوی نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی کرد و کردنی بە بەشێک لەو ڕێککەوتنە مێژووییە**

**ژمارەی ئەو نەتەوانە کەمن کە هەوڵیان داوە، لە چوارچێوەی لاساییکردنەوەی سیستمی دەوڵەتی «کۆمۆنیستی و لیبراڵیی ڕۆژئاوا» بێنە دەرەوە و لەبەر ڕۆشنایی ئیرادەی نەتەوەکەی خۆیان سیستمێکی سیاسیی بونیاد بنێن**

**پارتی دیموکراتی کوردستان کە هەر لە دامەزراندنییەوە بۆ ئامانجی بونیادنانی دەوڵەت (دەوڵەتی کوردستان) خەباتی کردووە، پتەوکردنی ڕایەڵەی نیشتمانیی نێوان «باوەڕە ئازادەکان»ی نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی کوردستانی بە ئەولەوییەتی هەموو کارێکی سیاسی و جۆشدانی شۆڕش داناوە**

و بەسەر ئیرادەی گەل و نەتەوەدا فەرزی بکات، وەك لەو سەردەمە (لە چلەکانی سەدەی ڕابردوو») کە شێوازی دامەزراندنی حزبی سیاسی وا بووە، بەپێچەوانەوە لە هزری مستەفا بارزانیدا، پارتی دیموکراتی کوردستان تەنیا یەك ئەرکی هەبووە لە پێناویدا خەبات بکات، ئەویش ئەوەیە کە بەردەوام فەزای سیاسیی پارتی، وەرشەیەکی تەئویلی بێت بۆ دیالۆگی ئازاد لەسەر «ماف و داواکانی» تەواوی گەلی کوردستان و دووبارە داڕشتنەوەی سیاسەتێك بۆ ئەوەی «ماف و داواکان» لە چوارچێوەی بەرژەوەندیی باڵای گەلی کوردستان پێناسە بکاتەوە و، بەهاکانی نیشتمان بباتە سەرووی بەرژەوەندیی «حزب، خێڵ، گرووپ، کەس»ییەوە و، هەموو جیاوازییەکان پێکەوە گفتوگۆیەکی نیشتمانییانە بکەن بۆ ئەوەی بگەینە ئەو دەرەنجامەی «چۆن دەوڵەت بونیاد بنێین و چۆن ئەم نیشتمانە بەڕێوە بەرین؟».

لەناو هزر و بیرکردنەوەی مستەفا بارزانیدا، بەهاکانی خاك و نیشتمانی لە سەرووی دەسەڵاتی خۆیەوە سەیر کردووە. دەسەڵاتی بڕیاردانی چارەنووسسازی گێڕاوەتەوە بۆ ئیرادەی گەلی کوردستان، هەر وەك چۆن لە ساڵی ١٩٧٤ بڕیاری شەڕی سەپێندراوی ڕژێمی بەعسی قبووڵ کرد و شەڕ دەستی پێکردەوە، بەڵام ئەو مافەی بە خۆی نەدا، سازش لە ناسنامەی کوردستانیبوونی کەرکووك بکات، ئەمەش لەبەر ئەوەی تەنیا ئیرادەیەك بتوانێت بڕیار لەسەر چارەنووسی کوردستانیبوونی کەرکووك بدات، ئیرادەی گەلی کوردستانە و هیچ کەسێك ناتوانێت ئەو ئیرادەیە زەوت بکات، یان لەبری ئەو ئیرادەیە بڕیار بدات.

لەدوای ڕاپەرینی بەهاری ١٩٩١ و دوای ئەوەی بەرەی کوردستانی بڕیاری دا، لەگەڵ ڕژێمی سەدام و بەعس دەست بە گفتوگۆ و دانوستاندن بکەنەوە، سەرۆك مسعود بارزانی لەمیانەی سەرۆکایەتیکردنی شاندی بەرەی کوردستانی بۆ دانوستاندنەکانی لەگەڵ حکومەتی بەغدا و گەیشتن بە ڕێککەوتن لە چوارچێوەی ڕێککەوتننامەی ئاداری ١٩٧٠، ڕاشکاوانە بە شاندی دانوستانکاری بەغدای گوتبوو: «هەتا ئەگەر لەمیانەی ئەم دانوستاندنانە بگەینە ڕێککەوتنیش ئەمە ڕێککەوتنی کۆتایی نابێت و ئەم ڕێککەوتنە دەخرێتە بەردەم ڕای گشتیی خەڵکی کوردستان، ئەگەر ئەوان پەسەندیان کرد، دەبێتە ڕێککەوتنی کۆتایی». ئەم هەڵوێستەی سەرۆك بارزانی لەسەر هێشتنەوەی «ئیرادەی گەلی کوردستان بە زیندوویی» ڕاسپاردەی حزبەکانی ناو بەرەی کوردستانی نەبووە، بەپێچەوانەوە تێکڕای حزبەکانی بەرەی کوردستانی هەموو دەسەڵاتێکیان بە سەرۆك بارزانی دابوو، کە بە ناوی بەرەی کوردستانییەوە دانوستاندن بکات، بەڵام دووربینی و لۆژیکی سەرۆك بارزانی لەم پرسەدا، ئەوەیە کە دەبێت ئیرادەی گەلی کوردستان ڕێککەوتنەکە پەسەند بکات، ئەوەش لە بڕوابوونی بەڕێزیان بە فیکر و عەقیدەی بارزانەوە سەرچاوەی گرتووە، بەوەی کە دەبێت هەموو باوەڕە جیاوازەکان بەشدارییان هەبێت لە پرسێك کە پەیوەندی بە چارەنووس و شێوازی بەڕێوەبردنی ئەم وڵاتەوە هەیە.

لەدوای شکستهێنانی دانوستاندنەکانی بەرەی کوردستانی لەگەڵ بەغدا بۆ ڕێککەوتن لەسەر ڕێککەوتننامەی ئاداری ١٩٧٠، ڕژێمی بەعس دامەزراوەکانی دەوڵەتی لە کوردستان کشاندەوە، ئەمەش بەو ئامانجەی کە بۆشایی کارگێڕی لە شارەکانی کوردستان دروست بێت و پاشاگەردانیی سیاسی و کارگێڕی لێ بکەوێتەوە. لەم بارودۆخە ئاڵۆزەدا کە هەم بۆشایی کارگێڕی هەبوو، هەمیش ئیمکانیەتی دارایی زۆر کەم بوو، سەرۆك بارزانی لەناو بەرەی کوردستانی پێداگری لەسەر ئەوە کرد، کە دەبێت بەرەی کوردستانی بە «ئیرادەی گەلی کوردستان» ئەو بۆشاییە کارگێڕییانە پڕبکاتەوە، نەك بە دەسەڵاتی شۆڕشگێڕیی بەرەی کوردستانی، بۆیە داوای کرد، بەرەی کوردستانی پێشنیاری ئەنجامدانی هەڵبژاردن لە کوردستان پەسند بکات. دوای ئەوەی بەرەی کوردستانی پێشنیارەکەی سەرۆك بارزانی پەسەند کرد، بەڕێزیان ڕایگەیاند: «ئەمڕۆ خۆشترین ڕۆژی ژیانمە»، ئەمەش بەو مانایەی کە ئەمە ئەو ساتەیە کە جارێکی دیکە ئیرادەی گەلی کوردستان کەوتەوە سەرووی هەموو ئیرادەی حزب و ئیرادەی شۆڕشگێڕانەی بەرەی کوردستانییەوە.

**سەرۆک مسعود بارزانی جیا لەوەی هەموو پشتیگری و پێداگرییەکی کرد بۆ ئەوەی مافی نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی کوردستان لە دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ی عێراق بچەسپێنێت، بۆ نووسینەوەی دەستووری کوردستانیش نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی کوردستانی سەرپشک کردووە، خۆیان مافەکانی خۆیان لە دەستووری داهاتووی کوردستاندا بنووسنەوە**

**«کوردستانێکی بەهێز» ئەو دروشمەیە کە ئێستا پارتی دیموکراتی کوردستان لە پێناویدا خەبات دەکات، مەبەست لە «کوردستانێکی بەهێز» ئەوەیە کە ڕایەڵەی پێکەوەگرێدانەوەی جیاوازییە نەتەوەیی و ئایینییەکان پتەو و بەهێز بێت**

**بیرۆکەی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە بیرکردنەوەی مستەفا بارزانیدا، دامەزراندنی حزبێکی سیاسی نییە کە ئایدیۆلۆژیەتێکی دیاریکراو بەرهەم بهێنێت و بەسەر ئیرادەی گەل و نەتەوەدا فەرزی بکات**

**لە هزری مستەفا بارزانیدا، پارتی دیموکراتی کوردستان تەنیا یەک ئەرکی هەبووە لە پێناویدا خەبات بکات، ئەویش ئەوەیە کە بەردەوام فەزای سیاسیی پارتی، وەرشەیەکی تەئویلی بێت بۆ دیالۆگی ئازاد لەسەر «ماف و داواکانی» تەواوی گەلی کوردستان**

**لەناو هزر و بیرکردنەوەی مستەفا بارزانیدا، بەهاکانی خاک و نیشتمانی لە سەرووی دەسەڵاتی خۆیەوە سەیر کردووە. دەسەڵاتی بڕیاردانی چارەنووسسازی گێڕاوەتەوە بۆ ئیرادەی گەلی کوردستان**

**سەرۆک بارزانی لەناو بەرەی کوردستانی پێداگری لەسەر ئەوە کرد، کە دەبێت بەرەی کوردستانی بە «ئیرادەی گەلی کوردستان» ئەو بۆشاییە کارگێڕییانە پڕبکاتەوە، نەک بە دەسەڵاتی شۆڕشگێڕیی بەرەی کوردستانی، بۆیە داوای کرد، بەرەی کوردستانی پێشنیاری ئەنجامدانی هەڵبژاردن لە کوردستان پەسند بکات**

هەتا ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٩٢، بەرەی کوردستانی بەوە ڕازی بوو کە ڕێککەوتنی ئاداری ١٩٧٠ لە ژێر دروشمی «ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان و دیموکراتی بۆ عێراق» جێبەجێ بکرێت. سەرۆک بارزانی لە میانەی دانوستاندنەکانی لەگەڵ بەغدا ئەوەی پێی ڕاگەیاندبوون، دوای ئەوەی دەگەینە ڕێککەوتن، دوایین ڕێککەوتن ئەوەیە کە ئیرادەی گەلی کوردستان پەسەندی بکات، هەر بۆیە ویڕای ئەوەی لە ئامادەکارییەکان بۆ هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن کۆی حزبەکانی بەرەی کوردستانی دروشمی «قەبە و گەورەیان» بەرز کردەوە، بەڵام سەرۆک بارزانی بڕیاری دا، دروشمی پارتی دیموکراتی کوردستان هەر دروشمەکەی ڕێککەوتنی ئاداری ١٩٧٠ دەبێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە هەتا ئەو کاتە ئیرادەی گەلی کوردستان بریتی بوو لەو دروشمەی ڕێککەوتنی ئادار و دەبێت ڕێز لەو ئیرادەیە بگیرێت، هەر بۆیە ڕێگەی نە بە خۆی دا و نە بە پارتی دیموکراتی کوردستانیش کە دروشمێکی دیکە بەرز بکاتەوە و ئیرادەی گەلی کوردستان تێپەڕێنێت. هەر بۆیە هەر بەو دروشمەوە بەشداری هەڵبژاردنی کرد. دیارە ئامانجی سەرۆک بارزانی لەو هەڵبژاردنە بریتی بوو لەوەی:

- ئامانج لە ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٩٢ ئەوە نەبوو کە ئاکامەکەی ئەوە پیشان بدات، کام لایەنی سیاسی براوەیە و کام لایەنی سیاسی دۆڕاوە، بەڵکو ئامانجی سەرۆک بارزانی لەم هەڵبژاردنە ئەوە بوو، کە ئیرادەی گەلی کوردستان بۆ جیهان دەربکەوێت، کە ئیرادەیەکە دەتوانێت وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە «چۆن وڵاتی خۆمان بەڕێوە دەبەین؟»
- لەدوای ڕاگەیاندنی ئاکامی هەڵبژاردنەکانی ١٩٩٢ و بۆ ڕێکەوتن لەسەر شێوازی دامەزراندنی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان، سەرۆک بارزانی شێوازی سیستەمی حوکمڕانیی حکومەتی بە «پەنجا بە پەنجا» قبووڵ کرد، بەو مەرجەی ئاکامی هەڵبژاردن چۆنە وەک خۆی ڕابگەیەنرێت و، تەنیا لە حکومەت «پەنجا بە پەنجا» پیادە بکرێت و، پەرلەمان لەسەر بنەمای ئاکامەکانی هەڵبژاردن دابمەزرێت، بۆ ئەمەش ڕازی بوو، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان حکومەت پێکبهێنێت، بەو مەرجەی پەرلەمانی کوردستان ڕەنگدانەوەی ئیرادەی خەڵکی کوردستان بێت، ئەمەش ڕاشکاوانە مانای ئەوەیە، سەرۆک بارزانی ئەو مافەی هەیە کە سازش لەسەر مافەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بکات لە پرۆسەی حوکمڕانی، بەڵام ئەو مافەی بەخۆی نەدا، سازش لەسەر ئیرادەی خەڵکی کوردستان بکات، لە دامەزراندنی یەکەمین پەرلەمانی کوردستاندا.
- دوای دامەزراندنی پەرلەمانی کوردستان لەبەر ڕۆشنایی ئیرادەی گەلی کوردستان، هەر ئەو پەرلەمانەی کە ٥١ ئەندامی لە کۆی ١٠٠ ئەندام، فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان بوون، بڕیارە مێژووییەکەی فیدراڵییان دەرکرد.

ئەم پرەنسیپە وەک بناغەی «فیکر و عەقیدەی بارزان» کە بریتییە لە «ئیرادەی گەلی کوردستان» لای سەرۆک بارزانی پرەنسیپێکی نەگۆڕە و لە سەرووی هەموو ئیرادەیەکی دیکەوەیە و هەر بڕیارێك پەیوەندی بە چارەنووسی ئەم نیشتمانە و شێوازی بەڕێوەبردنی ئەم وڵاتەوە هەبێت، ئەوە پێداگریی سەرۆک بارزانی لەسەر ئەوەیە کە دەبێت چارەنووسی نیشتمان و بەڕێوەبردنی وڵات هەڵقوڵاوی ئیرادەی گەلی کوردستان بێت. ئەم پرەنسیپە لەسەر ئاستی پرۆسەی سیاسیی کوردستان و پرۆسەی سیاسیی عێراقیش لای لایەنە سیاسییەکان بە باشی تێی ناگەن، یان ناتوانن ئەوە بسەلمێنن کە دەبێت ملکەچی ئیرادەی گەلی خۆیان بن، هەر ئەمەش هۆکاری ئەوە بوو، زۆر بە باشی لەو پێداگرییەی سەرۆک بارزانی تێنەدەگەیشتن، کە دەیگوت: «بۆ دووبارە ڕێکخستنەوەی پەیوەندییەکانی هەرێم و بەغدا دەبێت بگەڕێینەوە، بۆ ئیرادەی خەڵکی کوردستان»، لەوانەیە لەسەر ئاستی عێراق و هەرێمی و نێودەوڵەتییش، ئەم بانگەشەیەی سەرۆک بارزانی بۆ گەڕانەوە بۆ «ئیرادەی خەڵکی کوردستان» وەک موزایەدەیەکی سیاسی سەیر کرابێت، نەك وەك پرەنسیپێك لە ویژدانی سەرۆک بارزانیدا کە سازشی لەسەر ناکرێت. بۆیە وەک بینیمان لە ئەیلوولی ٢٠١٧ پێش



ئەوەی پرۆسەی ڕیفراندۆم جێبەجێ بکرێت، گوشاری زۆریان بۆ سەرۆك بارزانی هێنا، بۆ ئەوەی ڕیفراندۆمەکە نەکرێت و دوابخرێت، بەڵام لەبەر ئەوەی هەموو گوشارەکان و هەروەها هەموو ئەو بەڵێنانەشی دەخرانە ڕوو، بۆ ئەوەی ڕیفراندۆم دوابخرێت، لە ئاستی ئەوە نەبوون، ئیرادەی خەڵکی کوردستان پەسەندی بکات، ئەمە وای کرد، سەرۆك بارزانی لە سەرووی هەموو شتێکەوە ڕێز لە ئیرادەی خەڵکی کوردستان بگرێت و بە هەموو جیهانی ڕاگەیاند: «نامەوێت شەرمەزاری میللەتی خۆم بم»، بۆیە ڕیفراندۆمەکە لە کاتی خۆی ئەنجام درا و جیهانیش بینییان ئیرادەی گەلی کوردستان چی دەوێت، بەڵام بەداخەوە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ڕێزی لە ئیرادەی خەڵکی کوردستان نەگرت و لەبری ئەوە گەمارۆیان خستە سەرمان و هێرشی سەربازییان کردە سەر هەرێمی کوردستان، کە ئەمەش پێچەوانەی دەستووری ٢٠٠٥ بوو، پێشێلکردنی ئەو دەستوورەش بوو.

ئەم مێژووە ئەوەمان پێ دەڵێت، پارتی دیموکراتی کوردستان وەك ئامرازێك بۆ دروستکردنی زەمینەیەك دامەزراوە، بۆ ئەوەی گەلی کوردستان بڕیار لەسەر چارەنووس و شێوازی بەڕێوەبردنی ئەم وڵاتە بدات. ڕاشکاوانەتر پرەنسیپی نەگۆڕ لە سیاسەتی پارتی دیموکراتی کوردستان، دەرکەوتنی ئیرادەی ئازادی گەلی کوردستانە و پارتی بڕوای بەوەیە تەنیا ئیرادەی گەلی کوردستان توانای بونیادنی دەوڵەتی هەیە و هەر ئەو ئیرادەیەش توانای بەڕێوەبردنی ئەو دەوڵەتەی دەبێت.

**سەرۆک بارزانی ئەو مافەی هەیە کە سازش لەسەر مافەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بکات لە پرۆسەی حوکمڕانی، بەڵام ئەو مافەی بەخۆی نەدا، سازش لەسەر ئیرادەی خەڵکی کوردستان بکات، لە دامەزراندنی یەکەمین پەرلەمانی کوردستاندا**



# سێگۆشە سیاسییەکەی بارزانی شەراکەت.. هاوسەنگی..سازان



**د.عەرەفات کەرەم ستونی**
ڕاوێژکاری سەرۆك بارزانی بۆ کاروباری بەغدا

بۆ گوڵانی نووسیوە

کاتێك سەرۆك بارزانی باسی سیاسەت دەکات، لە شارەزاییەکی زۆر قووڵ و ئەزموونێکی پاڵاوتە و کاروانێکی درێژخایەن لە خەباتی چەکداری و سیاسیدا دەست پێدەکات، هەر بۆیە پێشبینییەکانی سەبارەت بە ناوچەکە بەگشتی و عێراق و کوردستان بەتایبەتی، دروست و وردن.

ئەگەر بەدواداچوونم بۆ ئەو پێشبینییانە بکردایە، پێویستم بە وتارێکی دیکە دەبوو، بەڵام ئاساییە ئاماژە بە نموونەیەك بکەین لە کۆنگرەی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی لە لەندەن لە ساڵی ٢٠٠٢، دوای خوێندنەوەی بەیاننامەی کۆتایی، بارزانی داوای لە کۆنگرەکە کرد، وتارێکی کورت پێشکەش بکات بۆ هۆشداریدان لە کەشوهەوای باوی کۆنگرەکە، وەك سەرۆك هەستی کرد کە بۆچوونی زۆربەی سیاسەتمەدارانی عێراق، بەتایبەتی شیعە، بریتی بوو لە تۆڵەسەندنەوە، بەڕێزیان لە وتارەکەیدا گوتی: «برایان، ڕەنگە کەسی دیکە نەوێرێت قسەی لەو شێوەیە بکات، بەڵام من پێتان دەڵێم کە بۆچوونێك هەیە بەرەو ڕۆحی تۆڵەسەندنەوە لە کاتی گەڕانەوە بۆ عێراق دوای ڕووخانی ڕژێم، ئەگەر هەر یەکێك لە ئێمە تۆڵەی ئەوانە بکەینەوە کە لە دەستمان داون، چی لە وڵات دەمێنێتەوە؟ ڕێگەم بدەن باسی خۆم بکەم، سی و حەوت کەس لە بنەماڵەکەم، هەشت هەزار لە عەشیرەتەکەم و زیاتر لە سەد و هەشتا هەزار لە نەتەوەی خۆم لەدەست داوە، ئەگەر هەمان ژمارە لە بنەماڵەی سەدام و عەشیرەتەکەی و گەلەکەی بکوژم، پێم بڵێن چارەنووسی وڵات چی دەبێت؟ با لەسەر جێبەجێکردنی

**سەرۆک بارزانی جەختی لەوە کردەوە کە عێراقی نوێ دەبێت لەوەی پێشتر جیاواز بێت، لەوەتەی دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق لە ساڵی ١٩٢١ـەوە تا ڕووخانی ڕژێمەکەش، خەڵکی کوردستان سەقامگیری و ئاشتییان بە خۆیانەوە نەدیوە، ئەمەش دەرفەتێکی زێڕینە بۆ گەلی کوردستان کە ئارامی و سەقامگیری و ژیانی ئاسوودەیی لە ژێر چەتری عێراقی نوێدا ببینن**

**دوای تێپەڕبوونی چەند ساڵێک، بەتایبەتی لە خولی دووەمی حوکمڕانیی مالیکیدا سیاسەتی دوورخستنەوە و پەراوێزخستن دەستی پێکرد**

دادپەروەری ڕێک بکەوین، دەستنیشانکردنی تاوانباران بۆ ئەوەی ڕەوانەی دادگایان بکەین، بەڵام گوناهی کرێکار و پۆلیس و فەرمانبەر چییە ئەگەر سەر بە بەعس بووبن؟»، گوتیشی»هەندێك چەپڵەیان بۆ وتارەکەم لێدا، هەندێکی دیکە ڕەتیان کردەوە، هەندێکی دیکەش بێدەنگ بوون. دوای ڕووخانی ڕژێم، بە ئامۆژگارییەکانی منەوە پابەند نەبوون، تۆڵەسەندنەوە دەستی پێکرد، زۆر کەسی بێتاوان کوژران، تەسفیەکردنی تائیفی دەستی پێکرد و زیندانەکانی عێراق پڕکران لە ئەندامانی پێکهاتەی سوننە، تا ئێستاش تائیفییەت لە وڵاتدا گەشە دەکات و ناتوانرێت کۆتایی پێ بێت، بەتایبەتی دوای دەرکردنی یاسای تائیفی کە پێکهاتەی نیشتمانیی هەڵوەشاندەوە».

دوای ڕووخانی ڕژێم، سەرۆك بارزانی بە خۆشی و شانازییەوە گەڕایەوە بەغدا و بەشداریی لە نووسینی دەستوور و دامەزراندنی پرۆسەی سیاسیدا کرد. کاتێك پاسپۆرتی عێراقیی بەدەست هێنا لە وتارێکی زۆر کاریگەردا گوتی: «بۆ یەکەمجار هەست بە عێراقیتیی خۆم دەکەم». سەرۆك بارزانی جەختی لەوە کردەوە کە عێراقی نوێ دەبێت لەوەی پێشتر جیاواز بێت، لەوەتەی دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق لە ساڵی ١٩٢١ـەوە تا ڕووخانی ڕژێمەکەش، خەڵکی کوردستان سەقامگیری و ئاشتییان بە خۆیانەوە نەدیوە، ئەمەش دەرفەتێکی زێڕینە بۆ گەلی کوردستان کە ئارامی و سەقامگیری و ژیانی ئاسوودەیی لە ژێر چەتری عێراقی نوێدا ببینن.

**کاتێک بەڕێز مالیکی پرۆژەکەی خستەڕوو، کە ناوی «زۆرینەی سیاسی» لێنا بوو، ئێمە ڕەتمان کردەوە، چونکە پرۆژەکە لە کۆتاییدا سەرەنجام بەرەو پرۆژەیەکی تائیفی دەچوو**

لەبەرئەوەی عێراق وڵاتێکی هەمەچەشن و فرەکەلتوورییە و لە نەتەوە و ئایین و مەزهەبی جۆراوجۆر پێك هاتووە، بۆیە دەبێت پرۆسەی سیاسی بە دروستی بەڕەوپێش بچێت، واتە هیچ لایەنێك، گرنگ نییە پێگەی خۆی چەندە بەرز بێت، یان پێگەی خۆی، یان گرووپ، یان پێکهاتە، یان حزبەکەی بەرز بێت، تەنانەت ئەگەر زۆرترین کورسیی پەرلەمانیش بەدەست بهێنێت، بتوانێت بە تەنیا دەسەڵاتیش بەدەستی بێت. لێرە سەرۆك بارزانی پرۆژەی سیاسیی نیشتمانیی خۆی خستەڕوو، کە ناوی لێنا «سێگۆشەی سیاسی»، کە لە سێ پایە پێك دێت.

١- شەراکەت.
٢- هاوسەنگی.
٣- سازان.

پایەی یەکەم کە شەراکەتە، یەکێکە لە پایە گرنگەکان، چونکە جیاوازی هەیە لە نێوان بەشداریکردنت لە حکومەت بۆ بەدەستهێنانی چەند وەزارەتێکی دیاریکراو، لەگەڵ بەشداریکردن لە بڕیاردان و لەسەر پرسە ستراتیژی و نیشتمانی و چارەنووسسازەکان کە بیگریتە بەر. لە ڕابردوودا وەزارەتگەلێکی دیاریکراویان لە حکومەتدا بە کورد دەدا، بەمەبەستی پێدانی شەرعییەتی نیشتمانی بە ڕژێم، بەشداریش نەبوون لە پرسە ستراتیژی و چارەنووسساز و نیشتمانییەکان، لە بڕیاردان و جێبەجێکردنی تایبەت بە گەلی کوردستاندا، بۆ نموونە کەسایەتیی کوردی کۆچکردوو (تەها محیەدین مەعروف) وەربگرین، کە لە سەردەمی ئەحمەد حەسەن بەکر لە ساڵی ١٩٧٥ بە جێگری سەرۆك کۆمار دەستنیشان کرا، تا ڕووخانی ڕژێم لە پۆستەکەیدا مایەوە، واتا بیست و هەشت ساڵ ئەو پۆستەی بە دەستەوە بوو. ئایا تەها محیەدین چی پێشکەشی گەلی کوردستان کرد؟ ئەم پۆستە باڵایە بۆ ئەوە بوو کە شەرعییەت بدات بە ڕژێمی بەعس، بەوەی کە نوێنەرایەتیی ڕژێمێکی نیشتمانی دەکات، بە دەربڕینێکی دیکە ئەم پۆستە یەکەم جار سوودی بۆ ڕژێم هەبوو، دووەمیش بۆ خودی کەسەکە.

سەبارەت بە پایەی دووەمیش، کە هاوسەنگییە، ئەمەش بە مانای بوونی کورد لە هەموو دامودەزگاکانی دەوڵەتدا نەك تەنیا لە حکومەتدا، لە سەرەتای عێراقی نوێدا و لە کاتی پێکهێنانی حکومەتەکاندا، ئاراستەکە لە جێبەجێکردنی پرەنسیپی شەراکەت دروست بوو، کوردمان لە زۆربەی دامودەزگاکاندا بە گوێرەی قەبارەی خۆیان دەبینی، بەڵام دوای تێپەڕبوونی چەند ساڵێك، بەتایبەتی لە خولی دووەمی حوکمڕانیی مالیکیدا سیاسەتی دوورخستنەوە و پەراوێزخستن دەستی پێکرد، سەرۆك ئەرکانی سوپا لە پشکی کورد بوو، پۆستەکەشی بۆ ئەوانی دیکە چوو، بەم جۆرە سیاسەتی دوورخستنەوە لە دامەزراوە سەربازییەکاندا

**ئێمە نەگەیشتووینەتە قۆناغی دەوڵەتی نیشتمانی، بەڵکو هێشتا لە قۆناغی دابەشبوونی تائیفی و پێکهاتەیی و نەتەوەیی و حزبیداین**

دەستی پێکرد، نەك تەنیا بەرانبەر بە کورد، بەڵکو تەنانەت دژی سوننەش بە هەمان شێوە، کە دەبینی وەزارەتێکی تەواو نە کوردی تێدایە نە سوننە، لە کاتێکدا هیچ هاوسەنگییەك لە دامودەزگاکانی دەوڵەتدا نامێنێت، ئینتیما لاواز دەبێت، تەنانەت ڕەنگە نەشمێنێت، ئەمڕۆش هاووڵاتیانی کوردستان هەست دەکەن کە نامۆن لە دەوڵەتی عێراقدا و شەریك نین .

کاتێك بەڕێز مالیکی پرۆژەکەی خستەڕوو، کە ناوی «زۆرینەی سیاسی» لێنا بوو، ئێمە ڕەتمان کردەوە، چونکە پرۆژەکە لە کۆتاییدا سەرەنجام بەرەو پرۆژەیەکی تائیفی دەچوو، چونکە ئەندامانی هەر پێکهاتەیەك دەنگی بە تائیفەکەی خۆی دەدا و ئەمەش واقیعەکەیە، دەنگدەرانی شیعە دەنگ بە کاندیدە شیعەکانیان دەدەن و لە ڕووی واقیعییەوە زۆرینە پێك دەهێنن، بۆیە لە ڕاستیدا زۆرینەی سیاسی زۆرینەی تائیفییە، سوننە و کوردیش هەر بەم شێوەیە. چونکە ئێمە نەگەیشتووینەتە قۆناغی دەوڵەتی نیشتمانی، بەڵکو هێشتا لە قۆناغی دابەشبوونی تائیفی و پێکهاتەیی و نەتەوەیی و حزبیداین، هەرکات گەیشتینە قۆناغی دەوڵەتی نیشتمانی و دیموکراسی، باشترین پرۆژە بۆ سەرکەوتنی پرۆسەی سیاسی زۆرینەی سیاسییە، چونکە دەوڵەتی نیشتمانی لەسەر بنەمای ئایینی و تائیفی و نەتەوەیی مامەڵە لەگەڵ هاووڵاتیانی خۆیدا ناکات، بەڵکو دادنی پێدا دەنێت و ڕێز لە تایبەتمەندییە سرووشتییەکانی دەگرێت و دەیپارێزێت، فرەچەشنیی کەلتووری و ئایینی و نەتەوەیی ڕوویەکی شارستانییانەی هەر وڵاتێکە و توخمێکی بەهێزی ئەو وڵاتەیە، ئەگەر کەسێك هەبێت کە حیکمەتی هەبێت لە قۆستنەوەی بە شێوازی سرووشتی و دروست و ساغڵەمدا.

پایەی سێیەم و کۆتایی سازانە، ئەم پایە بۆ وڵاتێك کە لە یەك نەتەوە و یەك ئایین پێك هاتبێت، ناگونجێت، بەڵکو تەنیا بۆ ئەو وڵاتانەیە کە فرە نەتەوە و ئایین و تایفە و مەزهەبن، وەك عێراق، سووریا، لوبنان، تورکیا و ئێران، بۆ ئەو وڵاتانە گونجاوە، چونکە پشتبەستن تەنیا بە بۆچوونی زۆرینە نادادپەروەرییە دەرحەق بە کەمینەکان، بۆ نموونە لە عێراقدا ئەگەر پشت بە کورسییەکانی پەرلەمان ببەستین، کورد ناتوانێت مافە دەستوورییەکانی خۆی بەدەست بهێنێت، لە کاتی دەرکردنی یاسادا ناتوانرێت پشت بە کورسییەکانی پەرلەمان ببەسترێت، بەڵکو دەبێت ئامادەکارییەکی سیاسی هەبێت کە پێش دانیشتنی پەرلەمان بێت، واتە پێویستە بۆچوونی گەلی کوردستان، هەروەها بۆچوونی سوننە بزانرێت، دیسان بۆچوونی پێکهاتەکانی دیکەی گەلی کوردستانیش بزانرێت، تاکو وڵات سەقامگیر بێت و هیچ پێکهاتەیەك هەست بە پەراوێزخستن و ستەم نەکات.

لێرەدا سەرۆك بارزانی جەختی لە پێویستیی ڕەچاوکردنی پرەنسیپی سازان کردەوە، چونکە ئەم وڵاتە کۆلۆنیالیزمی ڕۆژئاوا (بەریتانیا و فەرەنسا) لە ساڵی ١٩٢١ دروستی کردووە، گەلانی عێراقیش بە بڕیارێکی دەستەجەمعی لە دانیشتنێکی دۆستانەدا دروستیان نەکردووە، بەڵکو کۆلۆنیالیزمی ڕۆژئاوا ستەمی لە خەڵکی کوردستان کرد، کاتێك لە ساڵی ١٩٢٤ ڕیفراندۆمێکی ناڕەوا و هەڵبژاردنێکی تاڵی بەسەردا سەپاند، بەوەی کە «دەتانەوێت بچنە ناو تورکیا، یان دەتانەوێت بچنە ناو عێراقەوە»؟ وەك گەلانی سەربەخۆی دیکە بەپێی پەیماننامە و یاسا نێودەوڵەتییەکان کە سەربەخۆ بوون، گەلی کورد مافی چارەی خۆنووسینی پێ نەدرا، هەر بۆیەش دەبێت پرەنسیپی سازان لە پرسە ستراتیژی و نیشتمانی و چارەنووسسازەکاندا جێبەجێ بکرێت، بۆ ئەوەی کەس قۆرخکاریی دەسەڵات نەکات، کەسیش بوێریی نەبێت ناسنامەی دەوڵەت بگۆڕێت، بەڕاستی جێگەی داخە کە ئەم پرەنسیپە وەك پرەنسیپەکانی پێش خۆی جێبەجێ نەکرا، بەڵکو پشتگوێ خرا، تا ئەو ڕادەیەی بە پەراوێزخستنی ئەم سێ پرەنسیپە (سێگۆشەی سیاسی) پرۆسەی سیاسی تێك دەچێت و لاواز دەبێت، وڵاتیش دوا دەکەوێت و پاشەکشە دەکات، بە هیچ شێوەیەك پرۆسەی سیاسی سەر ناگرێت، هەرگیز وڵاتیش سەقامگیر نابێت، ئەگەر هەموو لایەنە سیاسییەکان بەم پرەنسیپە سیاسییەوە پابەند نەبن. لەوەش خراپتر سەرهەڵدانی کۆمەڵێك کەسە کە تازە بە سیاسەت ئاشنا بوون، هیچ لەم کە پرەنسیپانە

**دەوڵەتی نیشتمانی لەسەر بنەمای ئایینی و تائیفی و نەتەوەیی مامەڵە لەگەڵ هاووڵاتیانی خۆیدا ناکات، بەڵکو دادنی پێدا دەنێت و ڕێز لە تایبەتمەندییە سرووشتییەکانی دەگرێت و دەیپارێزێت**

**سەرۆک بارزانی جەختی لە پێویستیی ڕەچاوکردنی پرەنسیپی سازان کردەوە، چونکە ئەم وڵاتە کۆلۆنیالیزمی ڕۆژئاوا (بەریتانیا و فەرەنسا) لە ساڵی ١٩٢١ دروستی کردووە، گەلانی عێراقیش بە بڕیارێکی دەستەجەمعی لە دانیشتنێکی دۆستانەدا دروستیان نەکردووە**

**سەرۆک بارزانی لە ساڵی ٢٠١٠ دەرکی بە مەترسیی دۆخی عێراق کرد، کاتێک هۆشدارییەکی بڵاو کردووە کە عێراق بەرەو دارمان و دیکتاتۆریەت دەڕوات**

نازانن و گرنگی بە دەستوور نادەن و ڕێز لە خەباتی ئەو سەرکردانە ناگرن، کە هەموو ژیانیان کردە قوربانی لە پێناو عێراقی نوێدا، هیچیش لەبارەی مێژووی سیاسیی عێراقەوە نازانن، ئێستاش لە پێشەنگی گۆڕەپانی سیاسیدان و گەیشتوونەتە قۆناغی بێبایەخی، کە بچووک شوێنی گەورەی گرتووەتەوە .

سەرۆک بارزانی لە ساڵی ٢٠١٠ دەرکی بە مەترسیی دۆخی عێراق کرد، کاتێک هۆشدارییەکی بڵاو کردەوە کە عێراق بەرەو دارمان و دیکتاتۆریەت دەڕوات. هەر لەو کاتەدا گوتی: «گەلی کوردستان چی بکەن دوای ئەوەی ئومێدیان بە عێراقی نوێ لەدەست داوە؟ ئایا دوای بەسەربردنی دەیان ساڵ لەسەر ئەم ڕێگەیە، جارێکی دیکە دەگەڕێتەوە بۆ خەباتی چەکداری؟ یان دوور لە خەباتی چەکداری چارەسەرێکی دیکە هەیە؟» هەر بۆیە سەرۆک بارزانی بیرۆکەی ڕیفراندۆمی وەک چارەسەرێکی ئاشتییانە بۆ ئەم پەیوەندییە گرژییەی نێوان بەغدا و هەولێر خستەڕوو.

لە ساڵی ٢٠١٥ سەرۆک بارزانی لەگەڵ شاندێکی باڵای کوردستان سەردانی واشنتۆنی کرد و لەگەڵ سەرۆک باراک ئۆباما کۆ بووەوە و ڕاشکاوانە قسەی لەگەڵیدا کرد سەبارەت بە مافی سرووشتیی گەلی کوردستان بۆ سەربەخۆیی، ئۆباما گوتی: «من لە ئامانجی گەلی کوردستان لە سەربەخۆیی تێدەگەم»، دواتر گوتی: «دۆسێی کورد لای جۆ بایدنی جێگری سەرۆکە، پاشان سەرۆک بارزانی لەگەڵ بایدن کۆبووەوە، جۆن بایدن پێی گوت: «من و تۆ، هەردووکمان لە ژیانمان و بە چاوی خۆمان سەربەخۆیی کوردستان دەبینین»، جۆن بایدن بوو بە سەرۆک کۆمار و هیچ نەهاتە دی و لە کێبڕکێی سەرۆکایەتی کشایەوە. بە بڕوای من بابەتەکە پەیوەندی بە کەسایەتییەکانەوە نییە، بەڵکو پەیوەندی بە دامەزراوە فەرمییەکانی ئەمریکاوە هەیە، هەر کاتێک بەرژەوەندییان بۆ گەیشتن بە سەربەخۆیی بینی، ئەوە لە شەو و ڕۆژێکدا بەدەست دێت، وەک ئەوەی لە تەیمووری ڕۆژهەڵات ڕووی دا.

لە ساڵی ٢٠١٦ سەرۆک بارزانی لەگەڵ شاندێکی باڵای کوردستان سەردانی بەغدای کرد بۆ گفتوگۆکردن لەسەر داهاتووی پەیوەندیی نێوان بەغدا و هەولێر، بەڵام وەک هەمیشە هەمووان بەڵێن دەدەن کە کێشەکان چارەسەر بکەن، هەمووان ڕازی دەبن، دواتر کەی شاندی کوردستان دەگاتەوە هەولێر، ڕەنگە لە ڕێگەدا ڕێککەوتنەکان دابڕمێن و لایەنەکان دەستبەرداری بەڵێنەکانیان بن. گومانی تێدا نییە کە دەستتێوەردانی دەرەکییە کە ئەم پەیوەندییانە گرژ دەکات. وڵات پێویستی بە سەروەرییەکی ڕاستەقینە هەیە، دەبێت ڕۆژێک بێت کە عێراقییەکان خۆیان بڕیار لە داهاتوویان بدەن و بڕیار بدەن کێ دەبێتە سەرۆک وەزیران و سەرۆکی کۆمار و سەرۆکی پەرلەمان، بە هۆی ئەم دەستتێوەردانانەی دەرەکییەوە، هەمیشە پێکهاتنی سێ سەرۆکایەتییەکە دوا دەکەوێت، هۆکاری دیکەش هەیە لێرەدا بواری باسکردنیان نییە.

سەرۆک بارزانی ڕای بوو کە کاتی هاتووە لەگەڵ گەلەکەی ڕاشکاو بێت، بۆ ئەوەی بزانن بەغدا نایەوێت کێشەکان چارەسەر بکات، دەستووریش جێبەجێ ناکات، مەگەر بە شێوەیەکی لێبڕاو نەبێت، ئەوەی کە خەڵکی کوردستان بەدەستی هێناوە هیچ بەهایەکی نییە لە بەرانبەر ئەو خوێنە پاکەی کە لە پێناو ئازادی و دادپەروەریدا ڕژاوە. ئێمە خەباتمان بۆ پۆست و دەستکەوت نەکردووە، بەڵکو خەباتمان کردووە بۆ دۆزی گەلێک و نیشتمانێک و کەلتوورێک و مێژوویەک و زمانێک، بەڕاستی شەرمەزارییە کە خەباتی دوور و درێژی مێژوویی ئێمە بۆ هاتنی مووچە لە بەغداوە بە شێوەیەکی زۆر شەرمەزارانە بێت، وەک ئەوەی ئێمە ڕووباری خوێنمان بۆ مووچە دابێت، هەر بۆیەش بارزانی پێی باش بوو گەلی کوردستان بڕیار لە چارەنووسی خۆیان بدەن. ئەوە مافی هەر گەلێکە کە چارەنووسی خۆی دیاری بکات، ئەمەش پێچەوانەی هیچ ئایین و یاسا و دەستوورێک نییە، کە ئێمە یەکگرتوو بووین لەگەڵ عێراقدا بە زۆری و زۆرەملێ و ستەم، لە دیباجەی دەستووردا هاتووە: پابەندبوون بەم دەستوورە یەکێتیی گەل و خاک و سەروەریی عێراق دەپارێزێت، بۆیە لە ٧ی حوزەیرانی ساڵی ٢٠١٧، سەرۆکایەتیی هەرێم و لایەنە کوردستانییەکان و نوێنەرانی پێکهاتەکان بڕیاریان

**سەرۆک بارزانی لەگەڵ بایدن کۆبووەوە، جۆن بایدن پێی گوت: «من و تۆ، هەردووکمان لە ژیانمان و بە چاوی خۆمان سەربەخۆیی کوردستان دەبینین»**

**شەرمەزارییە کە خەباتی دوور و درێژی مێژوویی ئێمە بۆ هاتنی مووچە لە بەغداوە بە شێوەیەکی زۆر شەرمەزارانە بێت، وەک ئەوەی ئێمە ڕووباری خوێنمان بۆ مووچە دابێت**

**کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ددانی بە خواستی خەڵکی کوردستاندا نا بۆ سەربەخۆیی، بەڵام پشتگیریی نەکرد، بەڵکو کار گەیشتە ئەوەی دوژمنایەتیی ئەم گەلە تێکۆشەرە بکەن کە بە درێژایی مێژوو ستەمی لێ کراوە**




دا ڕۆژی ٢٥ی ئەیلوولی ساڵی ٢٠١٧ دیاری بکرێت، بۆ ئەوەی بە فەرمی ڕیفراندۆمی کوردستان ئەنجام بدرێت، چونکە پێشتر لە ساڵی ٢٠٠٥ ڕیفراندۆمێکی نافەرمیمان ئەنجام دابوو، کە دوا ڕیفراندۆم ڕێژەی ٩٨,٨ی بەدەست هێنا، و لە دووەم ڕیفراندۆمی فەرمیدا ڕێژەی ٩٢,٧٣ی وەرگرت، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ددانی بە خواستی خەڵکی کوردستاندا نا بۆ سەربەخۆیی، بەڵام پشتگیریی نەکرد، بەڵکو کار گەیشتە ئەوەی دوژمنایەتیی ئەم گەلە تێکۆشەرە بکەن کە بە درێژایی مێژوو ستەمی لێ کراوە.

هیچ داهاتوویەکی گەش بۆ عێراق نابینم، هەرچەندە لایەنە سیاسییەکان هەوڵ بدەن، دەستتوەردانی دەرەکی ڕوونە، دەرکردنی یاسای تائیفی بەردەوامە، دەرکردنی بڕیاری ناڕەوا دژ بە پێکهاتەکان ڕوونە، دەرکردنی بڕیارەکان دەرحەق بە پێکهاتەکان ئاشکرایە کە میلیشیا چەکدارەکان کۆنترۆڵیان کردووە، تائیفەگەریی قێزەون لە گەشەکردندایە و پەیوەندیی نێوان بەغدا و هەولێر هێمن و سەقامگیر نییە، زۆربەی سوننە دەیانەوێت هەرێمێکی تایبەت بەخۆیان پێك بهێنن، کاتێك دەمانەوێت پرۆسەی سیاسی بمێنێتەوە، ئاسایشی کۆمەڵگە سەقامگیر بێت، گەشەپێدانیش بەردەوام بێت، دەبێت پابەند بین بەم سێ پرەنسیپە سیاسییەوە کە سەرۆك بارزانی زۆرجار لە وتار و هەڵوێست و لێدوان و نووسینەکانیدا جەختیان لێ دەکاتەوە.



# دیموکراسیی ئەمریکا بەرەو کوێ دەچێت؟

## Quo Vadis...” USA Democracy”



پ.د. شێرزاد نەجاڕ
تایبەت بۆ گوڵان نووسیویەتی

(۱)

ئەلکسیس دو توکفیل (۱۸۰۵- ۱۸۵۹) بیرمەندی شۆڕشگێڕی فەرەنسی لە ساڵی ۱۸۳۱دا بە گەشتێك چوو بۆ ئەمریکا، بۆ ئەوەی بزانێت کۆمارە تازەکە چۆنە، زۆرترین شتێك کە مایەی سەرسوڕمانی بوو، ئەو یەکسانییە بوو کە لە هەلومەرجی ژیانی خەڵکدا هەبوو، هەروەها دیموکراسییەکەی. ئەو کتێبەی دوای گەڕانەوەی بۆ فەرەنسا بە ناوی «دیموکراسی لە ئەمریکا ۱۸۳۵» بڵاوی کردەوە، باشترین کتێبە کە لە بارەی دیموکراسیی ئەمریکاوە نووسراوە.

(۲)

بەڵام لەگەڵ تێپەڕبوونی ڕۆژگاردا گەلێك توێژەری دیکە لە بواری کاروباری سیاسیی ئەمریکادا پەیدا بوون، کە پێیان وایە پێدەچێت دیموکراسییەکەی ئەمریکا هەڕەشەی لەسەر بێت، دەشپرسن: «ئاخۆ دامەزراوەکانی ئەمریکا

**تەنیا ١٩٪ی ئەمریکاییەکان پێیان وایە دیموکراسیی ئەمریکا نموونەیەکی باشە و دەکرێت وڵاتانی دی لاسایی بکەنەوە**

**گەلێک لە توێژەران و تەنانەت هاووڵاتیانیش ئێستا لە بارەی دەوڵەت و ئایندەی دیموکراسیی ئەمریکاوە هەست بە نیگەرانی دەکەن**

**ئەم ڕێڕەوە سیاسییەی ئەمریکا لە سەردەمی سەرۆکایەتیی سەرۆکی ئەمریکا دۆناڵد ترامپ (٢٠١٦- ٢٠٢٠) ڕێچکەیەکی نوێی گرتە بەر، کە خۆی لە بەرهەڵستیکردنی لیبرالیزمی جیهانیی تۆکمەی خۆبەخۆ و لە ناوخۆ یەکگرتوودا دەنوێنێت**

تا چ ئەندازەیەك دەتوانن بەرانبەر بەو هەڕەشەیە خۆ ڕابگرن؟» ئەم توێژەرانە پێیان وایە، بۆ تێگەیشتن بە شێوەیەکی ناوازە لەوەی کە هەڕەشە لە دیموکراسیی ئەمریکا دەکات، پێویست دەکات نیگا بەرەو دوورتر لە وردەکاریی هەڵمەتی هەڵبژاردنی ئەمریکا ببەین، بەتایبەتی پرۆسەی کاندیدکردنەوەی ترامپ و ناچارکردنی سەرۆکی ئێستا بایدن کە لە دووبارە خۆ کاندیدکردنەوەی بکێشێتەوە. لە بری ئەوە، توێژینەوەکە پێویستی بە ڕوانگەیەکی مێژوویی و بەراوردکاری هەیە بۆ سیاسەتی ئەمریکا، توێژەرانی کاروباری ئەمریکا پێیان وایە دووبارە هەڵبژاردنەوەی ترامپ بریتییە لە یەکتربڕی سێ ڕەوت لە سیاسەتی ئەمریکا (جەمسەربەندیی سەرۆکایەتیی هەردوو حزبەکە، سیستەمی سیاسی کە بە شێوەیەکی سەرەکی دابەش دەبێتە سەر ئەندامێتی و پێگە لە نێو کۆمەڵگەی سیاسی و بە شێوەی سیستماتیك لەسەر بنەمای ڕەگەز و نایەکسانیی ئابووری جێگیرە، داخورانی پێوەری دیموکراسی). هەلومەرجی سیاسیی ئێستا هەڕەشە لە سیستەمی دیموکراسیی ئەمریکا دەکات، لە پای کاریگەریی کارلێکانەی دامەزراوەکان، ناسنامە و شکاندنی پێوەر.

(٣)

بەر لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی لە نۆڤەمبەر/تشرینی دووەمی ئەم ساڵ، تەنیا ١٩٪ی ئەمریکاییەکان پێیان وایە دیموکراسیی ئەمریکا نموونەیەکی باشە و دەکرێت وڵاتانی دی لاسایی بکەنەوە، ئەمە بە گوێرەی ڕاپرسییەك کە ناوەندی توێژینەوەی (بیو) لە ئەپریل/ نیسانی ٢٠٠٤دا کردی. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، زۆربەی ئەمریکاییەکان (گەلێك خەڵکی دی لە هەموو شوێنێکی جیهانیش) پێیان وایە دیموکراسیی ئەمریکا چیدی نموونەیەکی باش نییە کە لاسایی بکرێتەوە.

هەر بە گوێرەی ئەو ڕاپرسییەی پێشوو، ژمارەیەکی نیمچە کەمی ئەمریکاییەکان بە شێوەیەکی گشتی پێیان وایە دیموکراسیی وڵاتەکەیان نموونەیەکی باشە، بەڵام کەسانی کامڵ و ئەوانەی تەمەنیان لەسەرووی ٥٠ ساڵە، یان زیاتر، ئەوان پتر لەوانەی تەمەنیان لە خوارووی ٥٠ ساڵەوەیە بە لای ئەو ڕایەدا دەچن کە دیموکراسییەکەی ئەمریکا پەسند دەکەن. لە لایەکی دیکەوە، گەنجان پتر لە خەڵکانی بەتەمەن بە لای ئەوەدا دەچن، کە دیموکراسییەکەی ئەمریکا هەرگیز نموونەیەکی باش نییە (١١٪ بەرانبەر بە ٤٪).

دیموکرات و سەربەخۆکانی هەواداری دیموکراسی تا ڕادەیەك زیاتر لە کۆماری و ئەوانەی هەواداری کۆمارین، بە لای ئەوەدا دەچن کە دیموکراسییەکەی ئەمریکا نموونەیەکی باشە (٢٢٪ بەرانبەر بە ١٧٪). بەم جۆرە لەوەدایە پێچەوانەی دۆخی فبرایەری ساڵی ٢٠٢١، کاتێك ٢٤٪ی کۆماری و ١٦٪ی دیموکراتەکان، پێیان وا بوو دیموکراسی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا نموونەیەکی باشە.

بە گوێرەی ڕەوشی دەنگدەر، ڕای جیاواز بەدی دەکرێت لە نێو ئەو ئەمریکاییانەی ناویان لە تۆماری دەنگدەراندایە، کە ٢١٪یان پێیان وایە دیموکراسییەکەی ئەمریکا نموونەیەکی باشە، بەراورد بە ١٣٪ی ئەوانەی ناویان لە نێو تۆماری دەنگدەراندا نییە. واش چاوەڕوان دەکرێت دەنگدەرانی نێو تۆمار، وەڵامی ئەم پرسیارە بدەنەوە.

(٤)

لەسەر ئاستی جیهاندا، ڕوانین بۆ دیموکراسییەکەی ئەمریکا لەسەر ئاستی هەموو جیهان و لە ئاستێکی بەربڵاودا لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دی جیاوازە، بەڵام ڕای هەرە باو ئەوەیە کە دیموکراسیی ئەمریکا جاران نموونەیەکی باش بوو، دەکرا وڵاتانی دی لاساییان بکردایەتەوە، بەڵام لەم ساڵانەی دواییدا بەم جۆرە نەماوەتەوە. وێڕای ئەوەی جیاوازییەکی زۆر لە نێوان وڵاتاندا هەیە لە کەنەدا بە نموونە ٦٧٪، لە ژاپۆن ٦٥٪ پێیان وایە لە ڕابردوودا دیموکراسییەکەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا نموونەیەکی باش بووە، بە پێچەوانەی ئەوە، ١٢٪ی بەنگلادیشی و ١٨٪ی غانا و ١٩٪ی هیندستان، هەمان ڕایان هەیە، بەڵام ئەوانی دی لە تورکیا ٥٢٪ و لە تونس ٤٥٪ پێیان وایە هەرگیز دیموکراسیی ئەمریکا نموونەیەکی باش نەبووە کە وڵاتانی دی لاسایی بکەنەوە.

بە هەمان شێوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، لاوان لە وڵاتانی دیکەش زۆرتر لە پیاوانی بەتەمەن بە لای ئەوەدا دەچن بڵێن، دیموکراسیی ئەمریکا هەرگیز نموونەیەکی باش نەبووە. بۆ نموونە لە یۆنان ٥٤٪ی ئەوانەی لە تەمەنی خوار ٣٥ ساڵیدان وا دەڵێن، بەراورد بە نزیکەی ٣٤٪ی ئەوانەی تەمەنیان لە ٥٠ ساڵ بەرەو ژوورە. لە هەر یەك لە ئوستralیا و کەنەدا و ئەڵمانیا و ئیتالیا و هۆڵەندا و سویدیش، لە ڕووی تەمەنەوە کەلێنی بەرچاو دەبیندرێت.

(٥)

بۆیە دەپرسین: ئایا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە لێواری گۆڕینی ڕژێمەکەیدایە؟ ئەم ئەگەرە تا ماوەیەکی درێژ لە سیاسەتی ئەمریکادا لە ئارادا نەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا گەلێك لە توێژەران و تەنانەت هاووڵاتیانیش ئێستا لە بارەی دەوڵەت و ئایندەی دیموکراسیی ئەمریکاوە هەست بە نیگەرانی دەکەن.

لە بەرایی ساڵی ٢٠١٦دا لە پۆلێنێکی ساڵانە بۆ دیموکراسی لە ١٦٧ دەوڵەتدا، گۆڤاری (ئیکۆنۆمیست)ی بەریتانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای بەو جۆرە پۆلێن کرد کە دیموکراسییەکی خەوشدارە (flawed democracy)، بە پێچەوانەی دیموکراسیی تەواو (as opposed to a full democracy)، تا ڕادەیەکی زۆریش ئەمە لە داخوڕانی متمانەی جەماوەر بە دامەزراوەگەلی سیاسیی ئەمریکاوە سەرچاوەی گرتووە، کە لە توێژینەوەیەکی پەیدۆزکاریدا کە دامەزراوەی گالووب و هی دیکە کردیان، (ئەم بابەتە) بەڵگەدار کراوە، هەروەها ئەو توێژینەوانە ئاشکرایان کرد، کە ڕەشبینی سەبارەت بە ڕەوشی دیموکراسیی ئەمریکا ڕووی لە هەڵکشانە.

(٦)

توێژەران پێیان وایە کاندیدکردنەوەی ترامپ بۆ جاری دووەم بۆ سەرۆکایەتی، ئاماژەیە بەوەی شتێکی بنەڕەتی لە سیاسەتی ئەمریکا گۆڕاوە، ئەمەش واتە سیمای بنەڕەتیی دیموکراسیی ئەمریکا بەرەوڕووی مەترسی بووەتەوە و نابێت ڕێ بە بەردەوامبوونی بدرێت، ئەم تێبینییە بە لانی کەم لەبەر دوو هۆ بەرەو توێژینەوەی مێژووییمان دەبات.

یەکەم: شرۆڤەکردنی ڕەوشی ئێستای سیاسەتی ئەمریکا و بەراوردکردنی لەگەڵ ڕەوشی پێشووی سیاسەتی ئەو وڵاتە، بۆ ئەوەی بە شتی تازەباوی ئێستای ئاشنا بین، کە ئاخۆ چۆن دەکرێت ئەو شتانەی پێشووتر ڕوویان داوە بیانخاتە ڕوو، یان پوختەیان بکات.

دووەم: کارکردن بۆ تێگەیشتن لە پرۆسەی گۆڕان و هێزگەلی گۆڕان و فاکتەری ئارامی کە لە چرکەساتی ئێستادا کار دەکەن، هەروەها ویستی پێکهێنانی ڕێڕەوی سیاسەتی ئەمریکا کە سیستمی سیاسی و گەشەکردنی سیاسەتی ئەمریکا دیاری دەکات و سەرۆکی هەڵبژێردراویش سەرکردایەتیی دەکات، ئەو ڕێڕەوەش بریتییە لە کۆمەڵێك ڕێسا، دامەزراوەکان و کردار و بیرۆکە، هەر هەموویان لەگەڵ یەکدا لە کارلێك دەبن و کار بۆ پیشاندانی پتەوی و توانای پێشبینیکردن دەکەن، لە کاتێکدا شتەکان لە دەوروبەری ئەوان لە گۆڕاندان، جا لەم ڕێڕەوەدا ئەوە فەرمانە کە بەشداریی لایەنانی کارای سیاسی و ڕۆڵی تاك و لایەنانی کارای دەستەجەمعی لە سیاسەتدا دیاری دەکات، هەروەها چۆن دەکرێت بە یاسا کاری سیاسی ڕێك بخرێت.

ئەم ڕێڕەوە سیاسییەی ئەمریکا لە سەردەمی سەرۆکایەتیی سەرۆکی ئەمریکا دۆناڵد ترامپ (٢٠١٦- ٢٠٢٠) ڕێچکەیەکی نوێی گرتە بەر، کە خۆی لە بەرهەڵستیکردنی لیبرالیزمی جیهانیی تۆکمەی خۆبەخۆ و لە ناوخۆ یەکگرتوودا دەنوێنێت، کە بوو بە سیمای جەوهەریی سیستمی سیاسیی ئەمریکا بۆ ماوەی دەیان ساڵ و، وڵامی گردەبڕی بۆ گەلێك پرسیاریش هەبوو کە کاندیدی سەرۆکایەتی دەبێت چۆن ڕەفتار بکات؟ کامەن دامەزراوەگەلی شەرعی و بۆ باوەڕیان پێ دەکەین؟ کێ بۆی هەیە بە شێوەیەکی شەرعی بەشداری لە ژیانی سیاسیی ئەمریکادا بکات؟ ئەدی پێگەی ئەمریکا لە جیهاندا کامەیە؟

ماوەی نێوان سەرەتای ساڵانی ٣٠ تا ناوەڕاستی ساڵانی ٤٠ لە سەدەی بیستەم، بریتییە لەو چرکەساتەی کە ئیدی ویلایەتە یەکگرتووەکان بە شێوەیەکی گردەبڕ دەستبەرداری سیاسەتی دەستتێوەرنەدان و گۆشەگیری بوو (واتە دەستهەڵگرتن لە

**توێژەرانی ئەمریکاناسی پێیان وایە سیاسەتی ئەمریکا بریتییە لە کارلێکی مێژوویی دەیان ساڵ لە پەرەسەندن لە پەیوەندیی نێوان سیاسەت و کۆمەڵ**

**توێژەرانی زانستی سیاسەت دووپاتی دەکەنەوە، ماوەیەکە جیهان ئەزموونێکی نوێی لە سەرانسەری ئەوروپادا دەست پێ کردووە کە پەیوەندیی بە دیاردەی هاتنە پێشی پارتی نەتەوەخوازی ڕەگەزخوازی ڕاسترەو هەیە**

**پێوەرە گردەبڕەکانی دیموکراسی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا (لە نێویاندا بنەما و پیادەکردنی یەکسانیی ڕەگەز و توخم، ئازادیی ڕۆژنامەوانی، دەستپاکی و کێبڕکێی کراوەی سیاسی) لەگەڵ تێپەڕبوونی ڕۆژگاردا پەیدا بوون**

بنەمای مۆنرۆ ١٨٢٨) پرسیاریشی لە بارەی ئەوە کردووە کە ئاخۆ چارەنووسی سیستمی باوی لیبراڵ لە ناوەڕاست و کۆتایی سەدەی بیستەمدا چی لێ دێت، نەخاسمە لەگەڵ دەستپێکردنی شۆڕشی مافی مەدەنی لە ساڵانی شەستی سەدەی بیستەمدا.

ئەم ئاراستە سیاسییە لە ناوەڕاستی سەدەکەدا لیبراڵیزمی نێونەتەوەیی بەهێز کرد، وێڕای پاراستنی ڕەگەزە سەرەکییەکانی سیاسەتی کۆمەڵایەتی و ئابووریی گرێبەستە تازەکە (The New Deal)، درێژەدان بە هەڵوێستی کرانەوە بەڕووی جیهان و بەشداریکردنێکی کارا لە پەیوەندیی نێودەوڵەتیدا.

توێژەرانی ئەمریکاناسی پێیان وایە سیاسەتی ئەمریکا بریتییە لە کارلێکی مێژوویی دەیان ساڵ لە پەرەسەندن لە پەیوەندیی نێوان سیاسەت و کۆمەڵ، بۆ نموونە، هەڵوێستی پاشماوەی سیاسەتی کۆنی پیشەسازی لە بەرەوڕووی تازەترین زانیاریی جیهانگیرانەدا، دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کە بەو جۆرە دیزاین کراوە بۆ خۆپاراستن لە مەترسیی هاوبەش کە ڕووبەڕووی کۆمەڵگەی پیشەسازی دەبێتەوە، لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئاستەنگی نوێ، گوشاری پاش پیشەسازی، بەردەوامبوونی ڕەگەزپەرستی، زنجیرەی قووچەکی، سەرباری پەیوەستبوونی نوێ بە مافی مەدەنی و یەکسانیی ڕەگەز و ئەتنیك. ئەم ململانێیەی نێو ڕەوتەکە، پێکهاتەی مێژووییانەی سیاسەتی ئەمریکای هێنایە ئاراوە، دەرفەت بۆ هەمە جۆر جڤاکی دژە دامەزراوەیی و پەیدابوونی بزووتنەوەی سیاسی لە چەپەوە تا ڕاست، لایەنانی شەبەنگی ئایدیۆلۆژی، هەر لە دژایەتیکردنی جیهانگیری و ناڕەزاییەکانی (وۆڵ ستریت داگیر بکەن)، بەرانبەر بە پارتی چا و بزووتنەوەگەلی کێبڕکێ لە نێوان ساندەرز و ترامپ لە ڕابردوودا و ترامپ و بایدن دەنێتەوە، ئەمی دواتر گۆڕا بە کێبڕکێی ئێستای نێوان ترامپ و هاریس. ئەمانە نیشانەن بۆ ئەو گوشارەی هاوچەرخان لە سیاسەتدا ڕووبەڕووی دەبنەوە، ئەمەش زنجیرەیەکی دابڕاو نین، یان سەربەخۆ و جیا لە پرۆسەی سیاسی نین.

(٧)

توێژەرانی زانستی سیاسەت دووپاتی دەکەنەوە، ماوەیەکە جیهان ئەزموونێکی نوێی لە سەرانسەری ئەورووپادا دەست پێ کردووە کە پەیوەندیی بە دیاردەی هاتنە پێشی پارتی نەتەوەخوازی ڕەگەزخوازی ڕاسترەو هەیە، کە لە ئیتالیا و نەمسا بەشێکی دەسەڵاتیان گرتووەتە دەست، لە هەنگاریا و پۆڵەنداش دەسەڵاتیان لە دەستدایە، بۆیە دووپاتی دەکەنەوە ترامپ تەنیا نموونەیەکی هاوچەرخ نییە بۆ باڵی ڕاسترەو، نەتەوەیی، پۆپۆلیزم. ئەم پارتانە لەگەڵ سەرکەوتنی ترامپ لە هەڵبژاردنی ویلایەتە یەکگرتووەکانی، لە چەندین خەسڵەتدا هاوبەشن. ئەم پارتانە سەرکەوتوو بوون لەوەی هەڵوێستی پارتە سەرەکییەکان بگۆڕن بەرەو هەڵوێستی پتر نەتەوەیی و دژ بە کۆچبەران، دووبارە ئەوانیان ئاراستە کردەوە.

گفتوگۆی سیاسیی نیشتمانیی ئەمریکا بوار بە بەراوردکردنی داتاکان دەدات کە پتر لەوەی تەنیا مێژووی ئەمریکا بتوانێت بیرەخسێنێت، ڕەنگە یارمەتیدەریش بێت بۆ دیاریکردنی فاکتەرەکان لە دەرەوەی سنووری ئەمریکاش، کە پاڵپشت دەبن بۆ شرۆڤەکردنی سەرکەوتنی ترامپ و دەرەنجامی چاوەڕوانکراوی سەرۆکایەتییەکەی، ئەو بەراوردەش دەخاتە ڕوو کە مەترسییەکان سەبارەت بەو ڕژێمەش دەبێت ئەو گۆڕانە گەرموگوڕە لێی بڕوانێت. ئەو مەترسییانە ئاماژە بە شێوەیەك لە شێوەکانی داڕووخانی دیموکراسی، یان داخوڕانی دیموکراسی دەکەن، ئەو ئەگەرەی تا ماوەیەکی درێژ لە دەرەوەی مەزندەی ماقووڵدا بوو لە ویلایەتەکانی یەکگرتوودا، بەتایبەتی لە نێو توێژەرانی ئەم بوارەدا دەستکەوتی گەورەی بەدەست هێنا پەیوەست بە تێگەیشتن و شیکردنەوەی هۆی پەیدابوونی دیموکراسی کە چۆن شکست دەهێنێت.

(٨)

پرۆفیسۆر هنتگتن لە کتێبە بە ناوبانگەکەیدا (شەپۆلی سێیەم، وەرچەرخانی دیموکراسی لە کۆتایی سەدەی بیستەم، ١٩٩١) لە شیکردنەوەی بۆ سێیەمین شەپۆلی دیموکراسیدا داهێنانی کرد، ئەو پێی وایە هۆی

**بەکارهێنانی نادروست و بەرنامەڕێژانەی دەسەڵات لە لایەن سەرۆک و زۆرینەوە لە کۆنگرێسەوە، تا ماوەیەکی درێژ وەک سەرچاوەیەکی زیندوو وابوو بۆ ئارامیی دیموکراسی لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا**

**ئەو ئاستەنگانەی ڕووبەڕووی دیموکراسیی ئەمریکا دەبنەوە، کاندیدکردن و هەڵبژاردنی سەرۆک ترامپ لە ٢٠١٦دا ئاشکرای دەکەن، بەڵام دەکرێت لەو پیاوەدا چڕ بکرێتەوە یان لە هەلومەرجی کاتیی هەڵبژاردنی بۆ یەک خولی سەرۆکایەتی**

**داکۆکیکردن لە عورف (داب و نەریت) و دامەزراوەکانی هاووڵاتیی سەراپاگیر لەگەڵ پێشکەوتنی ئێمەدا، بایەخێکی لە ڕادەبەریان دەبێت**



بڵاوبوونەوەی دیموکراسی ئارامی و گەشەی دیموکراتییە، ئەمەش بە بۆچوونی هەندێك لە زانایانی سیاسەتناسی بۆ (دەوڵەمەندی و گەشە لەگەڵ هەڵاوسانی میانرەو)، سەرباری ئەگەری (نایەکسانی، کەشی گونجاوی نێودەوڵەتی و دامەزراوەگەلی پەرلەمان) دەگەڕێتەوە، کە بەشێکن لە پێکهاتەی بنەڕەتیی ئارامیی دیموکراسی.

دیموکراسیی ئەمریکا نەیتوانی ئەو پێوەرانەی پێشوو بە شێوەیەکی تەواو بەدەست بهێنێت، ئەمەش بە بۆچوونی هەندێك لە توێژەران بووە مایەی هاتنەئارای دیاردەی پاشەکشەکردنی دیموکراسی (democratic backsliding)، بۆ دیاریکردنی ناسنامەکەی وەك شێوەیەك لە شێوەکانی سیستمێکی سیاسیی کەمتر توند و تۆکمە، بەڵام لە گۆڕانیش کەمتر نییە. پاشەکشەکردنی دیموکراسی لاوازکردن، یان لەبەریەك هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵێك دامەزراوەی دیموکراسیی دیاری کراوە، سەرەنجام جاری وا هەیە ئەمە ڕوو دەدات، بە ئامانجی قووڵکردنەوەی دیموکراسییە لە بری وێرانکردنی. (٩)

## بەهاکانی دیموکراسیی ئەمریکا

یەکەم شت و بەر لە هەر شتێك، دیموکراسی کۆمەڵێك ڕێسا و ڕێکار و هەڵسووڕاندنی ململانێیە بە ئامرازی دامەزراوەکان، دەستوور داڕێژەرانی ویلایەتەکانی یەکگرتوو بە ئەنقەست میکانیزمی دامەزراوەییان دیزاین کرد، ئەمەش وا دەکات کێبڕکێی دەسەڵات کارێکی ئاسایی بێت و دەبێتە مایەی دابەشکردنی دەسەڵاتی سیاسی، بۆ ئەوەی ڕێ لە پەیدابوونی دەسەڵاتدارێکی دیکتاتۆر، یان گرووپێك بگرێت، کە ئامانجی زەوتکردنی مافی هاووڵاتیانی دیکە بێت. لە دوو سەد ساڵی ڕابردوودا چوارچێوەی ئەم

میکانیزمە کەمێك گۆڕا، وێڕای ئەوە ئەم کۆت و بەندە دامەزراوەییە تەنیا بە گوڕ و تینی ئەو ڕێسایانە ماوە کە پشتیوانیی دەکەن، کە سەرکردەگەلی سیاسیش دەبێت پێگیری بن و دەبێتە مایەی چەشنێك ڕەفتاری ئاسایی و چاندنی پێشبینیی هاووڵاتیان لە بارەی مەودای دیموکراسی.

پێوەرە گردەبڕەکانی دیموکراسی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا (لە نێویاندا بنەما و پیادەکردنی یەکسانیی ڕەگەز و توخم، ئازادیی ڕۆژنامەوانی، دەستپاکی و کێبڕکێی کراوەی سیاسی) لەگەڵ تێپەڕبوونی ڕۆژگاردا پەیدا بوون و، بەردەوام مافی دەنگدانی سیاسیی ئەمریکای بێزار دەکرد.

پەرەسەندنەکانی ئەم دواییە ئەو پرسیارە دەورووژێنن، کە ئاخۆ تا چ ڕاددەیەك و تا چ ئەندازەیەك ڕێسا بنەڕەتییەکان لە پرۆسەی سیاسیدا زاڵ دەبن، ئەویش بە کردەنی بە شێوەیەکی تەواو و لە کرداری سیاسیی ئەمریکاشدا جێگیر بووە. باوکانی دامەزرێنەری دیموکراسییەکەی ئەمریکا لە بارەی بایەخی کێبڕکێی سیاسییەوە، یان لە بارەی شەرعییەتی ئۆپۆزسیۆنی سیاسی، یان لە بارەی ڕۆژنامەوانیی سەربەخۆی سیاسی گەشەیان بە بیرۆکە نەداوە تا ڕژێمێکی کارای سیاسی بەدی بێت. پێوەری دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن تەنیا بە دوودڵی و هێواش گەڵاڵە بووە، بە پێچەوانەوە یاساکانی ساڵی ١٧٩٨ هەوڵیان دا، شەرعییەتی لێ دابماڵن و تەنانەت ئۆپۆزسیۆنی سیاسی و ڕۆژنامەوانیی حزبی بە تاوان لە قەڵەم بدەن.

پێوەری دیکە بۆ کۆنترۆڵکردنی کاری کۆنگرێس پەیدا بوون، بۆ نموونە، ڕەفتاری کۆنگرێس درێژە و مەرایی و ڕێزی دووسەرەی لە ڕێی هێڵەکانی حزبەوە دووپات کردووەتەوە، ئەمەش دروستبوونی هاوپەیمانیی یاسادانی لە نێوانی حزبەکاندا ئاسان کرد. ئەم ڕێسایە کە بە لاوازیی ڕێژەییانە و ناسنامەی حزبی کە بە شێوەیەکی ڕێژەیی لە نێو دەنگدەراندا بڵاوە و بەهێزتر بوو، ئەم پێوەرە بە درێژایی دەیان ساڵ ڕووی لە داخوران کرد، بە شێوەیەکی زیاتر لەگەڵ گیانی تیم (teamsmanship) ئاڵوگۆڕی پێ کرا، ئەمەش میتۆدێکە بۆ یاسادانان، بۆیەش دانرا تا بەهایەکی باڵا لە هاوکاری و دڵسۆزی لە نێو حزبدا بەدی بێت، ئەم ڕەوتەش کۆمەڵێك دەرەنجامی لێ کەوتەوە، وەك: زیاتر پەنابردن بۆ پەکخستن وەك تەکتیکێکی ئاسایی بۆ ڕێگریکردن لە یاسادانان، ڕووبەڕووبوونەوەی سیستماتیك بۆ داخستنی حکومەت و بەرزکردنەوەی ئاساییانەی ڕاددەی قەرزی فیدراڵ.

داڕووخانی ئەم پێوەرە تایبەتانەی پەیوەستن بە بنیاد و پرۆسەی یاسادانانەوە، دەبێتە مایەی مەترسیی ئەگەری دروستبوونی حاڵەتی ناشەرعییەتی یاسادانان (legislative illegitimacy)، هەروەها زیاتر بەهێزکردنی دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن، دیسان وروژاندنی دژبەرییەکانی جووت شەرعییەت: (dual legitimacy)، کە پرۆفیسۆر خوان لینز (Linz) باسی کرد، کە واش دیاری کراوە بەوەی لە هەموو سیستمێکی سەرۆکایەتیدا هەیە، لە ڕێی سەپاندنی ڕێژەیەك لە کۆبەند بەسەر خاوەن پۆستەکاندا، بەم جۆرە ڕێساگەلی ئاسایی پرۆسەکانی یاسادانان تا ئێستا سەرکەوتوو بوون لە ڕێگریکردن لە خاوەن پۆستەکان بەوەی تەواوی دەسەڵاتی دامەزراوەکان بۆ تەنگهەڵچنین، یان لەناوبردنی ئۆپۆزسیۆنی سیاسی بەکار بهێنن.

بە ڕای هەندێك لە توێژەرانی ئەمریکا (Mickey، Levitsky،Way)، بەکارهێنانی نادروست و بەرنامەڕێژانەی دەسەڵات لە لایەن سەرۆك و زۆرینەوە لە کۆنگرێسەوە، تا ماوەیەکی درێژ وەك سەرچاوەیەکی زیندوو وا بوو بۆ ئارامیی دیموکراسی لە ویلایەتەکانی یەکگرتوودا، هەر بۆیە وەك ڕێسایەکی گشتی خاوەن پۆستەکانی ئەمریکا هەوڵیان نەدا شەرعییەتی نەیارانیان نەهێڵن، ئەوەش ئەو ڕێسایەیە کە پشت بە گفتوگۆ لە بارەی کۆمەڵگەی سیاسی و ئارامیی دیموکراسییەوە دەبەستێت.

کاتێك سیاسەتمەدارانی ئەمریکا خزانە نێو ئەم جۆرە ڕەفتارەوە، ئیدی کارکەرانی نێو سیستمی سیاسی بەگشتی داوای لێپرسینەوەیان کرد، بەڵام ئەو کارکەرانە ئەمەیان لە ڕوانگەی زەرووڕەتی دامەزراوەییەوە نەکرد، بەڵکوو لەبەر ئەوە بوو کە ئەوان پێگیری کۆمەڵێك پێوەر

**پەرەسەندنەکانی ئەم دواییە ئەو پرسیارە دەورووژێنن، کە ئاخۆ تا چ ڕاددەیەک و تا چ ئەندازەیەک ڕێسا بنەڕەتییەکان لە پرۆسەی سیاسیدا زاڵ دەبن**

**پێوەری دیکە بۆ کۆنترۆڵکردنی کاری کۆنگرێس پەیدا بوون، بۆ نموونە، ڕەفتاری کۆنگرێس درێژە و مەرایی و ڕێزی دووسەرەی لە ڕێی هێڵەکانی حزبەوە دووپات کردووەتەوە**

سەبارەت بە کێبڕکێی سیاسیی لیبراڵانە و سنووری پێوەرانەی دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن بوون.

کاتێك سیاسەتمەدارانی ئەمریکا چیدی پەیوەست بەم پێوەرانە نەبوون، بەوەی دیسپلین و هاوسەنگی لە نێو دامەزراوەگەلی سیاسیی ئەمریکا خۆکار نین، بۆیە ڕەنگە ئەنجامەکە سیستمێك بێت لە نەخش و نیگاری دیموکراسی (the trappings of democracy)، لە نموونەی هەڵبژاردن و دەرکەوتنی کێبڕکێ لەسەر دەسەڵات، بەڵام بە بێ گەرەنتی، وەك گەرەنتیی دەسەڵاتێکی ڕاستەقینەی دیموکراسی و پاراستنی هاووڵاتی لە سەرکوتکردن، وەك دەنگدانی گشتی و ئازادیی مەدەنی.

هەرچەندە ئەو پاساوانەی پشت بە پێوەر دەبەستن ڕەنگە لە ڕووی شیکارییەوە نادیار، یان نارەحەتکەر بن، بەڵام دەکرێت وا تەماشای پرسی داخورانی پێوەری دیموکراسی (the ero-sion of democratic) بکرێت، بەوەی کارێکی پێویستە بۆ ناساندنی ئەوەی هەڕەشە لە دیموکراسیی ئەمریکا لەم چرکەساتە سیاسییەی ئێستایدا دەکات.

(١٠)

### دیموکراسیی هاوچەرخ لە ئەمریکا: هەڵسەنگاندن

ڕوانگەی بەراوردکار و مێژووییانە بۆ سیاسەتی هاوچەرخی ئەمریکا ئەوەمان بۆ دەردەخسێنێت کە ڕەوشی ئێستا دەستنیشان بکەین، بەوەی ئەو ئاستەنگانەی ئێستا بەرەورووی سیاسەتی ئەمریکا دەبنەوە، وەك نیشانەی گەورەترین پرۆسەی مێژووییانەی کە لە ڕێی نیشتمانپەروەرییەوە هاوتای هەیە و ئەزموونە. ئەو ئاستەنگانەی ڕووبەرووی دیموکراسیی ئەمریکا دەبنەوە، کاندیدکردن و هەڵبژاردنی سەرۆك ترامپ لە ٢٠١٦دا ئاشکرای دەکەن، بەڵام دەکرێت لەو پیاوەدا چڕ بکرێتەوە یان لە هەلومەرجی کاتیی هەڵبژاردنی بۆ یەك خولی سەرۆکایەتی. لە بری ئەوە، سیستمی سەرۆکایەتی لە بنەڕەتدا خەسڵەتی دابەشبوونی هەیە لە بارەی ناسنامە و ئاستێکی بەرز لە نایەکسانیی ئابووریش بە خۆوە دەبینێت، بە ڕادەیەکی سەرسوڕهێنەریش ڕێساکانی جێبەجێکردن پێشێل دەکرێن، لەگەڵ هەڵکشانی دابەشبوونی حزبانە، ئاخۆ دەکرێت لێپرسینەوە لەگەڵ سەرۆکدا بکرێت، یان نا؟

ئێستا ئێمە لە دۆخێکداین بوارمان پێ دەدات چارەسەری ئەو پرسیارانە بکەین کە لە سەرەتادا کردمانن. ئایا دیموکراسیی ئەمریکا هەڕەشەی لەسەرە؟ وڵامەکەمان بەڵێیە، ئەزموونی بەراوردکارانە ئاماژە بەوە دەکات کە ئەمە هەلومەرجی گونجاو نییە بۆ پتەوبوونی دیموکراسی (democratic durability)، کەواتە تا ئەندازەیەك هەڕەشەکە مەترسیدارە؟ زەحمەتە بڵێین کە دیموکراسییە هاوچەرخەکەی ئەمریکا ڕووبەرووی هەڕەشەیەکی مەترسیدارتر لەوەی کاتی شەڕی مەدەنی دەبێتەوە، بەڵام بێبەشکردنی بەرنامەڕێژانەی دەنگدەران لە مافی دەنگدانی ئەمریکا، یان دەسەڵاتی جێبەجێکردن دژ بە ڕەخنەگرانی لە ڕژێم، وا دیارە ئێستا بە شێوەیەکی مایەی نیگەرانیی ماقووڵ دێتە پێش چاو. ئاخۆ خەسڵەتی ئەو هەڕەشەیە چییە؟ لێرەدا پێویستە دامەزراوەکان ڕەچاو بکەین، هەروەها سنووری ئەندامێتیی مەدەنی، بەوەی کە ئەم فاکتەرانە لە پەیوەندییەکی کارلێکانەدان لەگەڵ یەکدی.

(١١)

### کەواتە، ئاییندە چی بۆ هەڵگرتووین؟

بە شێوەیەکی لە مەزندە بەدەر سیاسەت گرنگ دەبێت. داکۆکیکردن لە عورف (داب و نەریت) و دامەزراوەکانی هاووڵاتیی سەراپاگیر لەگەڵ پێشکەوتنی ئێمەدا، بایەخێکی لە ڕادەبەریان دەبێت، بۆ نموونە، دەکەوینە گفتوگۆشەوە لە بارەی چۆنیەتی چارەسەرکردنی ئاسەوارێك کە دەبێتە مایەی داخوران و هەڵکشانی نایەکسان. لە واقیعدا هەموو ئەو عورف و دامەزراوانەی گفتوگۆمان لە بارەیانەوە کرد، پێویستیان بە داکۆکیکردن و نوێبوونەوە هەیە. چوارچێوەی ئاستەنگ بۆ خۆی ڕۆشنایی دەخاتە سەر مەترسیی ئاستەنگی ئەم چرکەساتە، هەروەها کرانەوە بەرەو ئەو وانانەی لە مێژووی نیشتمانی و سیاسیی دیکەوە بەدەست هاتوون، کە ڕۆژگارێك وا دەهاتنە پێش چاو کە پەیوەندییان بە ئەزموونی ئەمریکاوە نییە.

(*)تاریق کارێزی لە عەرەبییەوە کردوویە بە کوردی.

**کاتێک سیاسەتمەدارانی ئەمریکا چیدی پەیوەست بەم پێوەرانە نەبوون، بەوەی دیسپلین و هاوسەنگی لە نێو دامەزراوەگەلی سیاسیی ئەمریکا خۆکار نین**

**کاتێک سیاسەتمەدارانی ئەمریکا خزانە نێو ئەم جۆرە ڕەفتارەوە، ئیدی کارکەرانی نێو سیستمی سیاسی بەگشتی داوای لێپرسینەوەیان کرد**



**ڕێبەر ئەحمەد**
وەزیری ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان:

# بە کۆیلەکردنی ئافرەتانی ئێزدی لە سەدەی ۲۱دا پەڵەیەکی ڕەشە بەسەر ویژدانی مرۆڤایەتییەوە

## ۱۲٤ هەزار ئاوارەی ئێزدی لە کەمپەکان دەژین و زیاتر لە ۲۳۰ هەزار ئاوارەی دیکەیان لە دەرەوەی کەمپەکان و لە ناوچە شارنشینییە جۆراوجۆرەکاندا دەژین

لە دەیەمین ساڵیادی جینۆسایدکردنی ئێزدییەکان کە ئەمساڵ لەلایەن ئەنجومەنی ناوەندی ئێزدییەکان لە ئەڵمانیا ڕێکیان خستبوو، ڕێبەر ئەحمەد وەزیری ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بە ناوی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە وتارێکی پێشکەش کرد و تیایدا باسی لە گەورەیی ئەم کارەساتە دژ بە مرۆڤایەتییە کرد و ئاماژەی بەوە کرد، لەگەڵ ئەوەی ئێمە هەموو ساڵێك لە ۳ی ئاب یادی جینۆسایدکردنی ئێزدییەکان دەکەینەوە، کە لەسەر دەستی تیرۆریستانی داعش ئەو تاوانە گەورەیە ئەنجام درا، بەڵام نابێت ئەوەش نادیدەبگرین کە لووتکەی کۆمەڵکوژییە گەورەکە لە ڕۆژانی ١٤ و ١٥ی ئاب لە کۆچۆ ڕووی دا. هەر لەم وتارەدا وەزیری ناوخۆ ئاماژەی بەوە کرد، هەتا ئێستا ۱۳۰ هەزار ئاوارەی ئێزدی لەناو کەمپەکان دەژین و زیاتر لە ۲۳۰ هەزار ئاوارەی دیکەشیان لە دەرەوەی کەمپەکانن و لە شار و ناوچەکانی هەرێمی کوردستان دەژین. سەبارەت بەو ئافرەتانەش کە لە لایەن تیرۆریستانی داعشەوە ڕفێندران و بێسەروشوێن کرابوون، ئاشکرای کرد کە ژمارەیان ٦،٤٢٠ ئافرت بوون و هەتا ئێستا توانراوە ۳،٥٧٠ کەسیان ڕزگار بکرێت و ئەوانی دیکە تا ئێستا بێسەروشوێنن، ئەمەش دەقی وتارەکەیەتی:

### خوشك و برایان، میوانە بەڕێزەكان

پێم خۆشە سەرەتا گوزارشت لە سوپاسگوزاریی خۆم بكەم بۆ ئەنجومەنی ناوەندی ئێزدییەكان لە ئەڵمانیا بۆ ڕێكخستنی ئەم بۆنە گرنگە.

ئەمڕۆ بە دڵتەنگی و خەمبارییەوە كۆبووینەتەوە بۆ یادكردنەوەی دە ساڵەی كۆمەڵكوژیی ئێزدییەكان، ئەو كارەساتەی زامێكی هەتاهەتایی لە دڵی كۆمەڵگەی كوردستان و جیهاندا جێهێشتووە.

پێویستە بە وردی و وەك خۆی كۆمەڵكوژیی ئێزدییەكان بگێڕدرێتەوە. دوای كەوتنی شاری مووسڵ لە حوزەیرانی ساڵی ٢٠١٤، داعش دەستی گرت بەسەر كەرەستە و تفاقی پێنج فیرقەی سوپای عێراقدا، ئەمەش توانای ئەوەی پێبەخشی بۆ ئەوەی هێرش بكاتە سەر ناوچەكانی دەوروبەری، لە نێویاندا شنگال. ئەوە بوو هەزاران ئێزدی پەنایان بردەبەر چیای شنگال، بەڵام بەشێكی زۆریان لەسەر بنەمای بەڵێنی بەتاڵی هەندێ لە دانیشتووانی ناوخۆیی سەر بە تیرۆریستانەوە فریو دران بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە بۆ گوندەكانیان، لە دەرئەنجامدا هەزاران ئافرەت و منداڵ دەستگیر كران و بە دیل گیران. ئافرەتان و كچانی ئێزدی بە زۆرەملێ و ناچاری كرانە كۆیلەی جنسی، پیاوانیش بە هۆی ئەوەی ئامادە نەبوون ئایینی خۆیان بگۆڕن، لە سێدارە دران، كوڕانیش ڕەوانەی كەمپەكانی مەشق و ڕاهێنانی داعش كران، بۆ گۆشكردنیان بە بیروباوەڕەكەیان.

لە كاتێكدا كە سێ ئاب وەك یادەوەریی كۆمەڵكوژیی ئێزدییەكان دەستنیشان دەكرێت، بەڵام نابێت ئەوەش نادیدە بگرین، كە ئەم ڕێككەوتە سەرەتای هێرشكردنەسەر شنگال بوو. لووتكەی كۆمەڵكوژییەكە لە ١٤ و ١٥ی ئابدا ڕووی دا، ئەویش كاتێك تیرۆریستانی داعش بە شێوەیەكی دڕندانە پەلاماری گوندی (كۆجۆ)یان دا. كۆمەڵكوژیی ئێزدییەكان وەك لاپەڕەیەكی پڕ لە ئێش و ئازاری نێو مێژووی هاوچەرخ دەمێنێتەوە. بە دڵنیاییەوە، بە كۆیلەكردنی ئافرەتانی ئێزدی لە سەدەی ٢١دا پەڵەیەكی ڕەشە بەسەر ویژدانی مرۆڤایەتییەوە.

### میوانە ئازیزەكان..

ئازادكردنی شنگال بە سەركردایەتیی سەرۆك مسعود بارزانی، كە ڕەمزی خۆڕاگری ئێزدییەكانە، بە خاڵێكی وەرچەرخانی گرنگ لە قەڵەم دەدرێت لەم لاپەڕە تاریكەدا. هێزی پێشمەرگە بوێرانە شەڕیان كرد بۆ ڕزگاركردنی شنگال لە دەستی داعش و لەم هەوڵە قارەمانانەیاندا باجێكی گەورەیان دا، تەنیا لە میانەی ڕزگاركردنی شنگالدا نزیكەی ٥٠٠ پێشمەرگە شەهید بوون.

سەرباری هەوڵی ڕزگاركردنیان، حكومەتی هەرێمی كوردستان هەنگاوی دەمودەست و دەستبەجێی هەڵگرت بۆ دەستەبەركردنی پێداویستییە بەپەلەكانی ڕزگاربووەكانیش. حكومەتی هەرێمی كوردستان ١٥ كەمپی لە هەرێمی كوردستاندا دامەزراند، كە لە ئێستادا ١٢٤هەزار ئاوارە لەخۆ دەگرن و زیاتر لە ٢٣٠ هەزار ئێزدی كە ئاوارەی ناوخۆیین لە دەرەوەی كەمپەكان لە ناوچە شارنشینییە جۆراوجۆرەكاندا دەژین.

لە ئەنجامی ئەم كارە دڕندانەدا، هێشتا خەڵكانێكی زۆر بێسەروشوێنن، كە ئەمەش مایەی كارەساتێكی بەردەوامە بۆ خێزان و كەسە ئازیزەكانیان. بۆ چارەسەركردنی ئەم دۆخەش، حكومەتی هەرێمی كوردستان نووسینگەی ڕزگاركردنی ئێزدییەكانی دامەزراند، كە بێسەروشوێنبوونی نزیكەی ٦٤٢٠ كەسی دۆكیومێنت كردووە و ڕۆڵێكی یەكلاكەرەوەی بینیوە و تا ئێستا زیاتر لە ٣،٥٧٠ كەسی ڕزگار كردووە.

مانگی ڕابردوو، بەڕێز مسرور بارزانی سەرۆكی حكومەتی هەرێمی كوردستان، پڕۆگرامێكی پاڵپشتی دارایی ڕاگەیاند كە بە هۆیەوە ٣،٠٠٠ ئافرەت و كچی ئێزدی، وەك ڕزگاربووی دەستی داعش، دەرماڵەی مانگانە وەردەگرن. سەرباری ئەم پاڵپشتییە، حكومەتی هەرێمی كوردستان پابەندە بە دەستەبەركردنی دادپەروەری و لێپرسراوێتی لە پێناو قوربانییەكاندا. لە مانگی ئەیلولی ٢٠١٤دا، حكومەتی هەرێمی كوردستان كۆمیسیۆنی لێكۆڵینەوە و كۆكردنەوەی بەڵگەی دامەزراند لە پێناو كۆكردنەوە و پاراستن و شرۆڤەكردنی بەڵگەكاندا بۆ ئەوەی لە ڕێكارە تاوانكارییەكانی نێو دادگا نیشتمانی و نێودەوڵەتییەكاندا بەكار بهێنرێن.

**ئافرەتان و كچانی ئێزدی بە زۆرەملێ و ناچاری كرانە كۆیلەی جنسی، پیاوانیش بە هۆی ئەوەی ئامادە نەبوون ئایینی خۆیان بگۆڕن، لە سێدارە دران**

**ئازادكردنی شنگال بە سەركردایەتیی سەرۆك مسعود بارزانی، كە ڕەمزی خۆڕاگری ئێزدییەكانە، بە خاڵێكی وەرچەرخانی گرنگ لە قەڵەم دەدرێت**

**هێزی پێشمەرگە بوێرانە شەڕیان كرد بۆ ڕزگاركردنی شنگال لە دەستی داعش و لەم هەوڵە قارەمانانەیاندا باجێكی گەورەیان دا، تەنیا لە میانەی ڕزگاركردنی شنگالدا نزیكەی ٥٠٠ پێشمەرگە شەهید بوون**

**حكومەتی هەرێمی كوردستان نووسینگەی ڕزگاركردنی ئێزدییەكانی دامەزراند، كە بێسەروشوێنبوونی نزیكەی ٦٤٢٠ كەسی دۆكیومێنت كردووە و ڕۆڵێكی یەكلاكەرەوەی بینیوە و تا ئێستا زیاتر لە ٣،٥٧٠ كەسی ڕزگار كردووە**

هەروەها لە پێناو دەستەبەرکردنی ئاسایش و سەقامگیری لە شنگال، حکومەتی هەرێمی کوردستان لە مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ٢٠٢٠دا ڕێککەوتنی شنگالی واژۆ کرد لەگەڵ حکومەتی فیدراڵیی عێراقدا. ئامانج لەم ڕێککەوتنەش ئاساییکردنەوەی بارودۆخەکە بوو لە شنگال لە ڕێگەی سەپاندنی سەقامگیری و ئاسایش و ئیدارەیەکی مەدەنی و دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان و ئاوەدانکردنەوە، لە پێناو هاندانی گەڕاندنەوەی ئەو کەسانەی لە ساڵی ٢٠١٤وە لەسەر ئاستی ناوخۆیی ئاوارە بوون.

لە ماوەی دەیەی ڕابردوودا، حکومەتی هەرێمی کوردستان پتر لە ٢,٥ ملیۆن ئاوارەی ناوخۆیی و پەنابەری سووریی لەخۆ گرتووە، و لەو کاتەوە زۆربەیان گەڕاونەتەوە بۆ شوێنی خۆیان. لە ئێستادا، حکومەتی هەرێمی کوردستان نزیکەی یەك ملیۆن پەنابەر و ئاوارەی ناوخۆیی لەخۆ گرتووە و لە خزمەتکردنیان بەردەوام دەبێت تا ئەو کاتەی ئارەزوومەندانە و بە کەرامەتەوە دەگەڕێنەوە بۆ سەر ماڵ و حاڵی خۆیان، ئەویش بۆ ئەوەی گۆڕانکاریی دیموگرافی لە ناوچەکانی گەڕاندنەوە ڕوونەدات.

بوارم پێ بدەن کە دڵنیاتان بکەمەوە لەوەی کە هەرێمی کوردستان وەك پەناگەیەکی ئارامی دەمێنێتەوە بۆ هەموو ئەو کەسانەی لە دەستی توندوتیژی و چەوساندنەوە لە بەشەکانی دیکەی عێراق و ناوچەکەوە هەڵاتوون.

**خوشك و برایان..**

بە ناوی هەرێمی کوردستان، بە ناوی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە سوپاس و پێزانینی قووڵی خۆمان بۆ ئەو وڵات و دەزگا نێودەوڵەتییانە دەردەبڕم کە ئەو کارە دڕندانەی بەرانبەر ئێزدییەکان ئەنجام دراوە، بە جینۆسایدیان ناساندووە.

ئێمە بەتایبەتی سوپاسگوزاری ئەڵمانیاین کە ڕۆڵێکی پێشەنگی بینیوە لە ناساندنی کۆمەڵکوژیی ئێزدییەکان و پابەندبوونی بە بەدیهێنانی دادپەروەرییەوە بۆ قوربانییەکانی ئێزدی. ئەڵمانیا لەم ڕووەوە بووەتە نموونەیەکی شایستەی ستایشکردن لەسەر شانۆی نێودەوڵەتی. ئەوەی شایەنی ئاماژەپێکردنە، ئەوەیە کە لە نیسانی ساڵی ٢٠٢٤، دادگای فیدراڵیی ئەڵمانیا لە یەکەم دادگاییکردندا کە دژی ئەندامانی داعش ئەنجام درابێت، چەند بڕیارێکی دەرکرد لەسەر بنەمای ئەوەی ئەو ئەندامانەی داعش تێوەگلاون لە بە کۆیلەکردنی ئافرەتان و کچانی ئێزدی و دەستدرێژیکردنەسەریان. ئەم بڕیارانەی تاوانبارکردن ڕەنگدانەوەی پابەندبوونی ئەڵمانیایە بۆ لێپێچینەوە لە تاوانباران و بەدیهێنانی دادپەروەری بۆ قوربانییەکان.

ئەو دەستپێشخەرییە مرۆییەی کە ویلایەتی بادن فۆرتمبێرگ لە ساڵی ٢٠١٤دا خستیەڕوو- کە سەرکەوتووانە بووە هۆی هێنانی پتر لە ١،١٠٠ لەو ئافرەتان و کچە ئێزدییانەی لە مەترسیدار بوون و تووشی توندوتیژی و چەوساندنەوە ببوون لەسەر دەستی داعش-، ئاماژەیە بە ڕۆڵی ئەڵمانیا بۆ دەستەبەرکردنی پەناگە و پاڵپشتی بۆ ڕزگاربووانی کۆمەڵکوژیی ئێزدییەکان.

دۆستانی ئازیز. دەرفەتم پێ بدەن، جەخت لەسەر ئەم خاڵە گرنگە بکەمەوە:

تێکشکاندنی سەربازییانەی داعش دەستکەوتێکی مەزن بوو، بەڵام هێشتا تارمایی ئایدیۆلۆژیاکەی هەڕەشەیەکی بەردەوامە لەسەر ئاسایشی بە کۆمەڵمان. سەرباری کەمبوونەوەی توانا سەربازییەکەی، بەڵام هێشتا ئایدیۆلۆژیا توندڕەوەکەی داعش قووڵ ڕۆچووەتە نێو هەندێ چین و توێژی نێو کۆمەڵگەوە. پێویستە بە جەختکردنەوە لەسەر ئاشتی و لێبوردەیی و پێکەوەژیان لە ڕێگەی پەروەردە و هۆشیارییەوە چارەسەری ئەم ئایدیۆلۆژیا ژەهراوییە بکەین. ئەمە بەرپرسیارێتییەکی هاوبەشە کە پێویستی بە هاوکارییەکی جیهانیی بەهێز هەیە، بۆ دڵنیابوون لەوەی ئەم جۆرە کارە دڕندانە هەرگیز دووبارە نەبنەوە. هەروەها پێویستی بە برەودان بە ئایندەیەکە کە ڕێز و خۆشەویستی باڵ بەسەر دڵڕەقی و جیاکاریدا بکێشێت.

لە کۆتاییدا، بوارم پێ بدەن، دووبارە پابەندبوونی حکومەتی هەرێمی کوردستان دووپات بکەمەوە بۆ پاڵپشتیکردن لە سەرجەم مافە ڕەواکانی ئێزدییەکان لە گەشتەکەیاندا بەرەو ساڕێژبوون و بنیادنانەوە. پێکەوە دەتوانین دەستەبەری ئەوە بکەین، کە یادەوەریی ئەم کارەساتە سەربکێشێت بۆ بەدیهێنانی پاشەڕۆژێکی گەشتر و دادپەروەرتر بۆ هەمووان.

**سوپاس.**

**بەڕێز مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، پرۆگرامێکی پاڵپشتی دارایی ڕاگەیاند کە بە هۆیەوە ٣,٠٠٠ ئافرەت و کچی ئێزدی، وەک ڕزگاربووی دەستی داعش، دەرماڵەی مانگانە وەردەگرن**

**لە ئێستادا، حکومەتی هەرێمی کوردستان نزیکەی یەک ملیۆن پەنابەر و ئاوارەی ناوخۆیی لەخۆ گرتووە و لە خزمەتکردنیان بەردەوام دەبێت تا ئەو کاتەی ئارەزوومەندانە و بە کەرامەتەوە دەگەڕێنەوە بۆ سەر ماڵ و حاڵی خۆیان**

**هەرێمی کوردستان وەک پەناگەیەکی ئارامی دەمێنێتەوە بۆ هەموو ئەو کەسانەی لە دەستی توندوتیژی و چەوساندنەوە لە بەشەکانی دیکەی عێراق و ناوچەکەوە هەڵاتوون**

**تێکشکاندنی سەربازییانەی داعش دەستکەوتێکی مەزن بوو، بەڵام هێشتا تارمایی ئایدیۆلۆژیاکەی هەڕەشەیەکی بەردەوامە لەسەر ئاسایشی بە کۆمەڵمان**

خەیری بۆزانی
ڕاوێژکار لە سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان
و شارەزا و پسپۆڕ لە کاروباری ئێزدییان:

# ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق نەک کارەساتی شنگالی بە جینۆساید نەناسیوە، بەڵکو قبووڵیان نەبوو گفتوگۆش لەسەر ئەو بابەتە بکەن



# بە دەیان گۆڕەبەکۆمەڵی ئێزدییەکان لە ناوچەکە و شنگال ماوە و کەس بە دوایاندا نەگەڕاوە و کەسیش گوێی پێ نادات

**پاش دە ساڵ لەو کارەساتەی بەسەر کوردانی ئێزدیدا هات و لە لایەن تیرۆریستانی داعشەوە کۆمەڵکوژ و جینۆساید کران، ئێستاش خەڵکی شنگال و ناوچەکە ترسیان لە دووبارە ڕوودانەوەی کارەسات هەیە. بۆ ئەوەی بزانین چۆن و چ لایەنێك ئەو ڕفێندراوەنەی ئێزدییەکان ڕزگار دەکات و تا ئێستا لەو ژمارە زۆرەی هەیە، چەندیان ڕزگار کراون و چەند گۆڕی بەکۆمەڵ هەڵدراوەتەوە، گۆڤاری گوڵان دیدارێکی لەگەڵ خەیری بۆزانی ڕاوێژکار لە سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان و پسپۆڕ و شارەزا لە کاروباری ئێزدییان ئەنجام دا.**

* دوای کارەساتی جینۆسایدی ئێزدییەکان لە ئابی ساڵی ٢٠١٤ ترسێك لای ئێزدییەکان دروست بووە، بەوەی جارێکی دیکەش تووشی هەمان کارەسات ببنەوە. لە ئێستادا کە عێراق دەوڵەتێکی فیدراڵی و دیموکراتییە ئێزدییەکان لەچی دەترسن؟

- پاش تێپەڕبوونی (١٠) ساڵ بەسەر جینۆسایدی کوردانی ئێزدی کە لە لایەن تیرۆریستانی داعشەوە لە ئابی ساڵی ٢٠١٤ ئەنجام درا، ئەوە ئێزدییەکان و کەسانی دیکەش لە ناوچەکەدا دیسان ترسیان هەیە لەوەی کە کارەساتەکە دووبارە ببێتەوە لەبەر ئەو هۆیانە :

یەکەم: زۆربەی ئەوانەی لەگەڵ داعش بەشدار بوون و دەستیان بە خوێنی ئێزدییەکان و خەڵکی ئەو ناوچەیە سوورە، لە دوای نەمانی داعش گەڕانەوە سەر شوێن و کار و وەزیفەی خۆیان لە ناوچەکەدا، بەبێ ئەوەی هیچ لێپێچینەوەیەکیان لەگەڵدا بکرێت و دادگایی بکرێن، ئەو کەسانە ئێستاکەش لە دەڤەرەکە ماون و هەڵگری بیروباوەڕی داعشن.

دووەم: ئەو خەڵکەی کە ماوەی چوار ساڵ لەژێر دەسەڵاتی داعشدا بوون، بەشی زۆریان بە بیروباوەڕی داعش فێرکراون و ئێستا ئامادەن بۆ ئەوەی پێشوازی لە بیروباوەڕی تیرۆریستانی داعش بکەن و دوایان بکەونەوە.

سێیەم: ئەو خەڵکانەی دەڤەری شنگال کە ئاوارەی عێراق و هەرێمی کوردستان بوون، لە پاش ئەوەی کە داعش هەرەسی هێنا، ئەوانە بەشی زۆریان گەڕاونەتەوە شوێنی خۆیان.

چوارەم: شانە نووستووەکانی داعش پێشتر و ئێستاکەش لە دەڤەری شنگال ماون و خەڵکانی دیکەش بە بیروباوەڕیان کاریگەر بوون.

پێنجەم: حکومەتی عێراق هەستاوە بە گواستنەوەی ئەو خەڵکەی کە لە کەمپی هۆڵدا بوون لە سووریا، کە خێزان و ئەو کەسانەن کە سەر بە داعشن، لە موخەیەمی جەدعە لە نزیک شنگال نیشتەجێ کراون، واتە قوربانی و تاوانبارانی تیرۆریستانی داعش لە نزیك یەکن.

شەشەم: هەسەدە کە هێزی سووریای دیموکراتی سەر بە پەکەکەن، هەستان بە بەردانی زیاتر لە (١٢٠٠) کەسی داعش لە زیندانەکانیان، هەموو ئەوانە هاتنەوە عێراق، بەتایبەتی هاتنە شاری موسڵ و دەڤەری شنگال.

حەوتەم: ئێستاش داعش لە چەندین ناوچەی

**زۆربەی ئەوانەی لەگەڵ داعش بەشدار بوون و دەستیان بە خوێنی ئێزدییەکان و خەڵکی ئەو ناوچەیە سوورە، لە دوای نەمانی داعش گەڕانەوە سەر شوێن و کار و وەزیفەی خۆیان لە ناوچەکەدا، بەبێ ئەوەی هیچ لێپێچینەوەیەکیان لەگەڵدا بکرێت**

**ئەو خەڵکەی کە ماوەی چوار ساڵ لەژێر دەسەڵاتی داعشدا بوون، بەشی زۆریان بە بیروباوەڕی داعش فێرکراون و ئێستا ئامادەن بۆ ئەوەی پێشوازی لە بیروباوەڕی تیرۆریستانی داعش بکەن و دوایان بکەونەوە**

عێراقدا هەن، بەتایبەتی لە ناو تونێلەکانیان لە ناوچەی شنگال و تەلەعفەر و چیای حەمرین، واتە لەو شوێن و دەوروبەرانەدا چەکدارانی داعش هەن.

هەشتەم: ناوچەی شنگال جۆرەها هێزی تێدایە، لەو هێزانە هەیانە فەرمین وەکو سوپای عێراق و پۆلیس و هێزی پێشمەرگە، ئەگەرچی هێزی نافەرمییش لە ناوچەکە هەیە، کە ئەوانیش هەیانە حەشدی شەعبین، بەڵام پابەندی بڕیارەکانی محەمەد شیاع سوودانی نابن و هێزی سەربەخۆن و سەر بە عێراق نین. چەکدارانی پەکەکەش بە چەندین ناو هەن ئەو هێزە میلیشیاتانە و چەکدارانی پەکەکە وای کردووە کە هێزە فەرمییەکان بەتایبەتی سوپای عێراق پەرتەوازەیی تێدا بەدی بکرێت. هەر بۆیە پێموایە ئەوانە گرنگترین خاڵ و هۆکارن کە ئێمە لەسەریان ڕاوەستین و بوونەتە هۆکاری ئەو ترسەی کە ئەو کۆمەڵکوژی و جینۆسایدەی لە دە ساڵ پێش ئێستا بەسەر ئێزدییەکان داهاتووە دیسان دووبارە ببێتەوە، بۆیە تەئکید دەکەینەوە هێشتا مەترسیی تیرۆریسانی داعش لەسەر ناوچەکە هەیە.

*** دوای تێپەڕبوونی دە ساڵ بەسەر جینۆسایدی خوشک و برا ئێزدییەکانماندا، هەتا ئێستاش زیاتر لە ٢٠٠ هەزار ئاوارە لە کەمپەکانی دهۆک و زاخۆ دەژین، پرسیار لێرەدا ئەوەیە نزیکەی ماوەی هەشت ساڵە تیرۆریستانی داعش کۆتاییان هاتووە، ئەو ئاستەنگانە چین کە ڕێگرن لەوەی ئەو ئاوارانە بگەڕێنەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان؟ ئەمە لە کاتێکدا ڕێککەوتنی شنگال لە نێوان حکومەتی فیدراڵ و هەرێم و نەتەوە یەکگرتووەکان واژۆ کراوە، ئەو ڕێککەوتنە بۆچی جێبەجێ ناکرێت؟**

- ئەو هەشت خاڵەی کە پێشتر ئاماژەمان پێدا، لەگەڵ جێبەجێ نەکردنی ئەو بەند و خاڵانەی کە لە ڕێککەوتنی شنگال کە لە نێوان حکومەتی بەغدا و هەرێم و نەتەوە یەکگرتووەکان ئیمزا کراوە، هۆکارن بۆ ئەوەی خەڵکی شنگال و ناوچەکە ناتوانن بگەڕێنەوە سەر ماڵ و موڵك و شوێنەکانی خۆیان، هۆکارێکی دیکەش کە خەڵکەکە ناتوانێت بگەڕێتەوە، ئەوەیە کە شنگال و ناوچەکە بە تەواوی خاپوور کراوە و بە کەڵکی ژیان و حەوانەوەی مرۆڤ نایەت و بچووکترین خزمەتگوزاری لەو دەڤەرە نییە.

*** لە ساڵی ٢٠١٤ و دوای ئەو جینۆسایدەی بەسەر ئێزدییەکاندا هات، بە هەزاران کچ و ژنی کوردی ئێزدی لەلایەن تیرۆریستانی داعشەوە کرانە کەنیزەك و سەبایە، ئایا تا ئێستا چەند لەو کچ و ژنانە ئازاد کراون و گەڕێندراونەتەوە، چەندیش بێسەروشوێنن؟ ئایا تا چەند مرۆڤایەتی شەرمەزار دەبێت لە سەدەی بیست و یەکەم و لە عێراقێکدا کە بەخۆی دەڵێت دیموکراتی و فیدراڵی، کچ و ژن بکرێنە سەبایە؟**

- داعشی تیرۆریست (٦٤١٧)کەسی لە ژن و کچ و پیاوانی ئێزدی لە ناوچەکە و شنگال ڕفاند، بەڵام خۆشبەختانە تا ئێستاکە (٣٥٧٩) کەس ڕزگار کراون کە زۆربەی هەرە زۆری ئەوانەی ڕزگارکراون لە ڕێگەی نووسینگەی ڕفێندراوانی ئێزدییەکانەوە بووە، کە ئەو نووسینگەیە سەر بە نووسینگەی تایبەتیی بەڕێز نێچیرڤان بارزانییە و (٢٤٢) ڕفێندراو لە ناو گۆڕەبەکۆمەڵەکان دۆزراونەتەوە و ئەوانەی تا ئێستا ماون و بە کەسوکاری خۆیان شاد نەبوونەتەوە (٢٥٩٦)کەسن، بەڵام تا ئێستا جگە لەو نووسینگە تایبەتە هیچ شوێن و وڵات و ڕێکخراوێکی عێراقی و بیانی و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی نەیانتوانیوە هاریکار بن بۆ دۆزینەوەی تاکە یەك کەسی ڕفێندراوی ئێزدی، هەر بۆیەش خۆی لە خۆیدا ئەوە شەرمەزارییە بۆ عێراق و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییش.

*** هەر لە ساڵی ٢٠١٤ پیاوانی ئێزدی کۆمەڵکوژ کران و پاشان لە گۆڕی بەکۆمەڵدا شاردراونەتەوە. ئایا ژمارەی ئەو گۆڕە بەکۆمەڵانە چەندە کە ڕوفاتی ئێزدییەکانی تێدا شاردراونەتەوە؟ چەند گۆڕی بەکۆمەڵتان هەڵداوەتەوە و چەندی دیکە ماون؟ ئایا ڕێگرییەکانی بەردەم هەڵدانەوەی گۆڕەکانی دیکە چین؟**

- ئەو گۆڕە بەکۆمەڵانەی تا ئێستا دەرهێنراون، ژمارەیان (٩٢) گۆڕی بەکۆمەڵە، بەڵام بە دەیان گۆڕی بەکۆمەڵی دیکەی ئێزدییەکان لە ناوچەکە و شنگال ماون و کەس بە دوایاندا نەگەڕاوە و کەسیش گوێی پێ نادات، بارانبارین

**شانە نووستووەکانی داعش پێشتر و ئێستاکەش لە دەڤەری شنگال ماون و خەڵکانی دیکەش بە بیروباوەڕیان کاریگەر بوون**

**هەسەدە کە هێزی سووریای دیموکراتی سەر بە پەکەکەن، هەستان بە بەردانی زیاتر لە (١٢٠٠) کەسی داعش لە زیندانەکانیان، هەموو ئەوانە هاتنەوە عێراق، بەتایبەتی هاتنە شاری مووسڵ و دەڤەری شنگال**

**داعشی تیرۆریست (٦٤١٧)کەسی لە ژن و کچ و پیاوانی ئێزدی لە ناوچەکە و شنگال ڕفاند، بەڵام خۆشبەختانە تا ئێستاکە (٣٥٧٩)کەس ڕزگار کراون**

**زۆربەی هەرە زۆری ئەوانەی ڕزگارکراون لە ڕێگەی نووسینگەی ڕفێندراوانی ئێزدییەکانەوە بووە، کە ئەو نووسینگەیە سەر بە نووسینگەی تایبەتیی بەڕێز نێچیرڤان بارزانییە**



و لافاویش کاریگەری لەسەر گۆڕەبەکۆمەڵەکان هەیە، بەتایبەتی لە بزربوون و دیار نەمانیاندا، لە لایەکی دیکەوە مەڕ و ماڵات و ئاژەڵەکانی ناوچەکەش بوونەتە هۆکاری تێکچوون و بزربوونی گۆڕی بەکۆمەڵ. هەروەها دوا گۆڕی بەکۆمەڵ لە (بیربەر عەنتەر) لە تەلەعفەر دۆزرایەوە کە گۆڕێکی یەکجار گەورەیە و زۆربەی ڕووفاتەکان ئێزدین، عێراق تا ڕاددەیەك هەوڵی داوە گۆڕەبەکۆمەڵەکان بدۆزرێتەوە، بەڵام لە ئاستی پێویست نییە، چونکە ئەوە ماوەی دە ساڵی بەسەردا تێپەڕ دەبێت، دەبوایە تا ئێستا هەموو گۆڕەبەکۆمەڵەکان بدۆزرانایەتەوە و ڕوفاتەکانیان دەربهێنایە.

*** ئایا ڕوفاتی ئەو ئێزدییانەی لە گۆڕەبەکۆمەڵەکاندا دۆزراونەتەوە لە ڕێوڕەسمێکی شایستەدا بە خاك سپێردراون؟**

- هەموو ئەو ڕوفاتانەی لەو گۆڕەبەکۆمەڵانەدا دۆزراونەتەوە، حکومەتی عێراق لە ڕێوڕەسمێکی شایستە لە بەغداوە تا شنگال بە ڕێوڕەسمی سەربازی بۆ ئەنجام داوە و لە شنگال و ناوچەکەدا ڕوفاتەکانیان ناشتووە.

*** پەرلەمانی عێراقی فیدڕاڵ چۆن مامەڵەی لەگەڵ ئەم پرسە کردووە؟ ئایا هەتا ئێستا بە یاسایەك کارەساتی ئێزدییەکانی بە جینۆساید سەلماندووە؟ ئەگەر نەیسەلماندووە هۆکارەکانی چین؟**

- نەخێر، پەرلەمانی عێراق تا ئێستا کارەساتی جینۆسایدی ئێزدییەکانی بە جینۆساید نەناساندووە و تەنانەت ئامادە نەبوون گفتوگۆش لەسەر ئەو بابەتە بکەن، بە بیانووی ئەوەی عێراق ئەندام نییە لەگەڵ ئەو وڵاتانەی باس لەو جۆرە کارەساتە دەکەن.

**ئەو گۆڕە بەکۆمەڵانەی تا ئێستا دەرهێنراون، ژمارەیان (٩٢) گۆڕی بەکۆمەڵە**



**دڵشاد میران**
سیاسەتمەدار و شرۆڤەکاری سیاسی:

# تەنیا سەرۆک بارزانی دەتوانێت لەناو ئەم هەموو بارگرژی و شەڕ و ئاشووبەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەرژەوەندییەکانی کورد بپارێزێت

# سەرۆک بارزانی لە بەغدا دۆخەکەی نێوان هەرێم و عێراقی هێور کردەوە و دەنگی هەموو ئەوانەی کپ کرد، کە دژی قەوارەی هەرێم و مافەکانی خەڵکی کوردستان بوون

ناوچەکە و عێراق بە کۆمەڵێك ڕووداو و گۆڕانکاریی گرنگدا تێپەڕ دەبێت. سەرۆك بارزانی وەکو کەسایەتییەکی سیاسی کە لەسەر ئاستی ناوخۆیی و ئیقلیمی و نێودەوڵەتی پێگە و قورسایی خۆی هەیە، ڕۆڵی لە کەمکردنەوەی گرژییەکان و داڕشتنی نەخشەی دواڕۆژی سیاسیی عێراق هەیە. لە دوا سەردانیدا بۆ بەغدا و کۆبوونەوەی لەگەڵ لایەنە سیاسییەکانی عێراق، کاری جددی کردووە بۆ کەمکردنەوەی ئەو بارگرژییانە و چارەسەرکردنی کێشەکان. گۆڤاری گوڵان لەدیدارێکیدا لەگەڵ دڵشاد میران سیاسەتمەدار و شرۆڤەکاری سیاسی کە ماوەیەك نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان بووە لە بەغدا و نووسەرێکی سیاسیی بەتوانایە، ئەم پرسەی تاوتوێ کرد.

*** لەدوای کوشتنی ئیسماعیل هەنیە سەرۆکی مەکتەبی سیاسیی بزووتنەوەی حەماس لە تاران و کوشتنی فوئاد شوکر سەرکردەی حزبوڵڵا لە بەیرووتی پایتەختی لوبنان لەلایەن ئیسرائیل و هەڕەشەکانی تۆڵەسەندنەوە لەلایەن ئێرانەوە، بارودۆخی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەرەو بارگرژیی زیاتر چووە. وەکو شرۆڤەکارێکی سیاسی هەڵسەنگاندنت بۆ ئەو دۆخە چییە؟**

- لە ٧ی ئۆکتۆبەری ساڵی ڕابردووەوە دوای هێرشەکەی حەماس بۆ سەر ئیسرائیل کە کوژران و ڕفاندنی ئیسرائیلییەکانی لێکەوتەوە، گۆڕانکاریی گەورەی لە هاوکێشەی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لێکەوتەوە. هەڵبەتە پێش سەرهەڵدانی ئەم بارگرژی و جەنگەش ماوەیەکی زۆرە بارگرژی لە نێوان زۆربەی جەمسەرەکانی جیهان سەری هەڵدابوو، هەر لە هێرشی ڕووسەکان بۆ سەر ئۆکرانیا و ململانێکانی نێوان ڕووسیا و ئەمریکا و چین و ئەمریکا لەلایەك و ئێران و ئەمریکا لە لایەکی دیکەوە، بۆیە شەڕی حەماس و ئیسرائیل هەروەکو پێشبینیم کردبوو، بە خێراییەکی زۆر تێوەگلانی میلیشیات و هێزەکانی دیکەی ئیقلیمی لێکەوتەوە، بەتایبەتی ئەوانەی خۆیان بە بەرەی موقاوەمەی ئیسلامی ناو دەبەن و لەبەرەی ئێراندان و لە وڵاتانی لوبنان و یەمەن و سووریا و عێراق دابەش بوون. هەڵبەتە هەرێمی کوردستانیش پریشکی شەڕەکەی بەرکەوتووە. خۆ ئەگەر حیکمەتی سەرۆك بارزانی نەبووایە، ئەوا زیانەکانی ئەو بارگرژی و شەڕانە زۆر گرانتر لەسەر هەرێمی کوردستان و خەڵکەکەی ڕادەوەستا. کوشتنی ئیسماعیل هەنیە سەرۆکی مەکتەبی سیاسیی بزووتنەوەی حەماس لە تاران و کوشتنی فوئاد شوکر سەرکردەی حزبوڵڵا لە بەیرووتی پایتەختی لوبنان و کوشتنی حوسێن عەبدوڵڵا شەعبلی سەرکردەی باڵای ئەنسارولڵای حووسییەکانی یەمەن لە جوفر سەخری پارێزگای بابلی عێراق، ئاگری زیاتری لە دۆخەکە بەردا و ئێرانی خستووەتە بەردەم تاقیکردنەوەیەکی قورس، بۆ وەڵامدانەوەی هێرشەکەی ئیسرائیل و بەرپابوونی شەڕێکی گەورە، یان وەڵام نەدانەوە، یان وەڵامدانەوەیەکی سنوورداری کەم، کە ئەویش بووەتە عەیبەیەکی گەورە بۆ جێبەجێنەکردنی بەڵێنەکانی سەرکردە گەورەکانی ئێران کە زۆر بە گرانی لەسەریان دەوەستێت، ئەگەر جێبەجێی نەکەن. بۆیە هەموو پێشهاتەکان بەرەو ئەوە دەچن کە ئێران

**ئەگەر حیکمەتی سەرۆك بارزانی نەبووایە، ئەوا زیانەکانی ئەو بارگرژی و شەڕانە زۆر گرانتر لەسەر هەرێمی کوردستان و خەڵکەکەی ڕادەوەستا**

**لەم قۆناغەدا کۆتایی بە دانوستانەکانی ئاگربەست هاتووە و ئازادکردنی دەستگیرکراوەکانیش لە غەززە قورستر بووە**

و گرووپەکانی بەناوی موقاوەمەی ئیسلامی وەڵامیان دەبێت، هەر چۆنێك بێت، لە ئێستادا بە لانیکەم لەم قۆناغەدا کۆتایی بە دانوستانەکانی ئاگربەست هاتووە و ئازادکردنی دەستگیرکراوەکانیش لە غەززە قورستر بووە، بەمەش جیهان لە چاوەڕوانیی هەڵگیرسانی شەڕێکی سنوورداردایە و کاریگەریی لەسەر سەرجەم وڵاتانی ناوچەکە و جیهان دەبێت و دەرئەنجامەکانی شەڕو بارگرژییەکەش ڕوون نییە، بەڵام بە ئازار دەبێت و ڕەنگە دووبارە چاوخشاندنەوە بە دابەشکردنەوەی هێزەکان لە تەواوی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕوو بدات. تەنانەت وڵاتانی وەکو چین و سعودییە و قەتەر و ئیمارات و تورکیا هەموویان چاویان لە بارودۆخەکە و دووبارە دابەشکردنەوەی بەرژەوەندییە سیاسی و ئابووری و سەربازییەکانیان پاڵنەریانە بۆ بڕیارەکانیان.

لەم بارودۆخە سەختە و پێشهاتە مەترسیدارەدا سەرۆك بارزانی ڕووی لە بەغدا کرد و لەگەڵ سەرکردەکانی ناو ئیتاری تەنسیقی و هاوپەیمانێتی بەڕێوەبردنی دەوڵەت کۆبووەوە، بەشێکیش لە ئامانجی ئەم سەردانە چارەسەرکردنی کێشەکانی هەرێم بوو لەگەڵ بەغدا و بارگرژییەکانی میلیشیاتە چەکدارەکان بوو لەگەڵ هەرێمی کوردستان و گفتوگۆکردن بوو لەسەر هێورکردنەوەی بارگرژییەکان.

*** وەکو ئاماژەت پێدا، دوای سەردانە مێژووییەکەی سەرۆك بارزانی بۆ بەغدا گفتوگۆ و دانوستانەکان دەستیان پێکردووەتەوە و تا ڕادەیەکی باش لێکتێگەیشتن لەنێوان هەولێر و بەغدا دروست بووە. ئایا تاچەند ئەم سەردانە لەم بارودۆخە گرژاوییەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بۆ عێراق و هەرێمی کوردستان گرنگ بوو؟**

- سەرۆك بارزانی لە وێستگە گرنگ و هەستیارەکاندا ڕۆڵ و پێگەی خۆی هەیە، کورد تاکە سەرکردەیەکی مێژوویی و گەورەی هەیە کە لە ئێستادا لەناو جەرگەی ئەو ڕووداو و شەڕ و ئاڵۆزییانەدا ڕۆڵی گەورە دەبینێت. حیکمەت و بلیمەتیی سەرۆك بارزانی وایە، خوێندنەوەیەکی زۆر قووڵیان بۆ ئەم بارودۆخەی ئێستا هەیە و تەنیا بە سەرۆك بارزانی دەکرێت هێمنی و سەقامگیری ئەم هەرێمە لەم ناوچە مەترسیدارەدا بپارێزێت. هەموو ئەو پەیوەندییانەی لە عێراق و ناوچەکەدا هەیەتی، بۆ خزمەتی دۆزی ڕەوای کورد بەکاری دەهێنێت، سەردانەکەشی بۆ بەغدا و زنجیرە کۆبوونەوە و دیدارەکانی تەنیا لەم پێناوەدا بووە، کورد مافەکانی دەست بکەوێت و لەناو ئەم هەموو شەڕ و ئاشووبەدا نەیێتەوە قوربانیی دۆخەکە و بەرژەوەندییەکانی کورد بپارێزرێت. تەنانەت لە ئەگەری هەڵگیرسانی جەنگی گەورە و دووبارە چاوخشاندنەوە بە نەخشەی سیاسیی ناوچەکەدا بەرژەوەندییە باڵاکانی گەلی کورد پارێزراو بێت. ئەوەتا لەگەڵ دەرکەوتنی هەر کێشە و گرفتێکی سیاسی سەرکردە و شاندە باڵاکانی عێراق سەردانی سەرۆك بارزانی دەکەن و پێکەوە گفتوگۆی جددی لەسەر دۆخەکە دەکەن. ئەوان دەزانن بارزانی پیاوی ڕۆژە سەختەکان و خاوەنی بەڵێنی خۆیەتی و خۆشیان دانیان بەوەدا ناوە، کە دوورکەوتنەوە لە سەرۆك بارزانی زیانێکی گەورەیە لەسەرجەم پرۆسەی سیاسیی عێراق و بۆ قسەکردن و گفتوگۆکردنیش لەگەڵ کورد بێ ئەم مەرجەعە نەتەوەیی و نیشتمانییە نابێت.

*** تا ڕادەیەك چارەسەرکردنی کێشەکانی مووچە و نزیکبوونەوەی لێکتێگەیشتنەکان لەسەر زۆر پرسی دیکەی سیاسی و سەربازی و ئەمنی و ئابووری لە نێوان هەولێر و بەغدا هەر لە چوارچێوەی سەردانەکەی سەرۆك بارزانی بۆ بەغدایە و ئایا پێشبینیتان لەو بوارەدا چییە؟**

- سەرۆك بارزانی لەبەغدا گرژی و ئاڵۆزییەکانی نێوان هەردوو حکومەتی هەرێمی کوردستان و عێراقی هێور کردەوە و دەنگی هەموو ئەوانەی دژی قەوارەی هەرێم و مافەکانی خەڵکی کوردستان بوون کپ کرد. سەرۆك بارزانی ڕاستگۆیانە و دوور لە هەموو مانۆڕێکی سیاسی، پرسیارەکانی ئاراستەی سەرکردە شیعەکان کرد و نەخشەڕێگای چارەسەرەکانیشی بۆ دەستنیشان کردن. خۆشبەختانە لێکتێگەیشتنی باش هەبوو، تاوەکو لە قۆناغی داهاتوودا هەموان دانەخزێنە ناو تەنگژە گەورە و ئاڵۆزە چاوەڕوانکراوەکەی

**جیهان لە چاوەڕوانیی هەڵگیرسانی شەڕێکی سنوورداردایە و کاریگەریی لەسەر سەرجەم وڵاتانی ناوچەکە و جیهان دەبێت و دەرئەنجامەکانی شەڕو بارگرژییەکەش ڕوون نییە**

**سەرۆك بارزانی لە وێستگە گرنگ و هەستیارەکاندا ڕۆڵ و پێگەی خۆی هەیە، کورد تاکە سەرکردەیەکی مێژوویی و گەورەی هەیە کە لە ئێستادا لەناو جەرگەی ئەو ڕووداو و شەڕ و ئاڵۆزییانەدا ڕۆڵی گەورە دەبینێت**

**لەگەڵ دەرکەوتنی هەر کێشە و گرفتێکی سیاسی سەرکردە و شاندە باڵاکانی عێراق سەردانی سەرۆك بارزانی دەکەن و پێکەوە گفتوگۆی جددی لەسەر دۆخەکە دەکەن**

**سەرۆك بارزانی ڕاستگۆیانە و دوور لە هەموو مانۆڕێکی سیاسی، پرسیارەکانی ئاراستەی سەرکردە شیعەکان کرد و نەخشەڕێگای چارەسەرەکانیشی بۆ دەستنیشان کردن**

شەڕی نێوان ئیسرائیل و بەرەی موقاوەمەی ئێرانی. هەر هیچ نەبێت، بە لانی کەمەوە لەم قۆناغەدا هەرێم تووشی شەڕێکی ماڵوێرانکەر نەبێت، کە زۆر لایەن هەبوون خوازیاری ئەو تێوەگلانەی هەرێمی کوردستان بوون. ئەوە بوو لەسەر ڕاسپاردەی سەرۆك بارزانی، بەڕێزان سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەر چەند مەحوەرێك کەوتنە کار لەوانە:

١- پەیوەندییەکان لەگەڵ ئەمریکا و هاوپەیمانەکان بەهێزتر کرا.

٢- پەیوەندییەکان لەگەڵ عێراق و وڵاتانی دراوسێ بەتایبەتی ئێران چووە قۆناغێکی هێوربوونەوە و هێرشە مووشەکی و درۆنە بۆمبڕێژەکان کۆتاییان پێ هێنرا.

٣- ئاساییکردنەوەی بارگرژییەکان لە نێوان پارتی و یەکێتی و خۆئامادەکردن بۆ ئەنجامدانی پرۆسەی هەڵبژاردن و گەڕانەوەی شەرعیەت بۆ پەرلەمان و دامەزراوەکانی حکومەت.

ئەجندەکانی ئەم سێ میحوەرە، تەنیا بە دیپلۆماسییەتی سەرۆك بارزانی جێبەجێ دەکرێت، کە توانای هەیە هەر دوو سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان و حکومەتی هەرێمی کوردستان بەرەو ئەو ئاراستەیە ببات، کە ژیرانە و بە مەنتقی عەقڵ هەڵسوکەوت لەگەڵ هەموو ئەگەر و گۆڕانکارییەك بکەن و بەرژەوەندیی خەڵکی کوردستان بخەنە سەرووی هەموو بەرژەوەندییەکانیانەوە. دیارە سیاسەتی ئەوەی هەرێمی کوردستان نەچێتە ناو هیچ هاوپەیمانێتییەکی ئەو شەڕەوە کە هیچ بەرژەوەندییەکی کوردی تێدا نییە و ئاڵۆزییەکان زیاتر دەکات، زۆر ڕوونە. باش دەزانم کە لە عێراق و ناوچەکە عەقڵیەتی سەنتراڵیزم بوونی هەیە و دەستتێوەردانی دەرەکی وەکو دەستتێوەردانی ئێرانی و تورکی لە ناوچەکەدا هەیە و زۆر هێز و کەسانی بەناو سیاسی ڕۆڵی خراپیان لە دژی هەرێم هەیە و، دەیانەوێت بمانگێڕنەوە بۆ خاڵی پێکدادانەکان و دابڕان لە نێوان هەولێر و بەغدا دروست بێت، بەڵام حیکمەتی سەرۆك بارزانی و ڕۆڵی پارتی لە ڕاگرتنی دۆخەکە دیار و لەبەرچاوە، کە لەم قۆناغەدا و لەپێناو بەرژەوەندیی گشتی گەڕانەوە بۆ بەغدا لەناو چوارچێوەی فیدراڵییەتدا باشترین بڕیار و ستراتیژیەتە.

* ئایا هەموو ئەم ئەگەرە مەترسیدار و ئاڵۆز و بارگرژییانە کاریگەریی لەسەر ڕەوشی پرۆسەی هەڵبژاردن ناکات، بەتایبەتی ئەگەر پارێزگای سلێمانی و هەندێك لایەنی سیاسی لە کوردستان نەزانن چۆن مامەڵە لەگەڵ دۆخێکی وا هەستیاردا بکەن؟

- ئەنجامدانی هەڵبژاردن خاڵێکی هەرە سەرەکییە بۆ گەڕانەوەی شەرعییەت بۆ پەرلەمان و بەهێزکردنی زیاتری دەسەڵاتەکانی هەرێمی کوردستان و بەهێزبوونی پێگە و مەکانەتی هەرێمی کوردستان لە ناوچەکە و جیهاندا. بگرە ئەم هەڵبژاردنە ڕۆڵی دەبێت لە دووبارە دەستپێکردنەوەی گفتوگۆ لەنێوان لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان، بەتایبەتی لەدوای پرۆسەی هەڵبژاردن و بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەتی هەرێمی کوردستان. من دەزانم لەناو بارگرژییەکی وادا ڕەنگە مەترسییەکان زۆر بن و جۆرێك لە کێشمەکێش و دەستتێوەردانی دەرەکیش دەبێت، ڕەنگە پارتی دیموکراتی کوردستان تەنیا پارت و هێزێکی سیاسی بێت کە ڕاستگۆیانە ویستی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی هەبێت، مەگەر لە ناوچەکەدا شەڕ و جەنگەکەی نێوان ئێران و ئەمریکا بچێتە قۆناغێکی مەترسیدارەوە، ئەمە پێشبینییەکی دوورە و هەمووان لە بەرژەوەندییاندا نییە. ئێستا کە ئێمە لە یادی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان نزیك دەبینەوە، تەنیا یادێك نابێت بۆ دامەزراندنی پارتێکی سیاسی، بە قەد ئەوەی یادێك دەبێت بۆ گۆڕینی تێگەیشتنمان بۆ حزبی سیاسی، ئەو حزبەی متمانەی جەماوەری هەبێت و خاوەنی سەرکردەیەکی مێژوویی بێت، هەرگیز سڵ لە هەڵبژاردنەکان ناکاتەوە. پارتی بەردەوام ڕۆڵ و پێگەی لە نێوخۆ و عێراق و ناوچەکە و جیهانیشدا دیار و لەبەرچاوە و تا دێت قاعیدە جەماوەرییەکەی فراوانتر و زیاتر بەهێز دەبێت، چونکە پارتی لە کوێ بێت، سەقامگیری و ئاشتی و خۆشگوزەرانی لەوێ دەبێت، مادام خاوەنی سەرکردەیەکی مێژوویی و گرنگی وەکو سەرۆك بارزانین.

**پەیوەندییەکان لەگەڵ عێراق و وڵاتانی دراوسێ بەتایبەتی ئێران چووە قۆناغێکی هێوربوونەوە و هێرشە مووشەکی و درۆنە بۆمبڕێژەکان کۆتاییان پێ هێنرا**

**زۆر هێز و کەسانی بەناو سیاسی ڕۆڵی خراپیان لە دژی هەرێم هەیە و، دەیانەوێت بمانگێڕنەوە بۆ خاڵی پێکدادانەکان و دابڕان لە نێوان هەولێر و بەغدا دروست بێت**

**ئەنجامدانی هەڵبژاردن خاڵێکی هەرە سەرەکییە بۆ گەڕانەوەی شەرعییەت بۆ پەرلەمان و بەهێزکردنی زیاتری دەسەڵاتەکانی هەرێمی کوردستان و بەهێزبوونی پێگە و مەکانەتی هەرێمی کوردستان لە ناوچەکە و جیهاندا**

**پارتی بەردەوام ڕۆڵ و پێگەی لە نێوخۆ و عێراق و ناوچەکە و جیهانیشدا دیار و لەبەرچاوە و تا دێت قاعیدە جەماوەرییەکەی فراوانتر و زیاتر بەهێز دەبێت**



ماریانا چارۆنتاکی

پڕۆفیسۆری سیاسەتی نێودەوڵەتی لە زانکۆی لینکۆڵن بۆ گوڵان:

# ئاڵوگۆڕێک لە سیاسەتی یەکێتیی ئەوروپا لە ئاست کوردستاندا هاتووەتە ئاراوە

# دیمانەی تایبەت

ماریانا چارۆنتاکی، وانەبێژی باڵایە لە بواری سیاسەتی نێودەوڵەتی لە زانکۆی لینکۆڵن (سکووڵی زانستە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان)، وەك بەڕێوەبەری یەکەی دیراساتی نێودەوڵەتیی کوردستان (٢٠١٦-٢٠١٩) لە زانکۆی لێستەر کاری کردووە، ئەندامی ئەنجومەنی ئەمینداراني سکووڵی لەندەن بۆ ئابووری و زانستە سیاسییەکان و کۆمەڵەی دیراساتی نێودەوڵەتی بەریتانییە و، بەشدارە لە ڕێکخستنی کۆمەڵەی کاری سیاسەتی نێودەوڵەتیی سەر بە کۆمەڵەی دیراساتی نێودەوڵەتیی بەریتانی. هەروەها هاوەڵی توێژینەوەیە لە زانکۆی سۆران (هەولێر، عێراق) و وەك ڕاوێژکار لە باڵیۆزخانەی عێراق لە ئەسینا (یۆنان ٢٠١١-٢٠١٢) کاری کردووە. ماریانا لە بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا توێژینەوەی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەنجام داوە، هەروەها توێژینەوەی چڕی کاری مەیدانیی ئەنجام داوە لە ساڵی٢٠٠٧ـەوە تاوەکو ئێستا. توێژینەوەکانی پەیوەستن بە تیۆرەکانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، شرۆڤەکاریی سیاسەتی دەرەوە و توێژینەوەی ناوچەکە بە چڕکردنەوەی سەرنجەکانی لەسەر کارلێکی نێوان دەوڵەت و قەوارە نادەوڵەتییەکان، هەروەها تێگەیشتنی تیۆری لەبارەی قەوارە نادەوڵەتییەکان و پێگەی سیاسەتی نێودەوڵەتییەوە. نووسەری چەندین کتێبە لە نێویاندا (کورد و سیاسەتی دەرەکیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ساڵی ١٩٤٥ـەوە «ڕوتلێدج، ٢٠١١» و ئێران و تورکیا - بەشداریی نێودەوڵەتی و هەرێمایەتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست «ئای ب توریس، ٢٠١٨» و هاونووسەری کتێبی نەخشەسازی کاراکتەرە نادەوڵەتییەکان لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا «سپرینگەر، ٢٠٢٢»، توێژینەوەی لە چەندین گۆڤار بڵاو کردووەتەوە، لە نێویاندا (هارڤارد ئەنتەرناشناڵ ڕیڤیو، کامبریدج ڕیڤیو ئوف ئنتەرناشناڵ ئەفێرز، ئنتەرناشناڵ پۆلەتیکس جۆرناڵ، سێرد وێڵد کوارتەرلی، بریتیش جورناڵ ئۆف میدڵ ئیسترێن ستەدیس و چەند گۆڤاری دیکە). گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجام دا لە بارەی پەیوەندییەکانی یەکێتیی ئەورووپا و هەرێمی کوردستانەوە.

*** بە تێڕوانینی ئێوە بنەما و فەلسەفەی سەرەکیی سیاسەتی یەکێتیی ئەورووپا لە ئاست هەرێمی کوردستاندا چییە و بە هەڵسەنگاندنی ئێوە ئایا دەکرێت بڵێین کە هێشتا ئەو سیاسەتەی یەکێتیی ئەورووپا لە ئاست ئەم هەرێمەدا گرتوویەتەبەر، تەواو گەڵاڵە نەبووە و ڕەهەندەکانی بە تەواوەتی ڕەنگڕێژ نەبوون؟**

- بە شێوەیەکی گشتی سیاسەتی دەرەوەی یەکێتیی ئەورووپا لە بەرەوپێشچووندایە، ئەویش بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە لە هەوڵەکانی بەردەوامە بۆ ئەوەی ئەم سیاسەتە یەك بخات لە ئاستێکی دیکەدا، کە ئەم حاڵەتە تەنیا پەیوەست نییە بە سیاسەتی دەرەکییەوە، بەڵکو ئەم حاڵەتە لە بوارەکانی بەرگری و ئاسایشیشدا بەدی دەکرێت و بەرچاو دەکەوێت. دواتر نابێت ئەوەمان لە بیر بچێت کە بەدامەزراوەییکردنی سیاسەتی دەرەکیی یەکێتیی ئەورووپا تا ڕاددەیەك هەوڵ و کۆششێکی نوێیە، واتە هێشتا لەم ڕووەوە ناکۆکی و بارگرژییەك هەیە لەنێوان داڕشتنی سیاسەت لەسەر ئاستی یەکێتییەکە و سیاسەتی دەوڵەتە ئەندامەکانی، ئەمەش ئەوە ڕوون دەکاتەوە، کە ڕێچکەی سیاسەتی یەکێتیی ئەورووپا پەیوەستە بە دەوڵەتە ئەندامەکانییەوە، کەواتە مەسەلەیەکی ئاڵۆزە کە گفتوگۆ بکەین لەبارەی بوونی پرەنسیپ و فەلسەفەیەکی سەرەکییەوە کە بووبێتە مۆرکی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و دامەزراوەی یەکێتیی ئەورووپا وەك دوو کاراکتەری نادەوڵەتیی جیاواز. تاوەکو ئێستا ئەم دووانەیە لە سیاسەتی دەرەوەی یەکێتیی ئەورووپادا دەردەکەوێت لە میانەی

**بەدامەزراوەییکردنی سیاسەتی دەرەکیی یەکێتیی ئەورووپا تا ڕاددەیەک هەوڵ و کۆششێکی نوێیە، واتە هێشتا لەم ڕووەوە ناکۆکی و بارگرژییەک هەیە لە نێوان داڕشتنی سیاسەت لەسەر ئاستی یەکێتییەکە و سیاسەتی دەوڵەتە ئەندامەکانی**

وەڵامدانەوەیاندا بۆ قەیرانەکان. ئەگەر بڵێین سەرهەڵدانی داعش لە ساڵی ٢٠١٤ ئاسانکاریی کرد بۆ سیاسەتەکانی یەکێتیی ئەوروپا لە عێراقدا، ئەوا ڕاپرسییەکەی ساڵی ٢٠١٧ لە کوردستان و ڕووداوەکانی دواتر ئاڵوگۆڕێکیان لە سیاسەتی دەرەوەی ئەم یەکێتییەدا دروست کردووە. پێدەچێت ئەم ماوەیە بووبێتە هۆی چەسپاندنی بوونی یەکێتیی ئەوروپا لە هەرێمی کوردستان و سەرەتای ڕاگەیاندنی سیاسەتی یەکێتیی ئەوروپا لە ئاست ئەم هەرێمەدا، لە ئێستاشدا ڕوونە کە مامەڵەی یەکێتیی ئەوروپا لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستاندا پتر شێوەی پەیوەندییەکی تەقلیدیی دووقۆڵیی وەرگرتووە (بە دەر لە حاڵەتە مرۆییەکە و ویستی یەکێتیی ئەوروپا بۆ هاوکاریکردنی ئەو ناوچانەی شەڕ و ناکۆکییان تێدایە). ئەوەی پەیوەست بێت بە ئاستی یەکێتییەکەوە، ئەوا بوونی نوێنەرایەتیی ڕاستەوخۆ لە نێو یەکێتیی ئەوروپا و لە هەولێر و ئەنجامدانی کۆبوونەوە و دیدارە بەردەوامەکان لەسەر بنەمای ددانپێدانان بە هەرێمی کوردستاندا، بەو مانایە دێت کە یەکێتیی ئەوروپا سیاسەتی تەمومژاویی خۆی گۆڕیوە بۆ سیاسەتێکی کارلێککار و هاوکاری ئامێز. ئەم ئامادەییە بۆ ددانپێدانان و کارکردن لەگەڵ کاراکتەرە نادەوڵەتییەکانی دیکەدا ڕوونە، ئەویش لە بەشێکیدا لە ڕێی کۆبوونەوەکانی نێوان یەکێتیی ئەوروپا و عێراق لە ساڵی ٢٠١٥ـەوە.

*** ئێوە ئاماژە بەوە دەکەن کە پاڵنەری زیادبوونی ئاستی پەیوەندییەکانی یەکێتیی ئەوروپا لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا ڕوودانی هەندێ لە پەرەسەندنەکانە، ئایا چۆن لە ئایندەی ئەم پەیوەندییانە دەڕوانن؟ ئایا پێتان وایە بەرەو پتەوبوونی زیاتر دەڕۆن، یان ئەگەری ئەوە هەیە خاوبوونەوە بە خۆیانەوە ببینن؟**

- لە ئێستادا چەند هۆکارێکی بەپەلە و پەیوەندیدار هەن کە کاریگەرن لەسەر داڕشتن و گەڵاڵەکردنی پەیوەندییە دووقۆڵییەکانی نێوان یەکێتیی ئەوروپا و هەرێمی کوردستان، سیاسەتی یەکێتیی ئەوروپا تێکەڵێکە لە تێڕوانین و دیدی ئاستە دامەزراوەییەکانی یەکێتییەکە و بەرژەوەندیی دەوڵەتە ئەندامەکانی، هەروەها سیاسەتی دەرەوەی یەکێتیی ئەوروپا بە شێوەیەکی گشتی بەندە بەوەی چەند توانای ئەوەی هەیە بە شێوەیەکی یەکلاکەرەوە و یەکگرتوو کاربکات. ڕێچکەی دووانەیی و تەوەربەند لەسەر پەرەسەندنەکان و زاڵبوونی سیاسەتی دەرەکیی دەوڵەتە گەورەکانی نێو یەکێتیی ئەوروپا، تیشك دەخاتەسەر بوونی ڕۆڵێکی چالاکتری هەرێمی کوردستان، کە چالاکترە لە ستراتیژیەتی وەڵامدانەوەی یەکێتیی ئەوروپا لە عێراقدا، ئەم ئەولەوییاتانە ئاماژەن بە ئاڵوگۆڕێك بەرەو گرتنەبەری سیاسەتێکی ڕوونتر لە پەیوەندی بە هەرێمی کوردستانەوە. ئەم بونیادە بەرجەستانە ڕەنگدانەوەیان هەبووە لە پەرەسەندنە بەردەوامەکاندا، کە ئەمەش ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە بۆچی هەرێمی کوردستان کاراکتەرێکی گرنگە لە پرۆسەی بەدامەزراوەییکردنی سیاسەتی دەرەوەی یەکێتیی ئەوروپادا. کەواتە پرسیارەکە پەیوەندیدارە بەوەی تا چەند سیاسەتی دەرەکی و ئاسایشی یەکگرتووی یەکێتیی ئەوروپا دەتوانێت گۆڕانکاریی بەسەردا بێت و لە سیاسەتی کاردانەوە بۆ سیاسەتی کارکردن، ئایا ویستی ئەم یەکێتییە بۆ پیشاندانی نەرمینواندن (لە ڕوانگەی پرۆسەی بڕیاردانی بەکۆمەڵەوە) دەتوانێت ئاستی پەیوەندییەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا بەرز بکاتەوە؟ ئەم پرسانە نیگەرانییەکانی یەکێتیی ئەوروپا دەگرێتەوە لەبارەی دەستڕاگەیشتن بە وزە و پارسەنگدانەوەی ڕۆڵی ڕووسیا لە عێراق، هەروەها هەڵکشانی بەرژەوەندییەکانی چین و ڕۆڵی ئێران لە عێراقدا.

*** تا چ ڕاددەیەك یەکێتیی ئەوروپا دەتوانێت ڕۆڵێکی بنیادنەر و ئەرێنی ببینێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا؟**

- سەرباری لێدوانی ئەم دواییەی یەکێتیی ئەوروپا لەبارەی پێویستیی جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەی شنگالەوە، ئەوا یەکێتیی ئەوروپا ڕێچکەیەکی گشتگیر دەگرێتەبەر لە ئاست عێراقدا، پشتیوانیی یەکێتیی عێراق دەکات (بەو شێوە فیدڕاڵییەی ئێستای) و هەوڵی هاوسەنگکردنی هێزی بەغدا و هەولێر دەدات لەبەر ڕۆشنایی ئەو ددانپێدانانە

**ئەگەر بڵێین سەرهەڵدانی داعش لە ساڵی ٢٠١٤ ئاسانکاریی کرد بۆ سیاسەتەکانی یەکێتیی ئەوروپا لە عێراقدا، ئەوا ڕاپرسییەکەی ساڵی ٢٠١٧ لە کوردستان و ڕووداوەکانی دواتر ئاڵوگۆڕێکیان لە سیاسەتی دەرەوەی ئەم یەکێتییەدا دروست کردووە**

**ڕێچکەی دووانەیی و تەوەربەند لەسەر پەرەسەندنەکان و زاڵبوونی سیاسەتی دەرەکیی دەوڵەتە گەورەکانی نێو یەکێتیی ئەوروپا، تیشك دەخاتەسەر بوونی ڕۆڵێکی چالاکتری هەرێمی کوردستان، کە چالاکترە لە ستراتیژیەتی وەڵامدانەوەی یەکێتیی ئەوروپا لە عێراقدا**

**یەکێتیی ئەوروپا زۆر سەرکەوتوو نەبووە لەو ڕۆڵە درێژخایەنەی ئەدای کردووە وەک ناوبژیوانێک لە کەیسی فەلەستینیدا، یان لە کاردانەوەکانی ئەم دواییە بەرانبەر قەیرانی غەززە**

دەستوورییەی بە کوردستان دراوە، کەواتە پێدەچێت زەحمەت بێت هێزێکی دەرەکی، بەتایبەتی ئەگەر قەوارەیەکی بەکۆمەڵ بێت و نوێنەرایەتیی بەرژەوەندیی ڕۆژئاوا بکات، بێت و ناوبژیوانی لە عێراقی ئەمڕۆدا بکات، چ جای ئەوەی فشار دروست بکات.

دواتر یەکێتیی ئەوروپا زۆر سەرکەوتوو نەبووە لەو ڕۆڵە درێژخایەنەی ئەدای کردووە وەك ناوبژیوانێك لە کەیسی فەلەستیندا، یان لە کاردانەوەکانی ئەم دواییە بەرانبەر قەیرانی غەززە. ئامادەیی سیاسیی چڕی ئەم دواییەی یەکێتیی ئەوروپا لە عێراقدا واتە بەدەر لە پرسی عەرەب-ئیسرائیل، ئاماژە بە هەڵکشانی گرنگیی ئەم ناوچەیە بۆ کارنامەی سیاسەتی دەرەوەی یەکێتیی ئەوروپا، هەروەها بۆ توانای کارکردنی (ئەویش لەسەر ئاستی پێداگیرکردنی) بە شێوەیەکی سەربەخۆ، ئەویش بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە کاراکتەرێکی گرنگە، هەر چۆنێك بێت، پەیوەندیی نێوان کورد و عەرەب بە شیعە و سوننەوە کە لە ڕووی مێژووییەوە ناسەقامگیر بووە، تەنیا دەتوانرێت لەسەر ئاستی ناوخۆیی کێشەکانیان چارەسەر بکرێت.

*** یەکێتیی ئەوروپا و هەرێمی کوردستان دەبوو، یان دەیانتوانی چ شتێکی جیاواز بگرنەبەر بۆ پەرەپێدانی پەیوەندییەکانیان؟**

- ئاشکرایە کە پەیوەندییەکانی کورد و ئەو دەوڵەتانەی ئێستا بوونەتە ئەندامی ئەم یەکێتییە، دەگەڕێتەوە بۆ پێش دروستبوونی یەکێتیی ئەوروپا وەك کاراکتەرێکی یەکگرتوو و دامەزراوەیەکی هاوچەرخ، گومانی تێدا نییە کە سیاسەتی فەرەنسا لە ئاست کورددا دەرفەتێکە بۆ سیاسەتی یەکێتیی ئەوروپا بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی پتر یەکلاکەرەوە و یەکگرتوو کار لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا بکات. واتە بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی فەرەنسا وەك ئاسانکارێکی پەیوەندییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کاری کردووە، دەتوانێت بەرچاوڕوونی بدات بە سیاسەتی دەرەوەی یەکێتیی ئەوروپا لە ئاست هەرێمی کوردستاندا. لە ڕاستیدا ڕووکردنە یەکێتیی ئەوروپا لەلایەن هەرێمی کوردستانەوە وەك تاکە لایەنێکی گفتوگۆکار لە دوای کاردانەوەکانی تایبەت بە ڕیفراندۆمەوە بۆ ئەوەی هاوکاری بێت لە ئاساییکردنەوەی پێگە فیدراڵییەکەی ئەم هەرێمەدا، گرنگی یەکێتیی ئەوروپا لە کارنامەی سیاسەتی دەرەوەی هەرێمی کوردستاندا ڕوون دەکاتەوە. کەواتە بەهۆی بوونی مامەڵەیەکی باش لە ڕابردوودا و بە ڕەچاوکردنی ئەو ئاڵوگۆڕەی لەم دواییەدا هاتووەتە ئاراوە لە کاردانەوەکانی یەکێتیی ئەوروپا لە ئاست پەرەسەندنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستاندا، ئەوا سەرەتای گەڵاڵەبوونی شێوازێکی گۆڕدراوی مامەڵەکردن دەرکەوتووە، دیدگایەکی ڕوونی یەکێتیی ئەوروپا و ئاوێتەبوونی بەرژەوەندییەکانی دەوڵەتە ئەندامەکانی ئەوە دیاری دەکەن کە ئەم یەکێتییە دەتوانێت چ ڕۆڵێك ئەدا بکات (بەدەر لە ڕۆڵی ئیدارەدانی قەیرانەکانی ئەم دواییە وەك شەڕەکانی غەززە و ئۆکرانیا). کەواتە پێویستە سیاسەتی دەرەوەی یەکێتیی ئەوروپا هاوشان بە بنەمای مافی بڕیاردانی چارەنووس، پاڵپشت بێت لە پابەندبوون بە یاسای نێودەوڵەتی و مافەکانی مرۆڤەوە. هەروەها بۆ ئەوەی سیاسەتی دەرەوەی یەکێتیی ئەوروپا سەرکەوتوو بێت، ئەوا پێویستە هەلومەرجەکە لەبەرچاو بگرێت، وەك ئەوەی لە عێراقدا هەیە، کە هەر چوارچێوەیەکی پەیوەندییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا جیاوازە، کەواتە گرتنەبەری سیاسەتێکی هەرێمایەتیی بەرفراوان لە لایەن یەکێتیی ئەوروپاوە بەس نییە، وەك ئەوەی لە سەروەختی سەرهەڵدانی داعش لە سووریا و عێراق هەبوون، کە ئەوەش مایەی تێگەیشتن بوو لەبەر ئەوەی یەك چوارچێوە بوو، ڕەنگە لە ئایندەدا مایەی کێشە و گرفت بێت، لەبری ئەوە ئەو تێڕوانینەی پارێزگاری لە پەیوەندییەکانی یەکێتیی ئەوروپا بە هەرێمی کوردستانەوە دەکات (کە بەندە بە پەرەسەندنەکانەوە) بە بێ ئەوەی جەختکردنەوەیەکی زیاد لە پێویست لەسەر عێراق لەخۆ بگرێت (بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کوردستانیش پێگەیەکی دەستووریی یەکسانی هەیە) ڕەنگە دەرفەتێك بۆ یەکێتیی ئەوروپا دروست بکات، بۆ بەرفراوانکردن و برەودان بە سیاسەتێکی دەرەکیی یەکگرتوو کە هاوشانی بەغدا بگیرێتەبەر.

**پەیوەندیی نێوان کورد و عەرەب بە شیعە و سوننەوە کە لە ڕووی مێژووییەوە ناسەقامگیر بووە، تەنیا دەتوانرێت لەسەر ئاستی ناوخۆیی کێشەکانیان چارەسەر بکرێت**

**سیاسەتی فەرەنسا لە ئاست کورددا دەرفەتێکە بۆ سیاسەتی یەکێتیی ئەوروپا بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی پتر یەکلاکەرەوە و یەکگرتوو کار لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا بکات**

**پێویستە سیاسەتی دەرەوەی یەکێتیی ئەوروپا هاوشان بە بنەمای مافی بڕیاردانی چارەنووس، پاڵپشت بێت لە پابەندبوون بە یاسای نێودەوڵەتی و مافەکانی مرۆڤەوە**



دکتۆر ئەمین ئەلئیدریسی یەکێکە لە ئابووریناسەکانی عێراق و شارەزاییەکی بەرزی لە زانستی پەرەپێدانی ئابووریدا هەیە. خاوەنی پرۆژەی بونیادنانی شاری نێودەوڵەتییە، بەوەی چۆن شارێکی وەکو هەولێر لە شارێکی لۆکاڵییەوە بکرێتە شارێکی گەشتیاری و بازرگانیی نێودەوڵەتی. بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسە و چەند بابەتێکی دیکەی پەیوەندیدار بە ئابووریی عێراقی و هەنگاوەکانی گەیشتن بە ئابووریی فرەچەشن و پەرەسەندنی ئابووری لە نێوان هەرێمی کوردستان و عێراقدا چەندین پرسیارمان ئاراستەیان کرد و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.

## دکتۆر ئەمین ئەلئیدریسی

پسپۆڕ و شارەزا لە بواری پەرەپێدانی بەردەوام بۆ گوڵان:

# تەکامولی ئابووری لەنێوان هەرێمی کوردستان و عێراق بە کلیلی چارەسەرکردنی کێشەکان و خێر و خۆشیی هەمووان دادەنرێت

**بۆ ئەوەی هەولێر لە شارێکی لۆکاڵییەوە ببێتە شارێکی نێودەوڵەتی، دەبێت ئابووری پێشڕەو بێت و سیاسەت و یاساکان لە خزمەتی ئابووریدا بن**

*** عێراق دەوڵەتێکی دەوڵەمەندە بە نەوت و سامانی سرووشتی، کەچی بەردەوام کێشەی خراپیی ژێرخانی ئابووری و لاوازیی خزمەتگوزارییەکانی هەیە. هۆکارەکانی چین کە ئەم وڵاتە لەناو چوارچێوەی داخراوی هەژاری و بێکاری و هەڵاوسان و دەیان کێشەی دیکە دەربازی نابێت؟**

- ڕاستە عێراق دەوڵەتێکی دەوڵەمەندە و خاوەنی دەیان سامانی ژێر زەوی و سەر زەوییە و ژینگەیەکی لەباری هەیە بۆ پەرەپێدانی ئابووری، بەڵام ئەم وڵاتە تووشی خراپیی بەڕێوەبردنی ئابووری بووە. زیاتر لە ٩٥٪ی داهاتەکانی لە فرۆشتنی نەوتدا دەست دەکەوێت و وڵاتێکە زۆربەی کاڵا و شمەکەکانی لەدەرەوە دەهێنێت. واتا تەرازووی بازرگانیی عێراق ناهاوسەنگە و بەردەوام لە لێواری قەیرانێکی سەختی دارایی و ئابووریدایە. خۆ ئەگەر بەهای بەرمیلێك نەوت لە ٧٠ دۆلار بێتە خوارەوە، ئەوا زیانەکانی پڕکردنەوەی خەرجییە زەبەلاحەکەی زەنگێکی مەترسیدارە و زیانی گەورەی بۆ سەرجەم سێکتەرە ئابووری و ژیارییەکانی دەبێت. لە ئێستادا داهاتی فرۆشتنی نەوتی عێراق لە سەرووی هەشت ملیار دۆلارەوەیە، کە تەنیا لە مانگێکدا ١٠٣ ملیۆن بەرمیل نەوتی فرۆشتووە و ڕۆژانە ٣،٣ ملیۆن بەرمیل نەوت دەنێرێتە دەرەوە و داهاتێکی زەبەلاحی دەست دەکەوێت، بەڵام کێشەکە لەوەدایە ئەم داهاتە زۆربەی بەفیڕۆ دەچێت، بەهۆی خەرجییەکی زەبەلاحی بودجەی بەکارخستنەوە، واتا ئەوەندەی ئەم داهاتە بۆ دابینکردنی مووچەی فەرمانبەران و خانەنشینان و چاودێریی کۆمەڵایەتی و خەرجییەکانی سەربازی و ئەمنی و کڕینی پێداویستییەکانی دەرمان و خۆراك لە دەرەوە دەچێت، ئەوەندە لە بودجەی وەبەرهێنان و بونیادنانی ژێرخانی ئابووری و ئاراستەکردنی وەبەرهێنان بەرەو کەرتێکی بەرهەمهێن بەکاری ناهێنێت، بەتایبەتی بۆ بووژانەوەی هەرسێ کەرتی کشتوکاڵ و پیشەسازی و گەشتیاری، تەنانەت عێراق لە کەرتی پترۆکیمیاوی و پیشەسازیی نەوتیشدا دواکەوتووە و ناتوانێت سەرجەم پێداویستییەکانی لە غاز و نەوت و بەنزین و گازوایل دابین بکات و لەم ڕووەوەش کورتهێنانێکی گەورەی هەیە. بۆیە تا ئەم نەزیفە داراییەی خەرجییەکان لە عێراقدا هەبێت، ئەوا نەك بواری خزمەتگوزاری و کەرتەکانی پەروەردە و تەندروستی و کشتوکاڵ و پیشەسازی لە ئاستێکی توانا نزمدا دەمێننەوە، بەڵکو مەترسیی دارمانی دۆخی دارایی و تێکچوونی ئابووری لەگەڵ داشکانی بەهای نەوتیش زیاتر دەبێت.

*** لەگەڵ ئەوەی لە عێراق ئابووری بە شێوەیەکی خراپ بەڕێوەدەبرێت و سیاسەت و ستراتیژیەتێکی ڕوون نییە بۆ پەرەپێدانی ئابووری، گرفتی گەندەڵییش ئەوەندەی دیکەی دۆخەکەی بەرەو خراپی بەلکێش کردووە، ئایا تا چ ڕاددەیەك گەندەڵی زیانی بە ئابووری عێراق گەیاندووە؟**

- گەندەڵی بە یەکێك لە هەرە کێشە سەرەکییەکانی عێراق دادەنرێت و زیانەکانی بە ملیۆنان دۆلار مەزەندە دەکرێت. یەکێك لە هۆکارەکانی ئەو خراپ بەڕێوەبردنەی ئابووری و هەڵکشانی خەرجییەکان و بەفیڕۆدانی داهاتی وڵات بۆ گەندەڵی دەگەڕێتەوە. زۆربەی وڵاتە بەرهەمهێنەکانی نەوت لە جیهانی سێیەم تووشی ئەم گەندەڵییە بوون. گرفتەکە لێرەدا لەوەیە سیاسەت دەبێت لە خزمەتی ئابووری و پەرەپێدان و بووژانەوەی ئابووریدا بێت. ئایا ئێمە توانیومانە کەسە بەتوانا و دڵسۆز و دەستپاکەکان لە شوێنە گرنگ و ستراتیژییەکان دابنێین، یان بە واسیتە و مەحسووبییەت خەڵکەکەمان لە شوێنە هەستیارەکان داناوە؟ ئەم حاڵەتە هەرێمی کوردستانیش دەگرێتەوە، چونکە ئابووریی هەرێمی کوردستان و زۆربەی سیما و شێوازی بەڕێوەبردنی ئابووری لە هەرێمی کوردستان درێژکراوەی هەمان عەقڵییەت و واقیعی خراپی ئابووری و تەشەنەکردنی گەندەڵییە.

*** لە هەرێمی کوردستان هەنگاوەکانی فرەچەشنکردنی ئابووری و گرنگیدان بە کەرتەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی و گەشتیاری دەستی پێکردووە. وەکو شارەزایەکی ئابووریی عێراق چۆن دەڕوانیتە ئەم هەنگاوانەی فرەچەشنکردنی ئابووری؟**

- ئێمەی ئابووریناسان بەردەوام داوای ئەوە دەکەین، سیاسەت لە خزمەتی ئابووریدا بێت و چیتر ئەوەندە پشت بە داهاتی فرۆشتنی نەوت

**عێراق دەوڵەتێکی دەوڵەمەندە و خاوەنی دەیان سامانی ژێر زەوی و سەر زەوییە و ژینگەیەکی لەباری هەیە بۆ پەرەپێدانی ئابووری**

**تەرازووی بازرگانیی عێراق ناهاوسەنگە و بەردەوام لە لێواری قەیرانێکی سەختی دارایی و ئابووریدایە**

**عێراق لە کەرتی پترۆکیمیاوی و پیشەسازیی نەوتیشدا دواکەوتووە و ناتوانێت سەرجەم پێداویستییەکانی لە غاز و نەوت و بەنزین و گازوایل دابین بکات**

**گەندەڵی بە یەکێك لە هەرە کێشە سەرەکییەکانی عێراق دادەنرێت و زیانەکانی بە ملیۆنان دۆلار مەزەندە دەکرێت**



**بەرهەمی شیرەمەنیی قەتەر و ئیمارات و سعودییە لە بازاڕەکانی عێراق و کوردستان پڕە، کەچی لەوێ نە خاك و نە ئاو و هەوا و نە ژینگەی کشتوکاڵی و ئاژەڵداریی لەبار نییە**

**لە پەنجاکان لە ٥٠٪ی داهاتی ناوخۆ داهاتی نانەوتی بووە و داهاتی نەوت تەنیا بۆ بونیادنانی ژێرخانی وڵات بەکارهێنراوە**

و خراپ بەکارهێنانی داهاتەکەی نەبەستین، بەڵکو لە کەرتەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی و گەشتیاریدا وەبەرهێنانی تێدا بکرێت و سەدان هەلی کار بۆ گەنجەکانمان دابین بکەین و داهات و سامانی ئەم وڵاتە بەفیرۆ نەدرێت. من لە نزیکەوە چاودێری و بەدواداچوونی هەنگاوەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەم بۆ ڕاستکردنەوەی ئابوورییەکەی، بەڵام لە ئاست خواست و ویستی من و زۆربەی ئابووریناسان نییە. هەڵە و خراپ تێگەیشتنێك هەیە لە پەرەپێدانی سەرجەم سێکتەرەکان پێکەوە. ناکرێت گرنگی بە کشتوکاڵ بدەیت و پیشەسازیی خۆراکت بۆ ساغکردنەوەی بەرهەمەکە نەبێت. ناکرێت باسی گەشتیاری بکەیت و هەرچی خواردن و پێداویستی و کەلوپەلی گەشتیاریت هەیە، لە دەرەوەی سنوورەکان بۆت بێت. تۆ سەیری وڵاتانی کەنداو وەکو ئیمارات و قەتەر و تەنانەت سعودییە بکە، توانا و ژینگەی لەباری عێراق بۆ گەشەکردنی کشتوکاڵ و گەشتیاری لە کوێیەو ئەو وڵاتانە لە کوێن؟ کەچی لەوێ گەشە هەیە و پەرەپێدانی بەردەوام هەیە و لێرە نییە. بەرهەمی شیرەمەنیی قەتەر و ئیمارات و سعودییە لە بازاڕەکانی عێراق و کوردستان پڕە، کەچی لەوێ نە خاك و نە ئاو و هەوا و نە ژینگەی کشتوکاڵی و ئاژەڵداریی لەبار نییە، کەچی لەوێوە بەرهەممان بۆ دێت. ئەوان فرەچەشنکردنی ئابوورییان دەست پێکردووە و داهاتی نەوت تەنیا داهاتێك نییە بۆ بودجەی وڵات، بەداخەوە نابێت دڵی خۆمان زۆر خۆش بکەین بەوەی کە لە عێراق و هەرێمی کوردستان لە بواری فرەچەشنکردنی ئابووری کاری گەورە کراوە. ساڵانی حەفتاکان و هەشتاکان چ بەرهەمێکی خۆماڵیمان هەبوو، ئێستا چیمان هەیە؟ لە پەنجاکان لە ٥٠٪ی داهاتی ناوخۆ داهاتی نانەوتی بووە و داهاتی نەوت تەنیا بۆ بونیادنانی ژێرخانی وڵات بەکارهێنراوە. من پرۆژەیەکم هەیە بۆ بووژانەوەی کەرتی کشتوکاڵ لە خوارووی شاری هەولێرەوە، بەوەی چۆن ئەو دەشتە بەپیت و گەرمە بکەینە دارستانێکی خورما بۆ بەرهەمهێنانی جۆرێك لە درەختی خورما کە زۆر خێرا گەشە دەکات و بەرهەمەکەی لێرە پێ دەگات و دارستانێکی گەورەش بۆ ئەو دەشتە بەپیتەی خوارووی شاری هەولێری لێ دروست دەبێت، کە بۆ ژینگە و ئاو و هەوای شاری هەولێر و ناوچە پیشەسازییەکانی گرنگە و خورماش بە یەکێك لە بنەماکانی پاراستنی ئاسایشی خۆراك دادەنرێت. ئەمە وێڕای ئەوەی دەکرێت لەناو ئەم دارستانانەدا مانگا و مەڕ و باڵندەی جۆراوجۆر بەخێو بکرێت و پیشەسازیی خۆراکی لێ بونیاد بنرێت، بەرهەمەکەشی بۆ شارەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق بگوازرێتەوە و بە سەدان هەلی کاریش بۆ گەنجان دابین بکرێت.



*** لێکتێگەیشتن و گفتوگۆکانی نێوان هەر دوو حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق و نزیکبوونەوە لە چارەسەرکردنی کێشەکان بۆ بەرژەوەندیی ئابووریی عێراق بەگشتی و هەرێمی کوردستان بەتایبەتی تایبەتمەندێتی خۆی هەیە. ئایا تا چەند ئەم هەنگاوانە گرنگە بۆ گەیشتن بە تەکامولی ئابووری لەنێوان هەرێم و عێراقدا؟**

- دووركەوتنەوە و چارەسەرنەكردنی كێشەكانی نێوان هەرێم و عێراق زیانی بە هەموو گەلانی عێراق و كوردستان گەیاندووە، بەپێچەوانەشەوە لێكتێگەیشتن و نزیكبوونەوە بەرژەوەندیی هاوبەشی تێدایە و عێراق و كوردستان و ئابوورییەكەیان بەهێز دەبێت. من پڕۆژەیەكم هەیە بۆ ئەوەی كوردستان و شاری هەولێر بەتایبەتی لە شارێكی لۆكاڵی و نێوخۆییەوە بكەینە شارێكی نێودەوڵەتی و بە پڕۆژە و كاری گەورە وەبەرهێنەرانی هەموو عێراق و ناوچەكە و جیهان ڕابكێشین، بۆ ئەمەش پێویستە ژینگەی سەقامگیری و ئارامی و ئەمنی و ژێرخانی كارەبا و ئاو و ڕێگاوبان و نیشتەجێبوون و سەوزایی و ژینگەی بۆ دابمەزرێنین، بۆ ئەمەش دەبێت ئابووری پێشڕەو بێت و سیاسەت و یاسا و تەشریعاتەكان لە خزمەتی ئابووریدا بن. كوالالامبوری مالیزیا لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیادایە، كەچی خەڵكی لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاواوە ڕوو لەم شارە دەكەن، لەم سەری بەریتانیا و وڵاتانی پێشكەوتووەوە تاوەكو وڵاتانی عەرەبی و ئەفریقی و ئاسیایی، چونكە ئەم شارە بووەتە شارێكی نێودەوڵەتی، بە هەمان شێوە كاتێك شاری هەولێر دەبێتە شارێكی نێودەوڵەتی، دەبێت سەرەتا ئابوورییەكەی بكرێتە نێودەوڵەتی، بۆ ئەمەش پێویستە دەستبەرداری داهاتی نەوت بین، تەنیا ئەم داهاتە بۆ گەشەی گەشتوگوزار و كشتوكاڵ بەكار بهێنین، ئەو كات لە هەموو دنیاوە خەڵكی ڕوو لە هەولێر دەكەن و شارەكە و كاروكاسبی تێیدا دەبووژێتەوە و شوێنەواری قەیرانەكانیشی لەسەر كەم دەبێتەوە. زۆر لە شارە نێودەوڵەتییەكان بەوە ناسراون شاری گەشتیارین و ناوجەرگەی شارەكە ڕەمزی ئارامییە و فرۆكەخانە و شوێنەواری مێژوویی گەشتیاری و مۆڵ و بازاڕ و ماركێت و باخ و ئاو و كارەبا و ڕێگاوبان و هەوای خۆشی هەیە، بە گەشتكردنی هاووڵاتیان و زیادبوونی ژمارەی دانیشتووانەكەشی دەبێتە نەك تەنیا شارێكی بازرگانی، بەڵكو دەبێتە ناوەندێكی بازرگانی و سەرچاوەكانی داهاتی زیاد دەبێت، بەمەش هەرێمی كوردستان و عێراق دەبێتە خاوەنی پایتەختێكی گەشتیاری و بازرگانی و خێروبێری بۆ هەموو عێراقییەكان بەتایبەتی كوردستانییەكان دەبێت و ئەوەی شەڕ و توندوتیژی تێكی داوە، ئابووری و عەقڵیەتی پەرەپێدانی بەردەوام چاكی دەكاتەوە.

**دووركەوتنەوە و چارەسەرنەكردنی كێشەكانی نێوان هەرێم و عێراق زیانی بە هەموو گەلانی عێراق و كوردستان گەیاندووە**

**پێویستە دەستبەرداری داهاتی نەوت بین، تەنیا ئەم داهاتە بۆ گەشەی گەشتوگوزار و كشتوكاڵ بەكار بهێنین، ئەو كات لە هەموو دنیاوە خەڵكی ڕوو لە هەولێر دەكەن و شارەكە و كاروكاسبی تێیدا دەبووژێتەوە**

مامۆستا مەلا عەلی عاسی
شارەزا و پسپۆڕ لە شەریعەتی ئیسلام:

# خاک و نیشتمان و نەتەوە لە ئایینی ئیسلامدا پیرۆزن و دەبێت هەموو گەلێک بەرگری و پارێزگارییان لێ بکات



# ئەوەی لە خۆیەوە بەبێ زانست و شارەزایی لە ئیسلامدا فتوا بدات، دەبێت خۆی بۆ ئاگری دۆزەخ ئامادە کردبێت

**لە دوای ڕووخانی خەلافەتی ئیسلامی لە ئەستەنبوڵ چەندین بیر و هزر و بەرنامەی سیاسیی ئیسلامی دروست بوون، کە بووە هۆی دابەشبوونی ئایین بۆ عیبادەت و سیاسەت، هەندێ لایەن و گرووپ وا بیر دەکەنەوە کە کورد موسڵمان نییە و پێویستە بکرێت بە ئیسلام و دەیانەوێت مێژووی گەلانی دیکە بەسەر کورددا بڵاو بکەنەوە. هەیە بە بێ شارەزایی لە ئیسلام فتوا دەدات. بۆ تاوتوێکردنی ئەو پرسە هەستیارە گۆڤاری گوڵان ئەم دیمانەیەی لەگەڵ مامۆستا (مەلا عەلی عاسی) پێشنوێژ و وتارخوێن لە مزگەوتی حاجی عەلی لە ناحیەی شۆڕش لە سنووری قەزای چەمچەماڵ ئەنجام دا.**

*** ئایا لە ئایینی ئیسلامدا دابەشبوون بۆ عیبادەت و سیاسەت هەیە؟ چونکە هەندێ بیروباوەڕ لە ئایینی ئیسلام دوای ڕووخانی خەلافەتی ئیسلامی لە ئەستەنبوڵ دەرکەوتن، کە بوونەتە هۆکاری ئەوەی ئیسلام دابەش ببێت بۆ سیاسی و عیبادەت، ئایا ئەم دابەشکردنەی ئیسلام بۆ ئیسلامی سیاسی و عیبادەت تاچەند خزمەتی بە ئیسلام کردووە و تاچەند مەترسیدارە؟**

- لە ئایینی ئیسلامدا سیاسەت هەیە، کە ئەویش بە واتای خزمەتکردنی ئایین و خاك و نیشتمان و خەڵك و بەڕێوەبردنی کاروباری موسڵمانان و جێبەجێکردنی کاری موسڵمانانە، ئەمەش بەشێکە لە خوداپەرستی، بە واتای ئەوەی کە سیاسەت پارێزگاری و چاککردن و سەرپەرشتیی کاروباری موسڵمانان دەکات و ڕێنوێنییان دەکات بە کردەوەی باش لە چوارچێوەی ئایینی ئیسلام و خواپەرستیدا، نەك سیاسەتێك بێت کە بەپێی پەیڕەو و بەرنامەیەك لە لایەن چەند کەس و گرووپێك لەژێر سێبەری ئایینی ئیسلامدا بۆ بەرژەوەندیی تایبەتیی خۆیان و گەیشتن بە دەسەڵات و کورسیی حوکم کاری پێ بکەن. لەو کاتەدا دابەشبوونی ئیسلام دەبێتە عیبادەت و سیاسەت، ئەو جۆرە دابەشبوونە کە لە بەرژەوەندیی کەسی و گرووپێکدایە، مەترسی لەسەر ئایینەکە و کۆمەڵگەی موسڵمانان دروست دەکات، بەتایبەتی بۆ دروستبوونی کەسانی توندڕەو، ئەمەش پێچەوانەی ئایینی ئیسلامی پیرۆزە، چونکە خزمەت بە مرۆڤایەتی و ئاشتی و پێکەوەژیان ناکات. دەتوانین بڵێین وەکو ئیبن عابدین لە کتێبی (حاشیة ابن عابدین) باسی کردووە، لەسەر پێناسەی سیاسەت دەفەرموێت: «وسیاسة في استصلاح الخلق و ارشادهم الي الطريق المستقيم المنجي في الدنيا و الآخرة»، واتە چاککردنی مرۆڤەکان ڕێنماییکردنیانە بۆ ڕێگەیەك کە ڕزگاریان بکات لە دنیا و دوارۆژدا، هەروەها پێشەوا شافعی دەفەرموێت «شەریعەت سیاسەتە» و بە شێوەیەکی گشتی لە لای زانایانی ئایینی ئیسلام لە پێناسەی سیاسەتدا دەفەرموون «چاککردنی کاروباری کۆمەڵگە و جێبەجێکردنی کارەکانیانە»، هەرچی لە دەرەوەی ئەم پێناسە و ڕێنوێنییەوە بێت و هەرچی سیاسەتە بکرێت لەگەڵ ئایینی ئیسلامدا، گونجاو نییە و مەترسی لەسەر کۆمەڵگە دروست دەکات.

*** دەرکەوتووە کە هەندێ فیکر، بەتایبەتی ئیسلامی سیاسی بایەخ بە پرسی خاك و نەتەوە نادەن و پیرۆزییەکانی نەتەوە بێبەها دەکەن، لێرەش لە کوردستان دەبینین کە هەندێ پرۆگرام بڵاو دەبێتەوە بۆ سڕینەوەی هزری نەتەوەیی و نیشتمانی، ئایا سڕینەوەی ئینیما و پیرۆزییەکانی نیشتمانی چ کارەساتێکی لێ دەکەوێتەوە؟**

**خودای گەورە پێغەمبەرانی ناردووە بۆ قەومەکانیان، هەر بۆیە ئەگەر خۆشەویستیی قەوم و نەتەوە پێویست نەبێت، ئەوە ڕەوانەکردنی پێغەمبەریش پێویست نییە**

**خۆشەویستیی نەتەوە و نیشتمان بەشێکە لە بڕوای بەتین و قایم، ئەگەر نیشتمان نەبێت و نەتەوە نەبێت، لە کوێ و چۆن فێری زانست بین؟**

- ئایینی ئیسلام ئایینێکی نەرم و هەتا هەتاییە بۆ مرۆڤ، هەرچی پەیوەندیی نێوان خودا و خەڵك و مرۆڤ و خێزان و سرووشت هەیە، هەر هەمووی بە یاسا و بناغەی پتەو بەهێز و قایمی کردووە و هیچ لایەنێکی پشتگوێ نەخستووە، هاوکات ئەو شتەشی پێشتگوێ نەخستووە کە خۆشەویستیی خاك و نیشتمانە، پێغەمبەر (د.خ) دەفەرموێت: «وَهذا أُحُدٌ، وَهو جَبَلٌ يُحِبُّنَا وَنُحِبُّهُ» کە مانای فەرموودەکە ئەوە دەگەیەنێت کە خاك و زێد و نیشتمان بە ئاو و هەواکەی و بەروبومەکەشی کە پێی دەژین خۆشەویستە بۆ مرۆڤەکان و، خۆشەویستیی مرۆڤ بۆ ئەوەیە کە پارێزگاری لێ بکەین و هێمنی و ئارامی و ئاشتی و سەروەری بپارێزین و بە نرخ و ڕێزەوە تەماشای خاك و نیشتمان و پیرۆزییەکانی بکەین، ئەمە لە لایەك، لەلایەکی دیکەوە خودای گەورە پێغەمبەرانی ناردووە بۆ قەومەکانیان، هەر بۆیە ئەگەر خۆشەویستیی قەوم و نەتەوە پێویست نەبێت، ئەوە ڕەوانەکردنی پێغەمبەریش پێویست نییە و نەتەوەش هەرچییەکی بەسەر دێت لە ئەستۆی خۆیەتی «فَلَوْلا نَفَرَ مِنْ كُلِّ فِرْقَةٍ مِنْهُمْ طَائِفَةٌ لِيَتَفَقَّهُوا فِي الدِّينِ وَلِيُنْذِرُوا قَوْمَهُمْ إِذَا رَجَعُوا إِلَيْهِمْ لَعَلَّهُمْ يَحْذَرُونَ». ئەوەتا مەبەست لە زانست و فێربوون و خۆپێگەیاندنە، کە ئەمانە بۆ ئەوەیە خزمەتی نەتەوە و نیشتمانی پێ بکەیت، واتە خۆشەویستیی نەتەوە و نیشتمان بەشێکە لە بڕوای بەتین و قایم، ئەگەر نیشتمان نەبێت و نەتەوە نەبێت، لە کوێ و چۆن فێری زانست بین؟ هەروەها وەکو دەفەرموێت «حب الوطن من الايمان» کە قورئان ئاماژەی پێ کردووە بۆ خۆشەویستیی نیشتمان، هەروەها خودای گەورە بۆ پێغەمبەر (د.خ) دەفەرموێت: «إِنَّ الَّذِي فَرَضَ عَلَيْكَ الْقُرْآنَ لَرَادُّكَ إِلَىٰ مَعَادٍ»، واتە ئەو زاتەی کە قورئانی لەسەر تۆ فەرز کردووە کار و کرداری پێ بکەیت، ئەوە دەتگەڕێنێتەوە جێگە و خاك و نیشتمانی خۆت کە (مەککە)یە. کە ئەمەش بەڵگەیەکی ڕوون و ئاشکرایە لە لای خودای گەورەوە کە خاك و نیشتمان دەبێت پیرۆز بێت و بەرگری و پارێزگاریی لێ بکەن. هەروەها پێغەمبەری ئیسلام (د.خ) دەفەرموێت: «خيركم من دافع عن قومه مالم يأثم»، واتە باشترین کەستان ئەوەیە بەرگری لە قەومەکەی بکات، بە مەرجێك بۆ گوناهکاری نەبێت. هەر بۆیە ئێمەی کورد لە هەموو گەلێك زیاتر پێویستیمان بە خۆشەویستیی نەتەوە و نیشتمان و خاکەکەمان هەیە، چونکە لە هەر چوار لاوە بە دوژمن دەورە دراوین و لە ژێر دروشم و ناو و پیرۆزییەکدا کار بۆ ئەوە دەکرێت کە ئێمە بێگانەپەرست و خۆنەویست و بەندە و کۆیلە بین و، لەسەر قاچی خۆمان ڕانەوەستین و بەدبەخت بین و بەشی ئێمە هەر شیوەن و بندەستی بێت.

*** گەلی کورد وەك گەلێکی موسڵمان خاوەنی مێژوویەکی پاکی موسڵمانیەتی و کوردایەتییە و چەندین زانای گەورەی ئیسلامیمان هەیە، هەر لە ئەحمەدی خانییەوە تا دەگاتە مەولەوی و نالی، بۆچی لای هەندێ کەس ئەم مێژووە فەرامۆش دەکرێت و دەیانەوێت مێژوویەکی دیکە لە کوردستان بڵاو بکەنەوە، کە مێژوویەکی عەرەبییە، هاوکات هەندێ لایەن و گرووپ بە ناوی ئیسلامەوە پرۆسەیەك بەڕێوە دەبەن، وەك ئەوەی بیانەوێت سەرلەنوێ کۆمەڵگەی کوردستان بە ئیسلام بکەنەوە، وەکو ئەوەی کە گەلی کورد موسڵمان نەبێت؟**

- گەلی کورد لەو کاتەی لەسەر ئایینی ئیسلامە، زۆر بە پاك و بێگەردی ئایینەکەی وەرگرتووە و بە هەموو توانا و هێز و ئیمانەوە بەرگری لە ئایینی ئیسلام کردووە، وەکو لە پرسیارەکەشدا ئاماژەتان پێ کرد، گەلی کورد خاوەنی چەندین زانا و کەسانی شارەزا و بلیمەتی گەورەیە و لە هەموو لایەن و بوارەکانی ئیسلام و شەریعەت شارەزان. ئێمە وەکو گەلی کورد و نەتەوەکەمان خاوەنی مێژووی خۆمانین، بەتایبەتی لە ئایینی ئیسلامدا، بۆیە هیچ کەسێك مافی ئەوەی نییە کە مێژووی نەتەوە و گەلی دیکە بێنێتە ناومان، خودای گەورە ئێمەی بە کورد دروست کردووە، هەر ئەو خودایەش ئێمەی کردووەتە خاوەنی ئەو خاکە زەوتکراوەی کە چەندین ساڵە لێمان داگیر کراوە، خوای گەورەش زمانی کوردیی بە ئێمە داوە بۆ ئەوەی بتوانین گفتوگۆ و لێکتێگەیشتن ئەنجام بدەین، هاوکات بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی و بەتایبەتی مێژووی ئیسلام، گەلی کورد لە هەر بارودۆخێکدا بێت، خاوەن مەدرەسە و حوجرە و مینبەر و پیاوانی ئایینی ئیسلامی و زانا و مامۆستا و مەلای تێگەیشتوو بووە و، مێژووی

**پێغەمبەری ئیسلام (د.خ) دەفەرموێت: «خيركم من دافع عن قومه مالم يأثم»، واتە باشترین کەستان ئەوەیە بەرگری لە قەومەکەی بکات، بە مەرجێک بۆ گوناهکاری نەبێت**

**ئێمەی کورد لە هەموو گەلێک زیاتر پێویستیمان بە خۆشەویستیی نەتەوە و نیشتمان و خاکەکەمان هەیە، چونکە لە هەر چوار لاوە بە دوژمن دەورە دراوین**

**خودای گەورە ئێمەی بە کورد دروست کردووە، هەر ئەو خودایەش ئێمەی کردووەتە خاوەنی ئەو خاکە زەوتکراوەی کە چەندین ساڵە لێمان داگیر کراوە**

**کورد لەو سەردەم و بارودۆخە تێپەڕیوە، کەسانێ، یان گرووپ و لایەنێک بیانەوێت نکۆڵی لە ئیسلامێتیی گەلی کورد بکەن**



ئیسلامی لە لایەرەکانیدا هەموو ئەو لێهاتوویی و دڵسۆزییانەی کوردی نووسیوەتەوە و ناتوانرێت بە هێچ جۆرێك لەبیر بکرێت. هەر بۆ نموونە سەرکردەی نەبەرد و ئازا «سەلاحەدینی ئەیوبی» کە لاپەڕەیەکی پرشنگداری لە مێژووی ئیسلامدا تۆمار کردووە و لە ئێستاشدا گەلی کورد لە باشووری کوردستان خاوەنی کەسانی زۆر زیرەك و بلیمەت و زانای دیارە لە شارەزایی و پسپۆڕییان لە شەریعەتی ئیسلامدا، بۆیە کورد لەو سەردەم و بارودۆخە تێپەڕیوە، کەسانێ، یان گرووپ و لایەنێك بیانەوێت نکوڵی لە ئیسلامێتیی گەلی کورد بکەن، چونکە بچووکترین بەڵگە ئەوەیە گوندێك یەك ماڵی تێدا بێت، ئەوە مەلای ئایینیی هەیە، وەرە تەماشای شار و شارۆچکە و گوندەکانی کوردستان بکە، دەبینیت خاوەنی هەزاران مزگەوت و خانەقا و تەکیە و مەدرەسەی ئایینین.

*** خاڵێکی دیکەی ترسناك دووبارە تەفسیرکردنەوەی فتوادانە، لە ئیسلامدا دەبێت حکومەت، یان ئەمیر ئەلموئمینین فتوا بدات، بەڵام دەبینین هەندێ کەس لای خۆیەوە فتوا دەدات، ئایا ئەمە بێماناکردنی فتوا و دروستکردنی ئاژاوەوە نییە لە کۆمەڵگەدا؟**

- فتوادان واتە پرسیارکردن لە ئومەتێك، یان حکومەتێك، پێویستە ئەوانەی فتوا دەدەن، کەسانی شارەزا و زانا و پسپۆڕی هەموو لایەنەکانی شەریعەتی ئیسلام بن و پلەیان گەیشتبێتە موفتی بەپێی ئەو مەرج و بنەمایانەی بۆیان دانراوە، چونکە فتوادان ئیمزاکردنە لە جیاتی خوای گەورە، خوای گەورە خۆی دەفەرموێت «ویستفتونك قل اللە یفتیکم»، واتە پرسیارتان لێ دەکەن لەبارەی فتوادانەوە، پێیان بفەرموو ئەی محەمەد (د.خ) خوای گەورە وەڵامی فتواکانتان دەداتەوە. یان خوای گەورە دەفەرموێت «فَاسْأَلُوا أَهْلَ الذِّكْرِ إِن كُنتُمْ لَا تَعْلَمُونَ»، واتە پرسیار بکەن لە خاوەن عیلم و زانست لە شەریعەت. پێغەمبەر(د.خ) دەفەرموێت ئەگەر یەکێك بە بێ زانست و شارەزایی لە شەریعەتی ئیسلام فتوا بدات، ئەوە دەبێت خۆی بۆ ناو ئاگری دۆزەخ ئامادە بکات.

# ڕەگی هاوپەیمانێتی پارتی دیموکراتی کوردستان

> **پارتی دیموکراتی کوردستان هاوپەیمانێتییەکی هەمیشەیی لەگەڵ کوردستانییان هەیە، (کوردستانییان مەبەستم لە وەلاتانی جیاوازییە ئایینی و نەتەوەییەکانە کە دەگوترێت ڕاست و چەپ لە نێو پارتیدا هەن)**

> **زۆرجار لە نێو لاپەڕەکانی مێژووی کورددا ڕەخنەیەک ڕووبەڕووی جەنابی بارزانیی نەمر دەکرێتەوە، ئەوەیە کە بڕوای بە «حزبایەتی» نەبووە، ئەم بڕوانەبوونە هیچ وردەکاری بۆ نەکراوە. بێگومان ئەو بەشە دروستە و ڕاستە کە بارزانیی نەمر حزبی لاگرنگ نەبووە، بەڵکو کوردستانییانی لە پێش حزب لای گرنگ بووە**

هاوپەیمانێتی، ڕێککەوتنێکی نێوان دوو کەس، گرووپ، وڵاتان بۆ هاوبەشیکردن لە چەند خاڵێکی نێوانیان و هەنگاونان بۆ پێشخستنی ئامانجەکانی ئەو هاوپەیمانییەیە. لە زانستی حوکمڕانیدا دەستوور و هەڵبژاردن و پرۆسەکانی دیموکراسی و خزمەتگوزاری هاوپەیمانێتی نێوان هەردوو لایە، بەڵام پارتی دیموکراتی کوردستان هاوپەیمانێتییێکی هەمیشەیی لەگەڵ کوردستانییان هەیە، (کوردستانییان مەبەستم لە وەلاانی جیاوازییە ئایینی و نەتەوەییەکانە کە دەگوترێت ڕاست و چەپ لە نێو پارتیدا هەن)، ئەم هاوپەیمانیەتییە ڕەگێکی پتەوی مێژوویی هەیە، چونکە دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان جیاوازییەکی خستە نێو فەرهەنگی حزبییەوە، ئەویش پێویستی بوون. خەبات و سیاسەتی پارتی لەگەڵ ئەو حزبانەی مەبەستیان تەنیا ڕکابەریکردنە بۆ دەسەڵات بەدەستهێنان زۆر جیاوازە و پارتی لە بنەمای دامەزراندنییەوە ئەو ڕێچکەیەی پەیڕەو نەکردووە و، لە هەناوی پێویستیی نەتەوەیی و نیشتمانیی خەڵکی کوردستان بناغەکانی خۆی بونیاد ناوە، ئەمەش لە چوارچێوەی هاوپەیمانیەتییەك کە هاوبەشیکردنی تێدایە و بەرپرسیاریەتی و ئەرکی زیاتر لە سرووشتی حزبیبوونی خستووەتە سەر پارتی دیموکراتی کوردستان، هەر ئەم هۆکارەیشە ئەگەر بچووکترین، یان گەورەترین گلەیی و ڕەخنە هەبێت ڕوو لە پارتییە.

دامەزرێنەرانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ساڵی ١٩٤٦، بەتایبەتی جەنابی بارزانیی نەمر، وەك ڕێبەری نەتەوەیی و نیشتمانیی خاوەن دیدێکی جیاواز بوو، کە زۆرجار لە نێو لاپەڕەکانی مێژووی کورددا ڕەخنەیەك ڕووبەڕووی جەنابی بارزانیی نەمر دەکرێتەوە، ئەوەیە کە بڕوای بە «حزبایەتی» نەبووە، ئەم بڕوانەبوونە هیچ وردەکاری بۆ نەکراوە. بێگومان ئەو بەشە دروستە و ڕاستە کە بارزانیی نەمر حزبی لاگرنگ نەبووە، بەڵکو کوردستانییانی لە پێش حزب لای گرنگ بووە، ئەمەش لە ئەنجامی ئەو دووربینی و پرەنسیپەی کە «حزب، ئامرازە بۆ ئامانجێك». جەنابی بارزانی و سەرکردایەتیی قۆناغی خەباتی ڕزگاریخوازیی گەلی کوردستان شەڕی مانەوە و بەرگری و سەلماندنی پرسێکی ڕەوای نەتەوەییان کردووە، نەك ململانێی حزب بۆ زۆرترین ڕێژەی ئینتیمای کوردستانیان بۆ حزبەکە، بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەم لێکدانەوەیە، دەکرێت ئاماژە بە وتەیەکی بەنرخی بارزانیی نەمر بکەین کە فەرموویەتی: «شانازییە بۆ مرۆڤ خزمەتکاری میللەتی خۆی بێت». ئەوە بەڵگەیەکە کە میللەت نەخراوەتە خزمەت ئامرازەکە، کە حزبەکەیە، بەڵکو ئامرازەکە خراوەتە خزمەت ئامانجەکە، کە ئەو هاوپەیمانێتییە لە نێوان میللەت و شۆڕش و حزب دروست بێت.

مێژووی حزبایەتی لە نێو خەباتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان پێمان دەڵێت: هۆکار و نهێنیی مانەوە و بەهێزبوونی پارتی دیموکراتی کوردستان پەیوەندی بەوە نییە لە ڕکابەری و ململانێیە نێوخۆییەکاندا زۆرترین دەنگی نێو هەڵبژاردنەکان، یان ئەندام و لایەنگری هەیە، بەڵکو ئەوە پەیوەندی بە خاوەندارێتی پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانیەوە هەیە کە کوردستانیان وەك ئەرکێك لە پارتیدا دەیبینین جیاواز لەوانی دیکە.

لەسەردەمی نوێدا هەمیشە شاهێدیدانێك هەیە کە سەرۆك مسعود بارزانی بە مەبەستی سەلماندنی



## پەرژین جەعفەر حاجی ڕۆستەم

توێژەری مێژووی سیاسی

بۆ گوڵانی نووسیوە

ئەو بڕوایە و هێشتنەوەی وەك ڕێبازێك كە پارتی لەسەری دامەزراوە و پەروەردەیەكە كە لە جەنابی بارزانیی نەمرەوە ماوەتەوە، دەستكەوتە حزبییەكانی پارتی دەكات بە قوربانیی میللەتەكە، كەم نین ئەو ڕەخنانەش لەم بوارە لە نێو پارتییەكان ڕووبەڕووی سەرۆك بارزانی دەكرێتەوە كە بەركەوتەكانی پارتی هەمیشە بەخشراوە، یان سازشی لەسەر كراوە لە پێناو بەشداریكردن و هاوبەشیكردنی حزبی دیكە لە حوكمڕانیی كوردستان و سەركەوتنەكانی پارتی دابەش كراوە بەسەر هەموو لایەنەكاندا، ئەمەش لەو ڕوانگەیەوە كە پارتی دیموكراتی كوردستان موكوڕ بووە لەسەر ئەوەی ئامانج نابێت بكرێت بە قوربانیی ئامراز.

لە خوێندنەوە و تێگەیشتنی نوێی سەردەمی دیموكراسی، چەمك و تێگەیشتنی شارەزایانی بواری سیاسی، حزب بریتییە لەو گرووپانەی لە ڕكابەریـن بـۆ بەدەستهێنانی زۆرترین ڕێژەی جەماوەری بۆ گەیشتن بە دەسەڵات و ڕاكێشانی ڕای خەڵك بۆ گەیشتنی نوێنەرایەتییەكانی لەسەر ئاستی حوكمڕانی، ئەمە مافێكی سرووشتیی هەر حزب و گرووپێكە، بەڵام پارتی دیموكراتی كوردستان لە قۆناغی نوێیدا هەوڵی نەداوە بە شێوەیەكی كاتی كار لەسەر ڕاكێشانی ڕای زۆرینە بكات و پەیوەستیان بكات بە كۆمەڵێك دروشم كە توانای جێبەجێكردنی بەدەر بێت لە واقیع، بەڵكو پارتی هەمیشە لەو چوارچێوەیەدا ستراتیژیەتەكانی خۆی داڕشتووە كە خزمەتكردنی خەڵكی كوردستانی كردووە بە پێوەری شانازییەكانی، نەك ڕێژە زۆرەكەی متمانەی خەڵك.

زۆرینەی حزبەكانی كوردستان لە ململانێیەكانیان دروشمەكانیان كاتین، بەڵكو لەوەشدا جۆرێك لە چەواشەكاری دەبینین، چونكە قابیلییەت و زەمینە و توانایان نییە بۆ جێبەجێكردنی، بۆیە جیاوازییەكەی پارتی لەمەدا ڕوونە دروشمەكانی هەمیشە لە یەك خاڵەوە سەرچاوە دەگرێت، ئەویش هاوپەیمانێتییە لەگەڵ خواست و ویستی خەڵك و هاوبەشیكردنیانە لە حوكمڕانی و پرۆسەكانی خزمەتگوزاری و سەقامگیری بە هەموو لایەنەكانیەوە و لە جێبەجێكردنیشیدا ورد و هەنگاو بە هەنگاو بە بەرپرسیاریەتی مێژوویی خۆی پێشكەشی كۆمەڵگە دەكات.

باڵادەستبوون لە حوكمڕانیدا بە ڕێگەی شەرعی (هەڵبژاردن) مافێكی سرووشتی و یاساییە، پارتی دیموكراتی كوردستان لە قۆناغەكانی سەردەمی شەرعییەتی پەرلەمانی و حكومەت لە دوای ساڵی ١٩٩١ـەوە، بەردەوام ئەم شەرعییەتەی بەدەست هێناوە، بەڵام هیچ قۆناغێكیش نەبووە هاوپەیمانێتییەكەی لەگەڵ میللەتەكەی لاواز بكات، ئەگەر هۆكارێك لە دەرەوەی توانا و دەسەڵاتی بوویێت بە كۆسپ، هاوشانی متمانەی جەماوەری و پشتیوانیی خەڵك بەسەر ئەو هۆكارەدا زاڵ بووە.

ئێستاش پارتی دیموكراتی كوردستان بە هەمان نەفەسەوە لە كێبڕكێیدا خاوەن ئەو پرەنسیپەیە كە خزمەتكردنی خەڵكی كوردستان لە پێشەوەی هەموو ئامانجێكەوەیە و ئەرك و بەرپرسیاریەتی لە پێناو بەجێگەیاندنی خواستەكانی خەڵكی كوردستان قورستر دەكات لەسەر شانی خۆی و، لە ئایندەشدا لەم كێبڕكێیەدا بە ئەمانەتەوە خواستەكانی خەڵكی كوردستان دەكات بە بەرنامەیەك بۆ قۆناغی نوێی و شایستەتر خزمەتی كوردستانییان بكات و هاوپەیمانێتییەكەی بەردەوامی پێبدات و پتەوتری بكات.

**بارزانیی نەمر فەرموویەتی: «شانازییە بۆ مرۆڤ خزمەتكاری میللەتی خۆی بێت». ئەوە بەڵگەیەكە كە میللەت نەخراوەتە خزمەت ئامرازەكە، كە حزبەكەیە، بەڵكو ئامرازەكە خراوەتە خزمەت ئامانجەكە، كە ئەو هاوپەیمانێتییە لە نێوان میللەت و شۆڕش و حزب دروست بێت**

**پارتی هەمیشە لەو چوارچێوەیەدا ستراتیژیەتەكانی خۆی داڕشتووە كە خزمەتكردنی خەڵكی كوردستانی كردووە بە پێوەری شانازییەكانی، نەك ڕێژە زۆرەكەی متمانەی خەڵك**

## پ.ی.د. نادیە تەڵعەت سەعید:

# بەپێی ڕاپۆرتی نەتەوە یەکگرتووەکان، عێراق پێنجەم وڵاتە کە دەکەوێتە ژێر کاریگەری گۆڕانی ئاو و هەوا ئەمەش کاریگەری لەسەر هەرێمی کوردستان دەبێت



پ.ی.د. نادیە تەڵعەت سەعید، سەرۆکی بەشی جوگرافیا _سەرپەرشتیاری کۆلێژی پەروردەی مەخموورە، لە گفتوگۆیەکیدا لەگەڵ گۆڤاری گوڵان، باس لە گۆڕانکارییەکانی ئاو و هەوا دەکات، جەخت لەوەش دەکاتەوە کە ئەم گۆڕانکارییانەی کەشوهەوا کە لەم دواییەدا ڕوویان داوە، کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر پیسبوونی ژینگەی شاری هەولێر و دابەزینی ئاستی کوالێتیی هەوا هەیە. لە بەرانبەردا بەرزکردنەوەی هۆشیاری ژینگەیی و هاندانی پاشەکەوتکردنی وزە و کەمکردنەوەی پیسکەرەکان و کەمکردنەوەی پشتبەستن بە نەوت وەك سەرچاوەیەکی سەرەکیی وزە، هەروەها سوودوەرگرتن لە سەرچاوەی وزەی نوێبووەوە وەك وزەی خۆر و با، دەتوانێت ڕێگری لە پیسبوونی ژینگە بکات.

گوڵان: کۆمەڵایەتی

پ.ی.د. نادیە تەڵعەت سەعید لە دەستپێکی قسەکانیدا هێما بۆ ئەوە دەکات، «گۆڕانکارییەکانی ئاو و هەوا بریتییە لە گۆڕانکاری و تێکچوون لە بارودۆخی ئاسایی کەشوهەوا وەك پلەی گەرمی و ئاراستەی با و ئاستی بارانبارین بۆ هەر ناوچەیەکی زەوی و هاوکات دەڵێت: «بەتانییەکی سرووشتی لە گازە گەرمخانەییەکان لە بەرگەهەوادا هەسارەکە بە رادەی پێویست گەرم دەهێڵێتەوە بۆ ژیان، بەڵام دەردانی گازی گەرمخانەیی بە هۆی مرۆڤەوە وای کردووە، بەتانییە سرووشتییەکە ئەستوورتر بێت و گەرما هەڵدەگرێت و دەبێتە هۆی گەرمبوونی جیهان. سووتەمەنیی بەردینی تاکە سەرچاوەی گەورەترین گازە گەرمخانەییەکانە کە بەهۆی مرۆڤەوە دروست دەبن.»

ئەو کەسایەتییە ئەکادیمییە جەختی لەوە کردەوە کە «سووتاندنی خەڵوز و نەوت و غازی سرووشتی، ساڵانە ملیارەها تۆن کاربۆن دەردەدات کە لە زەویدا بە شاراوەیی دەمێنێتەوە، هەروەها بڕێکی زۆر لە میتانی و ئۆکسیدی نایترۆجینیش. دیارە دووەم ئۆکسیدی کاربۆن زیاتر دەردەچێت، کاتێك دارەکان دەبڕدرێن و نەمام لە شوێنی خۆیان نەچێنرێن. لە هەمان کاتدا بەشێکی زۆر لە ئاژەڵەکان میتانی دەردەدەن.

کلۆرۆ فلۆرۆکاربۆن (CFCs)، هایدرۆ فلۆرۆکاربۆنەکان (HFCs) و پەرفلۆرۆکاربۆنەکان (PFCs) کە لە هەواگۆڕکێ و ساردکەرەوەدا بەکاردەهێنرێن، لەلایەن پیشەسازییەوە بەرهەم دەهێنرێن و دواجار دەچنە ناو بەرگەهەوا».

سەبارەت بە دەرئەنجامەکانی گۆڕانی ئاو و هەواش گوتی: «بە هۆی کاریگەرییەکانی گۆڕانی کەشوهەوا هەژارترین کۆمەڵگەکان زۆرترین زیانیان بەرکەوتووە. پێشبینی دەکرێت تێکڕای رووی دەریاکانی جیهان لە نێوان ٢٨ بۆ ٥٨ سانتیمەتر بەرز بێتەوە، ئەمەش لە ئەنجامی فراوانبوونی زەریاکان و توانەوەی سەهۆڵبەندانەکان، شەپۆلی زیاتری بەرزبوونەوەی پلەکانی گەرما روودەدات، وشکەساڵی لە هەندێك ناوچەکان خراپتر دەبێت و چڕیی بارانبارین لە ناوچەکانی دیکە زیاد دەکات».

زیادبوونی مەترسییە تەندروستییەکانی گۆڕانی ئاو و هەواشی بە خاڵ دەستنیشان کرد، لەوانە: « زیادبوونی مردن لە ئەنجامی بەرزبوونەوەی پلەکانی گەرما. زیادبوونی رێژەی تووشبوون بە تەنگەنەفەسی و هەستیاری لە کۆئەندامی هەناسەدان و نەخۆشییەکانی کۆئەندامی هەناسەدان. زیادبوونی نەخۆشییە گواستراوەکانی ڤێکتەر و زۆنۆتیك. نەخۆشییەکانی دڵ و خوێنبەرەکان و جەڵتەی مێشك. نەخۆشییە گواستراوەکانی خۆراك و ئاو. تەندروستی دەروونی و تێکچوونی فشاری دەروونی و بەرزبوونەوەی رێژەی هەندێك جۆری شێرپەنجە و مەترسی جۆراوجۆر لەسەر زیندوو و گیانلەبەرە کێوییەکان».

سەبارەت بە کاریگەریی گۆڕانی ئاو و هەوا و مەترسییەکانی لەسەر هەرێمی کوردستان و بەتایبەتی عێراق کە لە ژێر کاریگەریی گۆڕانی ئاو و هەوادایە، گوتی: «بەپێی دوایین راپۆرتی نەتەوە یەکگرتووەکان، عێراق پێنجەم وڵاتە کە دەکەوێتە ژێر کاریگەری گۆڕانی کەشوهەوا ئەمەش کاریگەری لەسەر هەموو لایەنەکانی ژیانی هەرێمی کوردستان و وڵاتەکە هەیە، کە دەبێتە هۆی بیابانبوون و لەدەستدانی زەویی کشتوکاڵی و ساڵانە ٥٥٪ زەویی کشتوکاڵی لەدەست دەدەین و زەوی عێراق دەکەوێتە ژێر هەرەشەی بە بیابان بوون، بەو پێیەی تووشی وشکەساڵی دەبن و دەبنە بیابانی بێ بەرهەم، ئەمە جگە لەوەی بەردەوام ئاوی سەر زەوی و ژێر زەوی کەم دەبێتەوە، ئاسایشی خۆراکی لاواز دەبێت، هەروەها کۆچکردن لە عێراق و هەرێمی کوردستانەوە بۆ وڵاتانی دەرەوە زیاد دەکات».

گوتیشی: «ئەم گۆڕانکارییەی ئاو و هەوا لەم دواییانەدا روویان داوە، کاریگەریی راستەوخۆی لەسەر ژینگەی هەولێر بووە. بەتایبەتی لە رووی پیسبوونی هەوا، کوالێتیی هەوا بۆ هەڵمژینی هەوای رۆژانەی دانیشتووانی هەولێر خراپ بووە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ هۆکاری زیادبوونی بەرچاوی ژمارەی ئۆتۆمبێل کە راستەوخۆ دەبێتە هۆکاری دەردانی کۆمەڵە گازێکی ژەهراوی، وەکو گازی یەکەم ئۆکسیدی کاربۆن و گازی ئۆکسیدی نیترۆز و گازی میتان، کە بە هۆکاری سەرەکی بڵاوبوونەوەی نەخۆشیی شێرپەنجە دادەنرێن، هەروەها نەخۆشی دیکەی وەك نەخۆشییەکانی دڵ و سییەکان. واتە بێجگە لەوەی ئەم هەموو جۆرە گازە ژەهراوییانەی کە لە ئۆتۆمبێلەکان دەخرێتە ناو بەرگەی هەوا کە کاریگەریی راستەوخۆی دەبێت لەسەر زەقکردن و سەرهەڵدانی دیاردەی قەتیسبوونی هەوا و گەرمبوون و بەرزبوونی پلەی گەرما لە شاری هەولێر و دابەزینی ئاستی کوالێتیی هەوا، هەروەها دەرهاوێشتنی گازی یەکەم ئۆکسیدی کاربۆن لە مولیدە تایبەتییەکانی گەڕەکەکان کە رێژەکەی دەگاتە زیاتر لە یەك تۆن و ئەم گازە ژەهراوی و مەترسیدارە تەندروستیی دانیشتووانی شاری هەولێر دەخاتە مەترسییەوە».

پ.ی.د. نادیە تەڵعەت سەعید لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە رێکارەکانی چارەسەر بۆ کەمکردنەوەی کاریگەرییەکانی گۆڕانی ئاو و هەوا چین؟ گوتی: «سەرەتا دەبێت کار لەسەر بەرزکردنەوەی هۆشیاریی ژینگەیی لە نێو هەموو ئەندامانی کۆمەڵگە بکرێت. هەروەها هەوڵی کەمکردنەوەی پشتبەستن بە نەوت وەك سەرچاوەیەکی سەرەکیی وزە بدرێت، پێویستە سوود لە سەرچاوەی وزەی نوێبووەوە وەك وزەی خۆر و با وەربگیرێن و داهێنانی کارگە و ئامێری دۆستی ژینگە هەبێت، هەموو ئەوانە پێکەوە دەتوانێت رێگری لە پیسبوونی ژینگە بکات».

**سووتاندنی خەڵوز و نەوت و غازی سرووشتی، ساڵانە ملیارەها تۆن کاربۆن دەردەدات کە لە زەویدا بە شاراوەیی دەمێنێتەوە**

**دووەم ئۆکسیدی کاربۆن زیاتر دەردەچێت، کاتێك دارەکان دەبڕدرێن و نەمام لە شوێنی خۆیان نەچێنرێن**

**بە هۆی کاریگەرییەکانی گۆڕانی ئاو و هەوا هەژارترین کۆمەڵگەکان زۆرترین زیانیان بەرکەوتووە**

**پێشبینی دەکرێت تێکڕای رووی دەریاکانی جیهان لە نێوان ٢٨ بۆ ٥٨ سانتیمەتر بەرز بێتەوە، ئەمەش لە ئەنجامی فراوانبوونی زەریاکان و توانەوەی سەهۆڵبەندانەکان**

**ئەم گۆڕانکارییەی ئاو و هەوا لەم دواییانەدا روویان داوە، کاریگەریی راستەوخۆی لەسەر ژینگەی هەولێر بووە**

## شێنێ محەمەد شەریف:

# کارکردنی ئافرەت لە کۆمەڵگەی ئێمەدا شتێکی تازە نییە



ئافرەت و کار بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی دوانەیەکی لێکدانەبڕاون و ئافرەتان لە هەموو قۆناخەکانی مێژووی نەتەوە بەشێکی تەواوکاری پیاو بووە لە هەموو سەختی و ناخۆشییەکاندا،

دەبینین هەر کۆمەڵگە و کولتوورێك جۆرە شوناسێکی بە خانمان بەخشیوە و ئەوان شوناس و بوونێکی کولتووری، کۆمەڵایەتی و تایبەتمەندیی خۆیانیان هەیە بەپێی ئەو کولتوور و کۆمەڵگەیەی تێیدا دەژین.

شێنێ محەمەد خاتوونێکی خاوەن کار و دانیشتووی هەولێری پایتەختە و بەمجۆرە باسی تێکەڵبوونی بە بازاڕی کار دەکات «ساڵی ٢٠١٥ خوێندنم تەواو کرد و وەکو زۆربەی دەرچووەکانی دیکە بەهۆی شەڕی داعش و قەیرانی داراییەوە، دەرفەتی دامەزراندنم نەبوو، بۆیە بیرم لە کاری ئازاد کردەوە، چونکە پێشتریش ئەزموونم لە

**شێنێ محەمەد شەریف، ساڵی ١٩٩٣ لە پارێزگای سلێمانی لەدایك بووە. دەرچووی بەشی کۆمپیوتەرە و وەك خۆی باسی دەکات، نزیکەی ١٠ ساڵە لە شاری هەولێر نیشتەجێیە. خانمە دەسترەنگینە و خاوەنی کارگەیەکی دروومانی جلوبەرگی بوکێنی و بۆنە و ئاهەنگەکانە، لە گفتۆگۆیەکیشدا لەگەڵ گۆڤاری گوڵان باس لە ئەزموون و سەرکەوتنەکانی لە بواری کار و داهێنانەکانی دەکات.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

دیزاینکردنی جلوبەرگ هەبوو، بڕیارم دا، بڕەو بە بەهرە و شارەزاییەکەی خۆم بدەم، ئێستاش نزیکەی پێنج ساڵە خاوەنی شوێنکاری خۆمم بە ناوی «شێنێ درێس» کە تایبەتە بە جلوبەرگی خانمان بۆ ئاهەنگی هاوسەرگیری، لەدایکبوون و یاد و بۆنەکان، هاوکات لەگەڵ خۆمدا هەلی کارم بۆ چەند خانمی دیکەش ڕەخساندووە، ئەوەش زۆری دڵخۆش کردووم. جگە لە درێسی هاوردە، خۆشمان لێرە درێس بە گوێرەی خواستی کڕیارەکانمان دەدوورین».

لە وەڵامی ئەو پرسیارەشدا کە پشتیوان و هاندەرت بۆ کارکردن کێ بووە؟ گوتی: «سەرەتای کارکردنم بە پاڵپشتیی باوك و دایك و خێزانەکەم بوو، ئەوان لە سەرخستنی بیرۆکەکانم بەردەوام پاڵپشتییان کردووم، خوشکەکانم هەمیشە پاڵپشتێکی گەورەی مەعنەوی بوون بۆم، دواتریش کە هاوسەرگیریم کرد، هاوسەرەکەم بەهەمان شێوە زۆر پشتگیری کردم بۆ ئەوەی شوێنی شێنێ درێس بکەمەوە.

لە منداڵییەوە ئاواتم ئەوە بووە کارێکی سەربەخۆم هەبێت و لە ڕووی ماددییەوە بارگرانی نەبم، ئەمەش خەسڵەتی هەموو ژنێکی کوردە کە نایەوێت ببێتە ئەرك بەسەر باوك، برا، هاوسەر و کوڕیەوە».

لە وەڵامی ئەو پرسیارەش کە ئایا تاچ ئاستێك دڵخۆشی بە کارەکەت؟ گوتی:» من زۆر دڵخۆشم بە کارەکەم، چونکە توانیومە هەلی کاریش بۆ خانمی دیکە برەخسێنم، لە ئێستادا چوار خانمی بەڕێز لە کارگەکەم و لە شوێنی فرۆشتن و بەکرێدانی درێسەکان کارمان لەلا دەکەن، هەروەها دەتوانم یارمەتیی خێزانەکەم بدەم، لە هەمووی زیاتر ئەوە دڵخۆشم دەکات کە دەتوانم یارمەتی ئەو کچانە بدەم کە هاوسەرگیری دەکەن، چونکە ڕۆژێکی زۆر خۆشە لە ژیانیان و من بەشداریی ئەو خۆشییەیان دەکەم لە ڕێگەی جێبەجێکردنی خواستەکەیانەوە، هەم بۆ دابینکردنی درێس و هەم بۆ نرخەکەشی».

ئەو خاوەن کارە لە درێژەی قسەکانیدا و سەبارەت بە پێشکەوتن و بەردەوامی ڕەوتی کارکردنی خانمان و مافەکانیان ئاماژە بەوە دەکات: «پێشێلکردنی ماف پەیوەندی بە ڕەگەزەوە نییە، پیاو و ژن، لە هاوکاری و ستەمدا وەکو یەك پشکیان هەیە، ئەوەی کە وا دەکات پیاو یان ژن ببێتە ستەمکار، ئەهریمەنەکەی ناخیەتی. بەڵام بێگومان کارکردنی ئافرەت، واتە باشبوونی دارایی، وەك کوردەواریش دەڵێت: کاسەی پڕ ئاشتیی ماڵە. ئافرەتی کوردیش لەوەتی هەیە هاوشانی پیاو کاری کردووە. ئێمە داپیرمان درەوی کردووە و باخی ئاو داوە و بێستانی کردووە. دایکمان مەڕی دۆشیوە و شیرینی و کولیچەی دروست کردووە، ئێستا من و تۆش کاری خۆمانمان هەیە. واتە کارکردنی ئافرەت لە کۆمەڵگەی ئێمەدا شتێکی نوێ نییە، وەکو کۆڵەکەیەکی خێزان وایە و بووەتە کەلتوری ئێمەی کورد».

**بەهۆی شەڕی داعش و قەیرانی داراییەوە، دەرفەتی دامەزراندنم نەبوو، بۆیە بیرم لە کاری ئازاد کردەوە**

**هەلی کارم بۆ چەند خانمی دیکەش ڕەخساندووە، ئەوەش زۆری دڵخۆش کردووم**

**باوک و دایک و خێزانەکەم بوو، ئەوان لە سەرخستنی بیرۆکەکانم بەردەوام پاڵپشتییان کردووم**

**هاوسەرەکەم بەهەمان شێوە زۆر پشتگیری کردم بۆ ئەوەی شوێنی شێنێ درێس بکەمەوە**

## سامراند:

# کاری هونەری قوربانیی دەوێت

سامراند دارا ئەو ئەکتەرەیە کە سەرەتای کاری هونەریی لە بەرنامەی بەزمی بەزم دەستی پێکرد و تاوەکو ئێستاش بەردەوامە لە کاری هونەری، سامراند جگە لە کاری هونەری لە داهاتوودا حەز دەکات کار لەسەر ئەوە بکات کە ببێت بە خاوەن بزنسی خۆی و ئەگەر پرۆژەیەکی بچوکیش بێت، گرینگ ئەوەیە کار بۆ خۆی بکات و کەس منەتی بەسەردا نەکات، هەروەها دەوێت لە ڕێگەی بزنسەکەیەوە هاوکاریی گەنجان بکات و کاریان پێ بدات، بۆ ئەم مەبەستەش گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵ سازدا.



*** بە کام هونەرمەندی کورد سەرسامیت؟**

- کورد هونەرمەندی سەرکەوتووی تێدایە کە تازەش هاتوونەتە نێو بوارەکە، بەڵام هونەری جوان پێشکەش دەکەن، بۆیە نامەوێت بەتەنیا یەك کەس هەڵبژێرم و بڵێم بەو هونەرمەندە سەرسامم.

*** هەر ئافرەتێك سەرەتا دێتە نێو کاری هونەری قوربانی دەدات، تۆ چ قوربانییەکت داوە ؟**

- هەموو هونەرمەندێك چ پیاو بێت چ ئافرەت دەبێت قوربانی بدات، منیش وەکو هەموان قوربانیی زۆرم داوە، بەڵام لە جیاتی ئەوە دڵی کۆمەڵێك خەڵکی جوانم بەدەست هێناوە.

*** لە کاری هونەریدا چ شتێك لای تۆ هێڵی سوورە؟**

-لادان لە کلتوور و بێڕێزی و مافخواردن لای من هێڵی سوورن، من مافی کەس ناخۆم، قبووڵیش ناکەم کەس مافی من بخوات.

*** سەرەتا بە کاری هونەری کۆمیدیا دەستت پێ کرد، حەز بە کۆمیدیا دەکەیت یان کاری جددی؟**

- خۆتان دەزانن من ئەکتەری کۆمیدیم، بەڵام چەندین کاری جددیشم کردووە، کێشە نییە من حەزم لە کاری هونەری و ڕۆڵبینینە، بۆیە جیاوازی نییە بۆمن توانای بەرجەستەکردنی هەموو ڕۆڵێکم هەیە.

*** ڕیکلام بۆ چ شتێك ناکەیت ئەگەر داوات لێ بکەن؟**

- جگەرە، چونکە زۆرم ڕق لێیەتی، هەروەها خواردنەوەی کهولی چونکە کۆمەڵگە قبووڵی نییە.

*** لەم دواییانە چەند ڕیکلامێکت کرد، ئایا وەك خانمێکی هونەرمەند ئامادەییت لەبەرامبەر کالایەکی خراپ پارەیەکی باش وەرگریت و بڵێیت کالایەکی باشە ؟**

- هەرگیز، هەموو ئەو بەڕێزانەی ڕیکلامم بۆ کردوون خۆیان شاهێدن کە تاوەکوو خۆم بەرهەمەکە تاقی نەکەمەوە و بۆ ماوەیەك سودی لێ نەبینم، هەرگیز ڕیلامی بۆ ناکەم، بە دیاری زۆر ڕیکلامم کردووە، بەڵام بۆ کاڵای خراپ نایکەم.

*** دوای کاری هونەری وەك ڕاگەیاندنکار دەرکەوتیت، هەست ناکەیت خۆت لە هەموو کارێك دەدەیت، ئایا دەتوانیت لە هەموو بوارەکاندا سەرکەوتوو بیت ؟**

- من زۆر سەرکێشی دەکەم، بەس شتێك نەزانم تێیدا سەرکەوتوو دەبم نایکەم.

***بۆچی ئێوە لە بەزمی بەزم وەکو ئافرەتەکان پاڵپشتی یەکتری و هاوکاری یەکتری نەبوون، بگرە هەمیشە حەزتان بە ڕووخاندنی یەکتر دەکرد ؟**

- بە پێچەوانەوە بە هۆی ئەوەی کە من یەکەم خانم بووم لە سەرەتای بەزمی بەزمەوە تا فینالی بەرنامە لەگەڵیاندا بووم، زۆرجار هەبووە من هاوکاری بەشێك لەو خانمانە بووم کە لەدوای من دەستیان پێ کردو لەگەڵمان بەشدار بوون، بەڵام لە هەموو شوێنێکیش ڕکابەری هەیە، لەوانەیە منیان بە ڕکابەر زانیبێت، ئاساییە بەس من کەسم بە ڕکابەری خۆم نەزانیوە و ڕێزم بۆ هەموویان هەیە.

*** ماوەیەکی زۆر لەگەڵ هونەرمەند گۆڤار ئەنوەر بە یەکەوە کارتان دەکرد، ئایا چ یادگارییەکت لەگەڵ خوا لێخۆشبوو گۆڤار ئەنوەر هەیە کە قەت بیرت ناچێتەوە ؟**

- خوای گەورە لێی خۆش بێت، من بە پیاوە سادەکە ناوم دەبرد، ناشمەوێت باسی یادگاریی ئەو پیاوە مەزنە بکەم نەوەك ئازیزانی بە یادەوەرییەکان خەمبار بن، بۆیە تەنیا دەڵێم هەمووتان گەردنی ئازاد بکەن، ئەو زۆر سادە بوو.

*** گەورەترین هەڵەی ئافرەت کە لەگەڵ خۆی بیکات چییە؟**

- دڵسافی و خۆش باوەڕی.

*** ناشرینترین ڕەفتاری پیاو لای تۆ چییە ؟**

- دڵپیسی و ڕەزیلی و درۆزنی، پیاو ئەگەر ئەو سێ سیفەتەی هەبوو، تەنیا نێرینەیە نەك پیاو .

*** چ شتێك هەیە کە بترسیت لە دەستی بدەیت ؟**

- تەنیا ترسی لەدەستدانی تەندروستیی خۆم و خێزانەکەم هەیە.



# کیسەڵەکانیش دەفڕن، لە ناو ٢٠ فیلمی پڕبینەری جیهاندا

فیلمی سینەمایی کوردیی (کیسەڵەکانیش دەفڕن) لە دەرهێنانی سینەماکاری بە ئەزموونی کورد (بەهمەن قوبادی) کە بە نوێنەرایەتی هەرێمی کوردستان، تا ئێستا زیاتر لە ١٠٠ فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلم لە ئاستی دنیادا بەشداریی کردووە و زیاتر لە ٥٠ خەڵاتی جیهانیی بۆ کوردستان بەدەست هێناوە، یەکێکە لە پڕشانازیترین فیلمەکان لە مێژووی سینەمای کوردستان و ئێراندا، بەم دواییانە لە لایەن ماڵپەڕیی سینەمایی موڤی وێب (Movieweb) لە وڵاتی ئەمریکا لە ناو ٢٠ فیلمی جیهاندا ئاماژەی پێ کراوە کە ٢٠ ساڵ بەسەر سازکردنیان تێدەپەڕێت، بەڵام ئێستاش هەر تام و چێژیی تایبەت بە خۆیان هەیە و لە لایەن بینەرانەوە بەردەوام سەیریان دەکرێت.

ناویی ئەو ٢٠ فیلمە سینەماییەی لیستی ماڵپەڕیی موڤی وێب بریتین لە: پێکدادان (Crash) لە دەرهێنانی پۆڵ هاگیس (Paul Haggis)، هوتێل ڕواندا (Hotel Rwanda) لە دەرهێنانی تێری جۆرج(Terry George)، کاندیدای مەنچووری(The Manchurian Candidate) لە دەرهێنانی جاناتان دێمی (Jonathan Demme)، لە تەنیشت (Side-ways) لە دەرهێنانی ئێلێکساندێر پێین (Alex-ander Payne)، کیسەڵەکانیش دەفڕن (Turtles Can Fly) لە دەرهێنانی بەهمەن قوبادی، قەڵای جووڵاوی هاوێل (Howls Moving Castle) لە دەرهێنانی هایائۆ میازاکی (Hayao Miyazaki)، بلیمەتەکان(The Incredibles) لە دەرهێنانی بڕاد بیرد (Brad Bird)، درەوشانەوەی ئەبەدی زەینێکی پاك (Eternal Sunshine of the Spotless Mind)







لە دەرهێنانی میشێل گێندری (Michel Gon-dry)، دوو بەیانی (The Day After Tomor-row) لە دەرهێنانی ڕۆلاند ئێمریش (Roland Emmerich)، دەفتەری یاداشت (The Note-book) لە دەرهێنانی نیك كاساڤێتیس (Nick Cassavetes)، چیرۆكی قرش(Shark Tale) لە دەرهێنانی هاوبەشی راب لێتێرمان و ڤیكی جانسۆن (Rob Letterman)،( Vicky Jenson) و بیبۆ بێرگرۆن (C.S.A). «(Bibo Bergeron)، ویلایەتی كۆنفدراسیۆنی ئەمریكا(The Confed-erate States of) لە دەرهێنانی كوین ویلموت (Kevin Willmott)، ناپێلئۆن دینامیت (Na-poleon Dynamite) لە دەرهێنانی جێرێد هێس (Jared Hess)، ڕزگاربوو (Saved) لە دەرهێنانی برایان دانێلی (Brian Dannelly)، ژنی پشیلەیی (woman Cat) لە دەرهێنانی پیتۆف (Pitof)، چراكانی شەوی هەینی (Friday Night Lights) لە دەرهێنانی هاوبەشی پیتێر بێرگ (Peter Berg) و جۆش پیت (Josh Pate)، كچە بەدفەڕەكان(Mean Girls) لە دەرهێنانی مارك واتێرز (Mark Waters)، هاوینی ئەوینی من(My Summer of Love) لە دەرهێنانی پاوێل پاویلكۆفسكی(Pawel Paw-likowski)، ژنێكی باش (A goog Wman) لە دەرهێنانی مایك باركێر (Mike Barker) و هەروەها خۆرئاوای مردووەكان (Dawn of the Dead) لە دەرهێنانی زێك ئێسنایدێر (Zack Snyder).



## ئیڤا گرین:

# بەشداری لە فیلمێكدا ناكەم پلە دوو بێت



دوای ئەوەی داوایەكی لە دادگا دژی كۆمپانیایەكی بەرهەمهێنانی هونەری بردەوە، خانمە ئەكتەری ناسراوی فەرەنسی ئیڤا گرین رایگەیاند: «لە ژیانی خۆمدا یەك ئامانجم هەبووە، ئەویش بەرهەمهێنانی فیلمی سەركەوتوو بووە، بۆیە بڕیارم داوە بە هیچ شێوەیەك بەشداری لە كارێكی پلە دوودا نەكەم، بۆ ئەوەی كاریگەریی لەسەر كاروانی هونەریی من نەبێت لە داهاتوودا و دواتریش لێی پەشیمان ببمەوە».

ئیڤا گرین خۆی بە كەسێكی خۆگۆڕ دەزانێت و سەبارەت بەم بابەتە دەڵێت: «كاتێك خەڵك بۆ یەكەمجار دەمبینن، زۆر سارد دەبینن، حەزم لێیە مەودایەك بۆ خۆم بەجێ بهێڵم و پێموایە ئەمەش هۆكارێكە بۆ ئەوەی من نواندنم خۆش دەوێت بۆ لەبەركردنی چەندین دەمامك، من كەسێكی سادەم بە تەنیا دژیم، كەشێكی گوندیم پێ باشترە لە گەرەكێكی لەندەن، سەردانی مۆزەخانە دەكەم، چێژ لە مۆسیقا و فیلم و گوێ لە مۆسیقای كلاسیك دەگرم و پیانۆش دەژەنم».

لە ٦ی تەممووزدا بەكارهێنەرانی تویتەر ناوی ئەویان كردە بابەتێكی ترێند بۆ تەواوی ڕۆژەكە، ئەوەش ڕێزلێنانێكی گونجاو بوو بە بۆنەی لەدایكبوونی و ئاماژەیەك بوو بۆ ئەوەی كە جێ پەنجەی خۆی لەسەر بینەران بەجێ هێشتووە.

گرین هەمیشە بەرگری لە سوودەكانی ڕۆڵگێڕان لە شاشەی گەورەدا دەكات و پیشەكەی وەك جۆرێك لە چارەسەركردن بەكار دەهێنێت بۆ مامەڵەكردن لەگەڵ شەرمنی و دڵەڕاوكێی خۆی. ئەو خۆی بە كەسێكی «بێدەنگ و نزیك لە بێزاركەر» دەزانێت، بەڵام پابەندە بە ڕۆڵی جادووگەری شێت و دژە پاڵەوانی ژنە كوشندە و خوێنمژەكانە كە بیر لە تۆڵەسەندنەوە دەكەنەوە.

### شەهلا ئەسکەندەر ڕاهێنەری تایکواندۆ:

# هانی کچان دەدەم بەشداری ئەم هونەرە جوانە بکەن



*** لە ئێستادا ئاستی یاریی تایکواندۆ لە کوردستان چۆن دەبینی؟**

- سوپاس بۆ خوا ئاستی یاریی تایکواندۆ لە کوردستان زۆر باشترە لە عێراق، یاریزانانی کوردستان بەتایبەت کچەکانمان هەمیشە پلەکانی پێشەوە بەدەست دەهێنن، کوڕەکانیش بەهەمان شێوە باشترین یاری ئەنجام دەدەن، یاریزانەکان لەسەر ئاستی عێراق کێبڕکێ بەهێز دەکەن.

***بەڕێوە نەچوونی پاڵەوانێتییەکان تا چەند کاریگەری لەسەر ئاستی یاریزانان دەبێت؟**

- هەموو یارییەك پێویستی بە دووبارە بوونەوە هەیە، تا یارییەکان زیاتر بن، ئاستی فیکری و توانای یاریزانەکە زیاتر تاقی دەکرێتەوە، واتە یاریزان دەتوانێت لە یاریزانەکانی بەرانبەری زیاتر شتی نوێ فێر بێت و لە هەڵەکانی تێبگات.

***چی بکرێت باشە بۆ ئەوەی ئاستی ئەم یارییە لە کوردستان بچێتە قۆناغێکی باشتر؟**

- پێویستە یاریزانەکانمان زیاتر هاوکار بکرێن. یاریی تایکواندۆ پێویستە وەك یاریی تۆپی پێی وەربگیرێت. لە ئێستادا یاریزانی کورد ئەحمەد جەبار لە پارا ئۆڵۆمپی تایکواندۆ بەشدار دەبێت، کە شانازییەکی گەورەیە بۆ کوردستان، ئەگەر گرنگیی زیاتر بەم یارییە بدرێت، بەدڵنیاییەوە دەتوانین لە چوار ساڵی داهاتوو یاریزان بۆ ئۆڵۆمپیاد بنێرین.

***گرفتی ئەم یارییە لە چی دەبینی؟**

- تەنیا هیوادارم هاوکارییەکی جددی بۆ ئەم یارییە بکرێت.

***چ هەستێکت هەیە دوو کار (هونەری شەڕکردن و وەرزش) لە یەك کاتدا ئەنجام دەدەیت، ؟**

- تایکواندۆ خۆی هونەرێکی وەرزشییە لەگەڵ بەرگریکردن لە خۆت، کاتێك دەچیتە ناو دونیای

**پارێزگای سلێمانی یەکێکە لەو پارێزگایانەی کوردستان کە بەردەوام چەندین ڕاهێنەری بەتوانای لە یارییە جۆراوجۆرەکان هەیە و خزمەتی بەردەوامی وەرزشییە تاکەکان دەکەن. یاریی تایکواندۆ یەکێکی لە یارییەکانی هونەری شەڕکردن و بەرگریکردن و لە سلێمانی پەرەی پێدراوە و لە چەندین یانە و هۆڵە وەرزشییەکان یاریزانان ڕوو لەم یارییە دەکەن، بۆ ئەوەی بتوانن بەرگری لە خۆیان بکەن لە ڕێگەی ئەم وەرزشە. شەهلا ئەسکەندەر، لەدایکبووی ساڵی ١٩٨٦ـە و یەکێک لە ئافرەتە وەرزشەکارەکانی سەرکەوتووە و خاوەنی چەندین ئەنجامی باشە لە وڵاتی ئێران، ئێستاش بەردەوامە وەکو ڕاهێنەر لە هۆڵی (mcomplex) لە شاری سلێمانی، گۆڤاری گوڵان لە نزیکەوە چەند پرسیارێکی ئاراستەکرد.**

تایکواندۆ مەحاڵە ئەم وەرزشە و ئەم هونەرە جوانە لێی دوور بکەویتەوە. خۆم ٢٤ ساڵە ئەم هونەرە جوانە دەکەم و هەستێکی وەسف نەکراوی هەیە، هەمیشە پڕە لە ئارامییەکی تایبەت لە ناخەوە.

*** بۆ داهاتووی خۆت وەکو کچە یاریزانێک بەنیازی چیت؟**

- وەك تاکە ژنە ڕاهێنەری تایکواندۆ لە کوردستان، حەز دەکەم هانی زیاتری کچان بدەم کە بەشداری ئەم هونەرە جوانە بکەن، بۆ ئەوەی بتوانین لە داهاتوودا کچانێکی زۆر پەروەردە بکەین، بۆ ئەوەی مامۆستای گەنجی جوان و کارامە هەبێت لەم هونەرە جوانەدا.

***بڕیارت نەداوە قوتابخانەیەکی گەورە بۆ ئەم یارییە لە شاری سلێمانی بکەیتەوە؟**

- بەڵێ، ئەمە خەونێکی گەورەیە بۆ هەموو خۆشەویستانی تایکواندۆ لە شارەکەماندا کە قوتابخانەیەکی تایکواندۆمان هەبێت و بتوانین تایکواندۆ بخوێنین. من لەوانی دیکە کەمتر نیم، بەڵام ئێوە باشتر دەزانن ئەم کارە سەرمایەیەکی زۆری دەوێت و بەداخەوە ناتوانین ئەمە بکەین. هیواخوازم وەکو ڕاهێنەری تیپی کچانی سلێمانی بتوانم یاریزانان بۆ پاڵەوانێتییەکان ئامادە بکەم.

***داواکاری و پێشنیارت بۆ لایەنی بەرپرسی وەرزشی چییە؟**

- هیوادارم گرنگیی زیاتر بەم یارییە بدرێت، چونکە یاریزانانی کوردستان پێویستیان بە هاوکاری دارایی جددی هەیە. ئێمە لەم یارییە ئەستێرەی گەورەمان هەیە لە هەر دوو شاری هەولێر و سلێمانی و ڕاهێنەری بەتوانامان هەیە، بەهیوای ئەوەی زیاتر گرنگییان پێ بدرێت.

***خەونی وەرزشیت وەکو ڕاهێنەر چییە؟**

-هەمیشە خەونی من ئەوە بووە کە وەك ڕاهێنەرێك لەم وەرزشە سەیر بکرێم. سوپاس بۆ خوای گەورە و مامۆستا بەختیار حوسێن خەونەکەم بەدیهات.

سوپاسی ڕاهێنەرەکانم دەکەم کە هەمیشە پشتیوان و هاوکاری زۆر باشم بوون.

***بەهیوای ئەوە نیت هەڵبژاردەی کوردستان دابمەزرێ و تۆش یەکێك لە یاریزانەکانی بیت؟**

- هەموو یاریزانان هیواخوازی ئەو ڕۆژەن کە لەگەڵ هەڵبژاردەی کوردستان بەشدار بن، زۆریش حەز دەکەم ئەگەر ئەم دەرفەتەم بۆ ڕەخسا.

***باشترین ئەنجامەکانت چی بوون؟**

- وەکو کچە کوردێکی کوردستان لە ئێران دەستم بە مەشق و ڕاهێنان کرد، چونکە خانەوادەکەم بەهۆی شۆڕشی ١٩٧٤ ئاوارەی ئێران بوون و ئەنجامی زۆر باشم هەبووە، بۆ هەڵبژاردەی تیپی میللی ئێران هەڵبژێردرام، بەڵام نەمتوانی بەشدار بم، چونکە من نەتەوەی ئێرانی نەبووم.



***بەچ یاریزانێکی جیهانی سەرسامیت؟**

- لە هونەری وەرزشیمدا باشترین یاریزان کە بینیم بەهارە غەنیزادە بوو، کە مامۆستام بوو، توانی ڕاهێنانم پێ بکات لەگەڵ یاریزانی جیهانی (هادی ساعی) هەموو جیهان سەرسامن بەم یاریزانە.

*** لە یانەکان گرێبەستت پێشکەش کراوە؟**

-نەخێر، هیچ گرێبەستێکم پێشکەش نەکراوە، بەڵام هیوادارم یەکێك لە یانەکان وەکو ڕاهێنەر قبووڵم بکات.

***ئەگەرلە کۆتاییدا شتێکت ماوە دەتوانیت باسی بکەیت؟**

- دەستخۆشی بۆ گۆڤاری گوڵان، کە دەنگی وەرزشوانان دەگەیێنن.



# نەورۆز پشت بە ڕاهێنەرێکی بەرازیلی دەبەستێت

تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشیی نەورۆزی شاری سلێمانی، وەرزی ڕابردوو لە خولی یانە پیشەگەرەکانی عێراقی توانی ئاستێکی بەرز پێشکەش بکات. سەرەڕای سەرپەرشتیکردنی مەشقی یانەکە لەلایەن هەریەك لە وەلی کەریم و نزار مەحروسی سووریە ڕاهێنەر، ئەنجامەکانی یانەکە بەرچاو بوو. ئەم وەرزە کارگێڕیی یانەکە پلانی گەورەتری هەیە، بۆ ئەوەی بتوانن گرێبەست لەگەڵ چەندین یاریزانی ئەستێرە مۆر بکات. جگە لەوەش یانەی نەورۆز گرێبەستی لەگەڵ ژمارەیەك یاریزانی تازە کردووە، بۆ ئەوەی بتوانن ئەنجامی شایستە بەدەست بهێنن و کێبڕکێ لەگەڵ یانەکانی عێراقی بکەن، لەم ناوەشدا یانەی نەورۆز بە فەرمی گرێبەستی لەگەڵ ڕاهێنەر(جۆرڤان ڤیێرای) بەرازیلی گرێبەستی مۆر کرد، ئەو ڕاهێنەرە ئەزموونی زۆری لە یانەکانی وڵاتانی عەرەبی هەیە و، نازناوی جامی ئاسیای لەگەڵ هەڵبژاردەی عێراقی بەدەست هێناوە. کارگێڕیی یانەی نەورۆز ئەم وەرزە جیاواز دەردەکەوێت بۆ ئەوەی بتوانێت کۆمەڵێك ئەستێرە بگوازێتەوە بۆ ڕیزی تیپەکەی و بە فەرمی گرێبەستی لەگەڵ هەریەك لە یاریزانان(محەمەد تەقی) لە یانەی پێشمەرگەی سلێمانی و (ئینتراس ئۆکسی نیس جاو) لە یانەی نەهزەی عومانی و ئیسماعیل ئەحمەد و چۆمان ئەحمەد و سیڤان عومەر و شوان مەحموود و ڕاستگۆ فایەق کردووە و محەمەد دلاوەریش بۆ وەرزێکی دیکە بەردەوام دەبێت، جگە لەوەش لە ئایندە لە سەر داوای ڕاهێنەری تازە گرێبەست لەگەڵ چەندین ئەستێرەش مۆر دەکەن، بۆ ئەوەی بتوانن باشترین ئەنجام لەم وەرزە بەدەست بهێنن.



# ئیڤان خالید گرێبەستی بۆ هاتووە

ئیڤان خالید، یاریزانی کوردی یانەی وەرزشیی کارەبای شاری بەغدا، ئەم وەرزە دوایین وەرزی دەبێت لەگەڵ یانەکەی شاری بەغدا، هەر چەندە ئەم یاریزانە لەم وەرزە ئاستێکی بەرزی پێشکەش کردووە لە خولی ئەستێرەکانی عێراقی، هەر بۆیە چەندین یانە عێراقی لە هەوڵی ئەوەدان گرێبەستی لەگەڵ ئەم یاریزانە مۆربکەن. لە بارەی ڕۆیشتنی بۆ ڕیزی یانەی دیکەش ئیڤان خالید بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «بە دڵنیایی ڕیزی یانەی کارەبای شاری بەغدا جێدەهێڵم بۆ ڕیزی یانەیەکی دیکە، چاوەڕوانی یانەی کارەبام بۆ ئەوەی شایستە داراییەکانم لە یانەکە وەربگرمەوە، تاکو ئەوانیش وەڵامم نەدەنەوە، جارێك هیچ شتێکم نییە، بۆیە لە ئێستادا ناتوانم بڵێم دەچمە چ یانەیەك تاوەکو لەگەڵ ئەوان کارەکانم بە کۆتایی نەیێت». لە بارەی هاتنی گرێبەستیش گوتی: «چەند گرێبەستێکم بۆ هاتووە لە یانەکانی دیکە، پەنا بەخوای لە داهاتوویەکی نزیك خۆم یەکلایی دەکەمەوە».

چەند سەرچاوەیەکیش ئەوەیان ئاشکرا کردووە، کەوا یانەی هەولێریش لەسەر هێڵە بۆ ئەوەی ئیڤان ڕازی بکەن بگەڕێتەوە ڕیزی یانەی هەولێر.



# دهۆک ڕاهێنەرێکی نوێ دەستنیشان کرد

تیپی تۆپی پێی یانەی دهۆك ئەم وەرزە لەسەر دەستی ئەحمەد خەڵەفی ڕاهێنەری یانەکە توانی پلێتی سەرکەوتن بۆ جامی کەنداوی عەرەبی بەدەست بهێنێت، بەڵام ئەم وەرزە یانەی دهۆك خەونی گەورەتری هەیە لە خولی پیشەگەرانی عێراقی و جامی کەنداوی عەرەبی، کارگێڕیی یانەی دهۆك هەوڵی ئەوە دەدەن ژمارەیەکی قورس بن لە جامی کەنداو و خولی ئەستێرەکانی عێراق، بۆیە بە بڕیاری کارگێڕیی یانەکە ئەحمەد خەڵەف سوپاس کرا لە بەرامبەر ئەو هەوڵ و ماندوو بوونەی لە ماوەی ڕابردوو دابووی بۆ سەرخستنی یانەکە سوپاس و پێزانینیان پێ بەخشی، لە بەرامبەریشدا یانەی دهۆك بەفەرمی گرێبەستی لەگەڵ ڕاهێنەری سوێدی مەسعود میراڵ مۆرکرد بۆ ئەوەی سەرپەرشتی تیپی تۆپی پێی خولی ئەستێرەکانی عێراقی بکات، جێگای باسە ڕاهێنەری ناوبراو پێشووتر لەگەڵ هەریەك لە یانەکانی وەسلی ئیماراتی کاری کردووە و نازناوی خول و کوپ و سوپەری ئیماراتی لەگەڵ یانەکە بەدەست هێناوە، لەگەڵ هەریەك لە یانەکانی داڵکوردی سوێدی و تیپی دووەمی مالمۆی سوید و یانەی ئایاك سولنا کاری کردووە چەندین ئەنجامی شایستەی بەدەست هێناوە، دهۆکییەکان چاویان لەوەیە بتوانن ئاست و ئەنجامی شایستە لەگەڵ ئەم ڕاهێنەرە بەدەست بهێنن و بتوانن کێبڕکێی لەسەر بەدەست هێنانی ئەنجامی شایستە بکەن، بڕیاریشە گرێبەست لەگەڵ چەندین یاریزانی بە توانا مۆر بکەن بۆ وەرزی تازەی خولی عێراقی.



# چۆن جگەرەکێشان زیان بە پێستی دەموچاو دەگەیەنێت؟



جگەرەکێشان جگە لە زیانە زۆرەکانی لە نەخۆشیی دڵەوە بگرە تا دەگاتە شێرپەنجە، زیان بە پێستی دەموچاویش دەگەیەنێت بە شێوەی پیربوون و لۆچبوونی پێشوەختە کە کاریگەریی نەرێنی دەکاتە سەر شێوەی ڕوخسار و کاردانەوەی دەروونی خراپی لێدەکەوێتەوە، بەتایبەتی لە ئافرەتی جگەرەکێشدا.

جگەرە ماددەی ژەهراوی لەخۆ دەگرێت کە سەرەڕای لۆچبوونی پێشوەختە، ئەگەری شێرپەنجەی پێستیش زیاد دەکەن، هەروەها لەکاتی بوونی هەر گرفت یان نەخۆشییەکی پێست ئەوا جگەرەکێشان حاڵەتەکە ئاڵۆزتر و نیشانەکانیش سەختتر دەکات. توێژینەوەکان جەخت لەوەش دەکەنەوە کە جگەرەکێشان هۆکارە بۆ دواخستنی چاکبوونەوەی برین، زیادبوونی ئەگەری تۆخبوون، یان پەڵەی پێست Pigmentation، ئەکزیما، لەگەڵ شێرپەنجە و گرفتی دیکەی پێست، بۆیە پێویستە لەسەر جگەرەکێشەکان کە بۆ بەسەرکردنەوە بە شێوەیەکی دەوری سەردانی دکتۆر پێست بکەن.

ماددە ژەهراوییەکانی ناو دووکەڵی جگەرە پرۆتینی کۆلاجین و ئیلاستینی Elastin پێست تێکدەدەن، کە پێکهاتەی ڕیشاڵین و گرنگن بۆ پاراستنی تۆن و لووسی و توندیی پێست، دەرەنجام پێست زبر دەبێت و توانا لاستیکییەکی کەم دەبێتەوە، ئینجا تووشی لۆچبوونی قووڵتر و شۆڕبوون دەبێت Sagging، جگە لەمە جگەرەکێشان هاندەرە بۆ زیادبوونی بۆیەی پیست کە بە میلانین ناسراوە، ئەمەش دەبێتە هۆی پەڵە، یان قانی تۆخ لەسەر پێستی دەموچاودا، هەروەها ئەگەری تووشبوون بە هەوکردنی پێست و نەخۆشیی سەدەف Psoriasis زیاد دەکات.

# ئایا شێرپەنجە چارەسەری هەیە؟

شێرپەنجە(Cancer) بریتییە لە پەیدابوونی خانەی نائاسایی کە گەشە دەکەن و دابەش دەبن، ئینجا خانە تەندروستەکان تێکدەدەن. زیاتر لە ٢٠٠ جۆر شێرپەنجە لە پزیشکیدا ناسراون کە تووشی بەشی جیاوازی لەش دەبن، هەندێکیان لەسەرخۆ گەشە دەکەن، هەندێکی دیکەیان بە خێرایی گەشە دەکەن و لە بەشەکانی دیکەی لەشدا بڵاو دەبنەوە. هەروەها قۆناغ و نیشانەی جیاوازیان هەیە.

جیاواز لە نەخۆشییە کانی دی، چارەسەری تەواو نییە بۆ هەموو جۆرەکانی شێرپەنجە، بەڵام دەتوانرێت کە چەند جۆرێکی شێرپەنجە بە ڕێگای جیاواز بە تەواوی چارەسەر بکرێن.

باشتربوونی تەندروستی بە هەندێك جۆری چارەسەرکردن Remission واتە نەمانی، یان سووکبوونی نیشانەکانی شێرپەنجە، جیاوازە لەگەڵ چاکبوونەوەی تەواو Cure، چونکە ئەم باشتربوونە هەرگیز بۆ ماوەیەکی زۆر، یان بە درێژایی تەمەن بەردەوام نابێت. گەلێك حاڵەتی شێرپەنجە بە باشی چارەسەر دەکرێن و تووشبوو ژیانێکی ئاسایی دەباتە سەر، لە هەندێك حاڵەتی دیکەشدا بە گرتنەبەری زۆربەی ڕێگاکانی چارەسەرکردن هێشتا لەوانەیە کە شێرپەنجە کۆنترۆڵ نەکرێت. بەهەر حاڵ، لێکۆڵینەوەکان بەردەوامن بە مەبەستی دۆزینەوەی ڕێگاچارەی گونجاوتر و باشتر بۆ هەموو حاڵەتەکانی شێرپەنجە.

ڕێگا باوەکانی چارەسەرکردنی هەموو جۆرەکانی شێرپەنجە بریتین لە: نەشتەرگەری، چارەسەری کیمیایی، چارەسەر بە تیشك Radiation، گواستنەوەی مۆخی ئێسك، چارەسەری هۆرمۆنی، چارەسەری بەهێزکردنی سیستمی بەرگریی لەش، چارەسەری ئاراستەکراو بۆ چەند جۆرێکی تایبەتیی خانە شێرپەنجەییەکان، هەروەها چارەسەر بۆ سووککردنی نیشانەکان.



# شوفان: خۆراکێکی گونجاو بۆ ژەمی بەیانی

شوفان Oats دانەوێڵەیەکی پڕ ڕیشاڵە، دەوڵەمەندە بە پرۆتین، ماددەی دژەئۆکسان، هەروەها چەند ڤیتامین و کانزایەك وەکو ڤیتامین B9 کە بە فۆلەیت ناسراوە، لەگەڵ کانزاکانی کالیسیۆم، ئاسن، مەگنسیۆم، زینك، سیلینیۆم کە سیفەتی دژەئۆکسانی هەیە.

هەوڵ بدە کە شوفان بکەیتە بەشێك لە خۆراکی ژەمی بەیانییان، چونکە هەستی تێربوون بۆ ماوەیەکی باش دەهێڵێتەوە و ماددەی خۆراکی گرنگ لەخۆ دەگرێت.

سوودە تەندروستییەکانی شوفان بریتین لە: خۆپاراستن لە ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشیی دڵ، دابەزاندنی ئاستی کۆلیستیرۆڵی خراپ لە خوێندا، لە لایەکی دیکەوە ڕێژە بەرزەکەی کانزاکانی مەگنسیۆم و پۆتاسیۆم لە شوفاندا هاندەرن بۆ باشترکردنی تەندروستی و فرمانی کۆئەندامی دڵ و سووڕان و هاندانی تەندروستیی کۆئەندامی هەرس، بەتایبەتی هەڵمژینی ماددە خۆراکییەکان و جوولەی دروستی ڕیڕەوەکانی هەرس، هاوکات لەگەڵ هاندانی گەشەی بەکتریای سوودبەخشی ڕیخۆڵە، کۆنترۆڵکردنی کێشی لەش، پەیداکردنی هەستکردنی زوو بە تێربوون و تاودانی کرداری میتابۆلیزم کە هاندەرە بۆ کۆنترۆڵکردنی کێشی لەش، باشترکردنی کاردانەوەی هۆرمۆنی ئینسولین و ڕێکخستنی ئاستی شەکری خوێن بەهۆی بوونی ڕیشاڵی تواوە لە شوفاندا لە جۆری بیتا گلوکان Beta-glucan کە هەڵمژینی شەکر لە کۆئەندامی هەرسەوە بۆ ناو خوێن لەسەرخۆ دەکاتەوە. بۆیە شوفان خۆراکێکی گونجاوە بۆ تووشبووان بە نەخۆشیی شەکرەی جۆری دووەم، هەروەها کەمکردنەوەی ئاستی هەوکردن لە لەشدا، واتە خۆپاراستن لە ئەگەری نەخۆشییە درێژخایەنەکان.





## ١٥ هۆکاری هەناسەتەنگی

هەناسەتەنگی Dyspnea بریتییە لە هەستکردن بە توندبوونی سینگ، تێنووی هەوا، گرفت لە هەناسە و هەستکردن بە خنکان. لە کەسێکی تەندروستدا پلەی گەرمی زۆر بەرزی دەوروبەر، قەڵەوی، هەروەها شوێنی بەرز، هۆکاری سرووشتین بۆ هەناسەتەنگی. ئەو گرفت و نەخۆشییانەی دەبنە ئەگەری هەناسەتەنگی بریتین لە: نەخۆشیی ڕەبو، هەستەوەری، هەڵمژینی گازی یەکەم ئۆکسیدی کاربۆن کە گازێکی بێ ڕەنگ و بێ بۆنە و دەبێتە هۆی هەناسەتەنگی و سەرسووڕان و هێڵنج، هەڵامەت یان ئەنفلوەنزا، تووشبوون بە ڤایرۆسی کۆڤید١٩، گیرانی بۆڕی خوێن لە سییەکاندا بە هۆی تۆپەڵی خوێنی مەییو Clot کە لە بەشێکی دیکەی لەشەوە دەگاتە سییەکان، وەستانی کاتیی هەناسە لەکاتی خەودا Sleep apnea، هەوکردنی شانەی سییەکان بە بەکتریا، یان ڤایرۆس، یان کەڕوو، هەوکردنی درێژخایەنی بۆڕی یان ڕێڕەوەکانی هەناسە کە زیاتر لە ئەنجامی جگەرەکێشاندا ڕوودەدات، پەککەوتنی دڵ کە دەبێتە هۆی هەناسەتەنگی زیاتر لە کاتی پیادەڕۆیی، یان هەڵگرتنی شتومەکدا، کەمخوێنی لە ئەنجامی کەمیی ئۆکسجین لە بەر کەمبوونەوەی ڕێژەی هیمۆگلۆبین کە هەڵگری گازی ئۆکسجینە، پەستی توند، یان نۆرەی تۆقین، نەخۆشیی بێهێزبوونی ماسوولکەکان Myasthenia gravis، هەروەها (دڵ شکان) Broken heart.



## ئایا برنجی قاوەیی لە برنجی سپی باشترە؟

زۆر کەس ئەم پرسیارە دەکەن، کە ئایا جیاوازی هەیە لە نێوان برنجی قاوەیی و برنجی سپیدا، کامیان تەندروستترە؟ برنجی قاوەیی Brown rice دانەوێڵەی تەواوە، واتە ساف نەکراوە وەکو برنجی سپی، بەمانایەکی دی برنج بە هەموو پێکهاتەکانەوە وەکو توێکڵ و بەشەکانی دیکەی، بەمەشەوە ماددە خۆراکییەکانی وەکو ڤیتامین و کانزاکان بە ڕێژەیەکی زیاتر پارێزراو دەبن، ئەگەرچی برنجی قاوەیی کاتی زیاتری بۆ کوڵاندن پێویستە.

ئایا برنجی قاوەیی لە برنجی سپی تەندروستترە؟



لە لایەنی تەندروستییەوە، هەر جۆرێکی دانەوێڵەی تەواو Whole grain باشترە لە دانەوێڵەی سافکراو Refined کە برنجی سپی دەگرێتەوە. لایەنە ئەرێنییەکانی برنجی قاوەیی: ڕیشاڵ لەخۆدەگرێت کە لە برنجی سپیدا نییە، بۆیە هەرسکردنی لەسەرخۆیە و بە پێچەوانەی برنجی سپی نابێتە ئەگەری بەرزبوونەوەی خێرای ئاستی شەکری خوێن، هەروەها ڕێژەیەکی بەرزتر لە کانزاکانی مەگنسیۆم و ئاسن و زینك لەخۆ دەگرێت. لایەنە نەرێنییەکانی برنجی قاوەیی بریتین لەوەی کە ڕێژەیەکی بەرزی ئارسنیك لەخۆ دەگرێت کە لە کانزا قورسەکانە و زیانبەخشە بۆ تەندروستی، هەروەها برنجی قاوەیی دەوڵەمەندە بە ترشی فایتیك Phytic acid کە ئەگەرچی سیفەتی دژەئۆکسانی هەیە، بەڵام هەڵمژینی کانزای ئاسن و زینك لە کۆئەندامی هەرسدا کەم دەکاتەوە.



# سوودەکانی تریێ بۆ تەندروستیی دڵ

لە توێژینەوەکانی زانکۆی کالیفۆرنیا/ لۆس ئەنجیلس UCLA هاتووە کە بە گۆڕینێکی بچووك لە ستایلی ژیاندا لە ڕێگای خواردنی تریێ ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشیی دڵ کەم دەبێتەوە، کە هۆکاری یەکەمی مردنە لە سەرتاسەری جیهاندا. تریێ ڕۆڵی هەیە بۆ خۆپاراستن لە ڕوودانی نۆرەی دڵ و جەلتەی مێشك، هەروەها تریێ بە سوپەرخۆراك Superfood ناوزەد کراوە، بەوەی کە دەوڵەمەندە بە چەندین مادده کە لە ڕێگای هاندانی بەکتریای ڕیخۆڵە و کەمکردنەوەی ئاستی کۆلیستیرۆل تەندروستیی دڵ دەپارێزێت.



مادده دژەئۆکسانەکانی تریێ کە لە گرووپی پۆلیفینۆلەکانن Polyphe-nols، ئاستی هەوکردن لە لەشدا تا ڕاددەیەکی باش دادەبەزێنن، ئینجا هاوکات لەگەڵ ڕێژە بەرزەکەی ڕیشاڵی تریێدا کاریگەریی ئەرێنی دەکەنە سەر گەشەی بەکتریای جۆراوجۆری ڕیخۆڵە، یان مایکرۆبایۆم Microbiome کە ڕۆڵی زۆر گرنگی هەیە بۆ پاراستنی تەندروستی. سوودەکانی دیکەی تریێ بریتین لە:

خۆپاراستن لە تووشبوون بە چەند جۆری شێرپەنجە، کۆنترۆڵکردنی پەستانی خوێن، باشترکردنی تەندروستیی کۆئەندامی هەرس بەتایبەتی ڕێگرتن لە قەبزی، سووککردنی نیشانەکانی هەستەوەریی پێست، پاراستنی تەندروستیی چاو، پاراستنی تۆڕی چاو لە کەسانی تووشبوو بە نەخۆشیی شەکرەدا، سووککردنی نیشانەکانی زیپکەی گەنجێتی، کەمکردنەوەی ڕێژەی چەوریی زیادی جگەر، هەروەها سووککردنی نیشانەکانی نەخۆشیی پارکینسۆن.




## کیبۆردی کۆنترۆڵ ک

کیبۆردی کۆنترۆڵ کردنی فەرمانەکان زۆر لەمێژ نییە شوێنی خۆیان لە جیهانی تەکنەلۆژیادا گرتووە، لەو ماوە کەمەشدا گرنگییەکی زۆریان پێدراوە. ئەو جۆرە کیبۆردانە کە بە (کۆنسۆلی دیسکتۆپ) ناسراون، بۆ نووسین نین، بەڵام ئاسانکارییەکی یەکجار زۆر لە فەرمانەکانی کۆمپیوتەردا دەکەن. بۆ نموونە کاتێک پرۆگرامی فۆتۆشۆپ یا پریمەر دەکەیەوە، بە ئاسانی بەبێ ئەوەی دەست بۆ ماوس بەری بە خێراییەکی یەکجار زۆر دەتوانی

## ریمۆتێکی سیحری ب

مرۆڤ هەتا دێت بەرەو تەمبەڵی جەستەیی دەچێت، پێیوایە ئەو ریمۆتانە کە تەنیا بە داگرتنی دووگمەیەك کارئاسانیان بۆ دەکەن و فەرمانەکانیان جێبەجێ دەکەن، داگرتنی ئەو دوگمەیەش کارێکی سەختە!

ریمۆت کۆنترۆڵ بە دەنگ، ریمۆت کۆنترۆڵ بە لەمس، لەم دواییەدا ریمۆت کۆنترۆڵی جوڵەیی پەیدا بووە، ئەویش تەنیا بە جوڵەی پەنجەکانت ئەرکەکانت بۆ جێبەجێ دەکات.

ریمۆت کۆنترۆڵی جۆری Bixi لەو جۆرە ریمۆتەیە، کەبەبێ داگرتنی هیچ دوگمەیەك گشت ئەرکەکان ئەنجام دەدا. ریمۆتەکە خۆی هیچ دوگمەیەکی نییە. بەڵام کوژانەوە و پێکردنەوەی ئامێرە ئەلکترۆنییەکانی ماڵەوە، گۆڕینی ماڵپەڕی نێت و کەناڵی تیڤی هەموو شتێك بەو ئامێرە جێبەجێ دەبێت. قەوارەکەی ٢٥




## وردیلە کۆمپیوتەر و ئەرکی مەزن

ئەگەر نە تەنیا نیو سەدە بەڵکو بۆ بیست ساڵ لەمەوبەر بگەڕێینەوە، ئەوکات کە باسی کۆمپیوتەردا، ئامێرێکی گەورە و کارکردییەکی لەسەرخۆ و دەنگە دەنگێکی زۆرا! بەڵام لەم سەردەمەدا کۆمپیوتەرەکان وەك زۆر ئامێری دیکە هەر دێ و بچووك دەبنەوە، کۆمپیوتەر وردیلەکان هەمان ئەرك و کاری کۆمپیوتەرە گەورەکان ئەنجام دەدەن، کێشیان کەمە و قەبارەیان بچووکە. کۆمپیوتەری جۆری AOO-STAR Ryzen 7 6800U یەکێکە لەو وردیلە کۆمپیوتەرانە. تایبەتمەندییەکانی ئەوانەن، رامی ١٦ گیگابایتە، داتاگەکەی ٥١٢ گیگابایتە. سیستەمی گەیاندنی خێرای هەیە وەك بلوتوس ٥ و وای-فای ٦. خاڵی گرنگی وردیلە کۆمپیوتەرەکە لەوەدایە، پاوەربانکی وایەرلەیسی ئامێرەکانی وەك مۆبایل، کاتژمێر، هیدفۆنە. کۆمپیوتەرەکە هەموو پۆرتێکی تایبەت بە دانانی هەموو جۆرە کێبڵێکی هەیە.



## ـــــردنی فەرمانەکان

فەرمانەکانی ناو پرۆگرامەکان جێبەجێ بکەی. کیبۆردی daptkey یەکێکە لەو کیبۆردانە و لە ڕاستیدا هەموو شتێکی لەخۆیدا کۆکردۆتەوە. لە بیست دوگمە و ٥ گۆیی ڕێکخستنی پێکهاتووە. دوگمەکان هەموویان شاشەی بچووکی زۆری OLEDن و بۆ هەر فەرمانێك ئەنجامی دەدەن، هێمای فەرمانەکە لەسەر دوگمەکە دەردەکەوێت.
بەو بیست دوگمەیە سەدان فەرمان جێبەجێ دەکەی و دەتوانی بۆ سەدان مایکرۆی تەرخان بکەی.





## لەیزەرێک گەنجتان دەکاتەوە

لە گۆڤاری (تایم)دا، ئامێرێك لە ڕیزی ئامێرە بەربژێرەکانی ساڵی ٢٠٢٣ ئاماژەی پێکراوە ئامێری LYMAیە. ئەم ئامێرە تایبەتە بە تەندروستی پێست و بە بۆچوونی کۆمپانیاکە لەریزی باشترین ئامێر سارده بێ کێشەکان دێت کە هیچ زیانی لاوەکی بە پێست ناگەیەنێت و وا دەکات ڕوخساری مرۆڤەکە بۆ بیست ساڵ لەمەوبەر بگەڕێتەوە و چرچ و لۆچی نەمێنێت. LYMA لەیزەرێکی بچووکە، بە مەودای شەپۆلی ٨٠٨ نانۆمیتری بۆ چارەسەری و نوێکردنەوەی خانەکانی پێست بەکار دێت. دەچێتە ناو قوڵایی پێست و نە تەنیا خانەکان باش دەکاتەوە بەڵکو چارەسەریشان دەکات، دەبێت هەتا ٣ مانگ هەموو ڕۆژێك شەش خولەك بەکاری بینیێ.

## ـــــۆ گشت ئامێرێک

سمە. بەهۆی بلوتوس بە مۆبایل و کۆمپیوتەر پەیوەند دەدرێت. لە یەك کاتدا دەتوانێت دوو فەرمان جێبەجێ بکات. بەکارهێنەر دەتوانێ ئامێرەکانی ماڵەوەی پێوە زیاد بکات.






# پاوەربانکێکی بچووکی هەمە کارە

پاوەربانك بۆ کاتە هەستیارەکان و شوێنە دوور دەستەکانی دوور لە کارەبا گرنگی زۆری هەیە، بەتایبەتی لەم هەرێمەی ئێمەدا کە کەس نازانێت کەی کارەبا دێت و دەڕوا و بەشێوەیەکی بەردەوام کارەبا نییە، پاوەربانك ئامێرێکی پێویستە.

پاوەربانکی جۆری SuperMini GO، پاوەربانکێکی وایەلەیس و بێ وایەرە، دەتوانێت لە یەك کاتدا سێ ئامێر پێکەوە شەحن بکاتەوە، گرنگی پاوەربانکەکە لە بچووکی دایە، چونکە بە ئاسانی هەڵدەگیردرێت و لە مۆبایلێك بچووکترە و دەتوانرێت وەك میدالیای ناو سویچەکان هەڵبگیرێت. بەهۆی هێزی موگناتیسیەوە بە مۆبایلەوە دەنووسێت، شاشەیەکی بچووکی هەیە بۆ نیشاندانی ئاستی باتری. زۆربەی پاوەربانکە وایەرلەیسەکان لەگەڵ هەموو ئامێرەکان ناگونجێن، بەڵام پاوەربانکی ناوبراو لەگەڵ هەموو جۆرە ئامێرێکی کە بە وایەرلەیس شەحن دەبێتەوە دەگونجێت. دیزاینی پاوەربانکەکە زۆر وەك کامێرایەکی دیجیتالی دەچێت.



# بالیفێک بۆ نەهێشتنی پرخەی خەو

یەکێك لە ئامێرە ناوازەکان کە لە پێشانگای ces2024دا خرایەڕوو، بالیفێك بوو بۆ نەهێشتن یا کەمکردنەوەی پرخەی خەو. بالیفی DeRucci بەرهەمی کۆمپانیایەکی چینیە. یەکێك لە بەشداربووانی پێشانگاکە دەڵێت من ڕیکلام ناکەم بەڵام دەیان ئامێری تایبەتم بە نەهێشتنی پرخەی خەو تاقیکردۆتەوە هیچیان وەك ئەمە باش نەبووە.

بالیفەکە کاتێك هەست بەوە دەکات بەکارهێنەرەکەی پرخەی دێت، خۆی دەجووڵێنێت، جۆرێك جووڵە دەکات هەم بەکارهێنەرەکەی وەخەبەر نەیەت و هەم پرخەکەی نەهێڵێت.

بالیفەکە لە ڕێگای دوورەوە کۆنترۆڵ دەکرێت، بالیفەکە هەتا ٨٩٪ پرخەی کەم دەکاتەوە.

بالیفەکە ٢٣ هەستەوەری تێدایە، کە گۆڕانکاری هەوا، چۆنییەتی خەوتن و لێدانی دڵ لە درێژایی شەو کۆنترۆڵ دەکات. کیسەیەکی هەوای تێدایە بەپێی چۆنییەتی خەوی بەکارهێنەرکەی بەرز و نزم دە



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت هاردی کۆمپیوتەرەکەم گۆڕی، بەڵام ئێستا کۆمپیوتەر هاردە نوێیەکە ناخوێنێتەوە ڕێگا چارە چییە؟**

خوێنەری بەڕێز هۆکاری نەخوێندنەوەی هارد گەلێك شتن، چونکە ئاماژەت پێکردووە هاردت گۆڕیوە و هاردی نوێت داناوە بۆیە ئەگەری نەناساندنی هاردە نوێیەکە بە بایۆسی کۆمپیوتەرە. بۆ ئەم مەبەستە کەسی شارەزا دەبێت بە کۆمپیوتەرەکەی بناسێنێت. یا ئەگەری ڤایرۆسی بوونی هاردە. سڕینەوەی ناوی هارددیسك و خراپبوونی سیستەمیش کێشە دروست دەکات.

دیارە ئەگەر کێشەی سەختە ئامرازیش بێت، بەدسکتوری، کەوتنە خوارەوەی هارد، کێشەی کارەبایی و نزم و بەرزبوونەوەی کارەبا، کێبڵی کارەبا.. تاد. ئەوانەش هۆکاری سەختە ئامرازن.



# کیبۆردێک گەڕانەوە بۆ ڕابردوو

لە سەردەمی تەکنەلۆژیای نوێدا، کە ڕۆژ بە ڕۆژ لە سەردەمی کۆن دوور دەکەوینەوە بە جۆرێك کە ئەوەی ئەمڕۆ دەیبینین، سبەی وەك ڕابردوو و یادگاری لێدێت و دەبێتە بەشێك لە نۆستالۆژیا، بۆیە بەرهەمهێنانەوەی ئەو ئامێرانەی کە لە ڕابردوودا دیتوومانە وا دەکات ئاوڕێك لە ڕابردوو بدەینەوە، بۆ نموونە کیبۆردی جۆری Freewrite Alpha کە کیبۆردێکی سادەیە، شاشەیەکی بچووکی ڕەش و سپی بە مەودای دوو دێڕ لەسەرەوە هەیە و بەکارهێنەر دەتوانێت ئەوەی تایبی کردووە لەسەر شاشەکە ببینێ، وەك دەزگای (تایپ)ە کلاسیکیەکان. قەوارەی کیبۆردەکە ٦,٥ ئینجە. بە وتەی کۆمپانیای بەرهەمهێنی کیبۆردەکە، مەبەست لەو کیبۆردە تەنیا بۆ ئەوەیە بەکارهێنەر لەکاتی تایپ کردندا بە وردی ئاگای لەوە بێت چ دەنووسێت، بە هەر شەحنکردنێك هەتا سەد کاتژمێر پێویستی بە شەحنکردن نامێنێت، دوای ئەوە ئەو دەقانەی کە دەنووسرێن دەگوزارێنەوە بۆ پرۆگرامێکی تایبەت لە کۆمپیوتەرتدا.



## ماڵپەڕێکی زیرەکیی دەستکرد بۆ دۆبلاژ

لەو کاتەوە ژیریی دەستکرد پەرەی سەندووە و زۆر جاران لە میدیا و سۆشیال میدیاکان دیتووتانە کەسێك بە زمانی ئینگلیزی یا عەرەبی یا فەرەنسی...تاد قسە دەکات بەبێ ئەوەی هیچ لەو زمانە بزانێت. بە هەمان تۆنی دەنگی خۆی. بینەر کاتێك دەیبینێت هەست بەوە ناکات ئەو کەسە بە زمانێك دەدوێ کە زمانی خۆی نییە.

زیرەکیی دەستکردی heygen ai ئەو زیرەکە دەستکردە بۆ وەرگێڕانی ڤیدیۆ و دەنگ سوودی لێوەردەگیرێت. تەنانەت ئاڤاتاری تایبەت بەخۆی تێدایە. جگە لەوە دەتوانی دەقێکی بۆ بنووسی و ئاڤاتارێکی تایبەت بخوێنێتەوە. هەروەها دەکرێت ژووری ستۆدیۆی بڵاوکردنەوەی هەواڵ خوێندنەوەش بە زیرەکیی دەستکرد دروست بکەی و کاراکتەرەکان بە ویستی خۆت دەستنیشان بکەی.

# پرۆگرامێکی ئەندرۆید بۆ مونتاژی فیلم

لەم سەردەمەدا مۆبایلە زیرەکە پێشکەوتووەکان، شان لەشانی کۆمپیوتەرە گەورەکان دەدەن و هەمان ئەرکی ئەوان جێبەجێ دەکەن. پرۆگرامی InShot Video Editor یەکێکە لە سەرکەوتووترین پرۆگرامەکانی تایبەت بە مۆنتاژکردنی فیلم لە مۆبایلدا. بە سوود وەرگرتن لەو ئەپلکەیشنە بەکارهێنەران دەتوانن ڤیدیۆکانی خۆیان بەشێوەیەکی پیشەییانە دەستکاری بکەن. وەك: سڕینەوەی بەشێك، دانان و لکاندنی بە فیلمێکی دیکە. دانانی ئێفێکت و فیلتەری جۆراوجۆر، مۆسیقا وەك باکگراوەند، دانانی دەق و تایتڵ لەسەر فیلم...تاد.

بە سوود وەرگرتن لەو پرۆگرامە بەبێ ئەوەی کوالیتی فیلمەکانتان بێتە خوارەوە سڕینەوەی بەشێك لە ڤیدیۆییە بەبێ ئەوەی کوالیتی ڤیدیۆکە بێتە خوارەوە. دەکرێت چەندین فیلم پێکەوە مونتاژ بکەی و فیلمێکی نوێی لێدروست بکەی. بەکارهێنانی پرۆگرامەکە زۆر ئاسانە و کاتێك بەکاری دێنێ تایبەتمەندییەکانی دیکەی پرۆگرامەکەت بۆ دەردەکەوێت.



# سوودەکانی زەیتی زەیتون بۆ پێست لە وەرزی هاویندا

زەیتی زەیتون یەکێکە لە کۆنترینی ئەو زەیتانەی کە بۆ چاودێریکردنی پێست و قژ بەکار دێت، هەروەها چەندین سوودی زانستیی سەلمێندراوی هەیە و لە زۆر بواری خۆراکی و تەندروستیدا سوودی لێ وەردەگیرێت، زەیتی زەیتون بە تایبەتمەندییە خۆراکی و شێدارکەرەوەکانی ناسراوە، ئەمەش وای کردووە باشترین بێت بۆ پاراستنی پێستێکی تەندروست و درەوشاوە لە کەشوهەوای گەرم و وشکدا.

بۆ پاراستن و گرنگیدانی زیاتر، دەکرێت چەند ڕێگەیەك پەیڕەو بکرێت، وەك:

- مەساجکردنی ڕۆژانە: کەمێك زەیتی زەیتون بخەرە سەر پێستت و بە نەرمی مەساجی پێ بکە تاوەکو بە باشی پێست هەڵیدەمژێت.
- ماسکی شێدارکەرەوە: زەیتی زەیتون لەگەڵ کەمێك هەنگوین یان ماست تێکەڵ بکە و بیدە لە دەموچاوت، بۆ ماوەی ١٥-٢٠ خولەك بەجێی بهێڵە و پاشان بە ئاوی شلەتێن بیشۆ.
- لابردنی ماکیاژ: زەیتی زەیتون وەکو لابەرێکی سرووشتیی ماکیاژ بەکار بهێنە، بەتایبەتی ماسکارای دژە ئاو، هەروەها دوور بکەرەوە لە بەرهەمە کیمیاییە توندەکان.

**• ئامادەکردنی: شیلان عەلی**



# تێکەڵەی دەستکردی ماڵەوە بۆ نەهێشتنی بۆنی خواردنە سوورکراوەکان



ئەو بۆنەی کە لە ئەنجامی سوورکردنەوەی خواردن دروست دەبێت، بە چێشتخانە و ژوورەکانی دیکەی ماڵەوەدا بڵاو دەبێتەوە، بۆ ڕزگاربوون لە بۆنی ناخۆشی سورکردنەوە، چەند ڕێگەیەك بگرەبەر، لەوانە: سرکەی سپی، سرکەی سێو، بخوور، یان تەنانەت بەهارات و توێکڵی لیمۆ و پرتەقاڵ.

لە کاتی سوورکردنەوەی گۆشت، مریشك، ماسی، پەتاتە، و...هتد لە ناو تاوەدا، پێویستە ئاو و سرکەی سپی یان سرکەی سێو لە ناو مەنجەڵێکدا بکوڵێندرێت و لە تەنیشت ئەو تاوەی کە خواردنی تێدا سوردەکەیتەوە ئەنجام دەدەیت، بەدرێژایی کاتی سوورکردنەوەکە لەسەر ئاگرێکی کەم دابنرێت.

لە لایەکی دیکە دەتوانیت لەکاتی سوورکردنەوەی خواردندا (یەك دوو دەنك مێخەك یان یەك دوو پارچە دارچینی، کەوچکێك یان کەمتر ڤانیلا) بخەیتە ناو ئاوی کوڵاوەوە، کە هەر بۆنێکی ناخۆش هەڵدەمژێت.





# پانتۆڵی پان و بەرین بۆ خانمانی یەکپۆش کە لەگەڵ جەستەدا بگونجێت

ئەگەر بەنیازیت لەم هاوینەدا ستایلی پانتۆڵی فراوان هەڵبژێریت، پێویستە چەند ئامۆژگارییەك جێبەجێ بکەیت کە یارمەتیت دەدات مۆدێلی گونجاو بۆ شێوەی جەستەت هەڵبژێریت، کە دیارترینیان بریتین لە:

- مۆدەی پانتۆڵی پان بۆ ئەو کەسانەی کە جەستەیان پڕە و ڕانیان ئەستوورە، چونکە پانتۆڵی بەرین رانەکان ون دەکات، بەتایبەت ئەگەر پانتۆڵی ڕەنگ تۆخ هەڵبژێریت وەك ڕەش، بەتایبەتی لەگەڵ سەرپۆشێکی درێژ بۆ ئەوەی دیمەنێکی ڕێك و پێکت هەبێت، چونکە سەرپۆشێکی کورت ڕوخسارەکە تێك دەدات جەستە پانتر نیشان دەدات.
- ئەگەر جەستەیەکی باریکت هەیە، دەتوانیت پانتۆڵێکی پان لەبەر بکەیت کە لە ڕەنگە کاڵەکان وەك ڕەنگی بێجی، سپی، یان کریمی، بە پێچەوانەوە ئەوانەی جەستەیان پڕە، باشترە پانتۆڵی تۆخ و سەرپۆشی ڕەش هەڵبژێرن.
- پانتۆڵی پان ڕەنگە باڵات کورت نیشان بدات، بۆیە ئامۆژگاریت دەکەین کە پۆشاکی یەك ڕەنگ هەڵبژێریت، چونکە سەلمێندراوە کە بەشدارە لە بەرز نیشاندانی جەستە، لەبیریشت نەچێت کە پێڵاوی پاژنە بەرز یان مامناوەند لەپێ بکەیت.









# ملی درێژ هێمای جوانی و نەریتێکی سەیر

یەکێکە لە نامۆترین دابونەریتی پێوەری جوانی بۆ ژنانی هۆزی کایان کە دەکەونە سنووری بۆرما و تایلەند، ژمارەی دانیشتووانەکەی ٢٠٠ هەزار کەسە، گەشتیاران لە هەموو جیهانەوە سەردانی دەکەن بۆ بینینی ملی ژنانی ئەو هۆزە، کە لە ملی زەڕافە دەچێت. پرۆسەی درێژکردنی ملی ئەم ژنانە کاتێك دەست پێدەکات کە کچەکانیان تەمەنیان دەبیتە پێنج ساڵی تاکو دەگاتە تەمەنی باڵغبوون، ملێکی درێژیان دەبێت وەك زەڕافە بە زیادکردنی ئەڵقەی کانزایی، بە تێپەڕبوونی کات ئەڵقەی نوێی بۆ زیاد دەکرێت، بە جۆرێك کە ملی ئەم کچانە درێژ دەبێتەوە تا دەگاتە نزیکەی ٤٠سم، بەڵام ئەم درێژبوونە دەبێتە هۆی لاوازبوون و لەوانەیە لەکاتی سوڕاندنی لەناکاودا ملیان بشکێت.



# پەیکەری زیرەکترین دز

پەیکەری فێڵباز و دزی ئەڵمانی (ویلهێلم ڤۆیگت) لە هۆڵی شارۆچکەی گەڕەکی (کۆپێنیك») لە بەرلینی پایتەخت لە ئەڵمانیا دانراوە، ئەم دزە خاوەنی بوێرانەترین و زیرەکترین دزییە لە مێژوودا، کە سوپا و پۆلیس بەشدارییان تێدا کردووە، ئەم کەسە لە ساڵی ١٨٦٣ لە (برۆسیا) لەدایك بووە و لە تەمەنی ١٤ ساڵیدا لەگەڵ خێزانەکەیدا ڕوویان لە بەرلین کردووە، یەکەم جار بوتڵێك شیری دزیوە، کە بەهۆیەوە بۆ ماوەی ١٥ ڕۆژ زیندانی کراوە لە سەرەتای یەکەم دزییەوە تا ساڵی ١٨٩١، کۆی گشتیی سزاکانی ٢٥ ساڵ زیندانی بووە، درێژترین ماوەی سزایشی ١٥ ساڵ بووە. دوای ئازادبوونی لە زیندان، لە دوکانێکی پێڵاودا کاری کردووە و لەگەڵ خوشکەکەیدا ژیاوە، تا ئەو کاتەی دەسەڵات بڕیاری دیپۆرتکردنەوەی دا، چونکە کەسێکی پێشینەی تاوانی بەرز بووە و دەربەدەری شاری (هامبۆرگ) کراوە، بەڵام لە نیوەی ڕێگەدا هەڵهاتووە و گەڕاوەتەوە بۆ بەرلین. بەردەوام بە دوای کاردا گەڕاوە، بەڵام بێسوود بووە، خاوەنی دوکانەکان نەیاندەویست کاری پێ بدەن، بۆیە بڕیاریدا سزای ئەو دەوڵەتە بدات کە بێکار و بێ ماڵ و حاڵ بووە تێیدا.

# باڵندەی فلامینگۆی خۆڵەمێشی بۆ پەمەیی

فلامینگۆ بە ڕەنگی خۆڵەمێشی مات لە دایك دەبێت، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات پەڕەکانی ڕەنگێکی پەمەیی جیاواز وەردەگرن، ئەم گۆڕانکارییە بەهۆی خۆراکی ئەوانەوەیە. فلامینگۆ بە شێوەیەکی سەرەکی ڕۆبیان و قەوزەکان دەخوات، ئەم زیندەوەرانە دەوڵەمەندن بە کارۆتینۆید کە ڕەنگێکی پرتەقاڵیی سوورە، کاتێك فلامینگۆ ئەم زیندەوەرانە دەخۆن، ڕەنگە کارۆتینۆیدەکان لە جەستەیاندا کۆدەبنەوە، بەتایبەتی لە پەڕ و قاچ و دەنوکیاندا، هەتا فلامینگۆ زیاتر خواردنی دەوڵەمەند بە کارۆتینۆید بخوات ڕەنگی زیاتر پەمەیی دەبێت، بۆیە فلامینگۆی ساوا کە هێشتا بڕێکی زۆر خۆراکی دەوڵەمەند بە کارۆتینۆیدیان نەخواردووە، ڕەنگیان خۆڵەمێشییە.





# پردی مێژوویی بەرسیرین لە کوردستان

ئەم پردە دەکەوێتە سنووری شاری ڕواندز بە دووریی ١٨ کیلۆمەتر دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی قەزای سۆران و لە بەردەم گوندی بەرسیرین بنیاد نراوە، دوای زیاتر لە دوو سەدە ئێستاش خەڵك بۆ پەڕینەوە سوودی لێ دەبینن، ئەو پردە لە سەردەمی دەسەڵاتی میری سۆران کە بە پاشای گەورە ناسراوە دوای ساڵی ١٨١٦ ی زایینی لەسەر دەستی وەستا برایمی ماویلی درووست کراوە، بەرزیی پردەکە چوار مەتر و پانیی دوو مەترە و نیوە پردەکە پێنج پایەی هەیە، شێوەیان لە لای دواوە لولەییە، بەلای پێشەوەدا سێگۆشەیە. کەرەستەی بەکار هاتوو لەم پردەدا قسڵ و بەردە، پردەکە بۆ زیاتر لە ٢٠٠ ساڵە بەرگەی هەڕەشەکان و شەپۆلە توند و تیژەکانی ڕووبار و تۆفانی گرتووە، پردی بەرسیرین دەکەوێتە نێوان قەزای سۆران و چۆمان و لە ساڵی ١٨١٨ لەلایەن میری سۆرانەوە بە فەرمی کراوەتەوە.

# تاوەری پیزای لار



تاوەری مەیلی پیزا تاوەرێکی زەنگیی کاتدرائییە لە شاری پیزا لە ئیتاڵیا، لە ساڵی ١١٧٣ی زایینی لە کێڵگەی موعجیزە دەستیان کردووە بە دانانی بنکەکان و پاشان دیوارەکان و دوای ئەوەی بیناکە گەیشتە نهۆمی سێیەم، تێبینی کرا کە لارییەکی هەیە. ئایا دەتوانیت تاوەرێکی ١٤٥٠٠ تۆنی بە خەیاڵتدا بهێنیت کە لەسەر بناغەیەکی قووڵی سێ مەتر و لەسەر خۆڵ و زەلکاو دروست کراوە و دواتر تێبینی بکەیت کە خوارە؟، بۆ ڕاستکردنەوەی ئەندازیارەکان باقی قاتەکانی دیوارەکانی دەرەوەیان بە جۆرێك دروست کرد کە بەرزیی زەوییەکە بە ئاراستەی مەیل زیاتر بوو لە بەرزییەکەی بە ئاراستەکەی دیکە، بۆ ڕاستکردنەوەی تاوەرەکە. بیناسازیی تاوەرەکە بۆ ماوەی ١٩٩ ساڵ بەردەوام بوو، وەستانی درێژخایەنی بیناسازییش یەکێك بوو لەو هۆکارانەی کە ڕێگەی دا خاکەکە چڕ بێتەوە، ئەمەش ڕێژەی مەیلەکەی کەم کردەوە و بەم شێوەیە تاوەرەکە بە تەواوی نەڕووخا. خاکی گڵین هۆکاری سەرەکی بوو بۆ مەیلی نەڕووخانی تاوەرەکە و خۆڕاگرییەکەی بەرامبەر بە چوار بوومەلەرزە. ئەندازیاران ناوەندی کێشی تاوەرەکەیان حیساب کرد و لە حیساباتەکانەوە گەیشتنە ئەو ئەنجامەی کە تاوەرەکە بە تەواوی دارماووە لەگەڵ گەیشتن بە لاری ٥,٤٤ پلە.

# یاسا



**بازرگانی بە منداڵ و مرۆڤ**

ئەم یاسایەی کە لە عێراقدا تایبەتە بە قەدەغەکردنی بازرگانیکردن بە مرۆڤەوە، لە ناویشیدا ڕێگریکردن لە فرۆشتنی منداڵ بریتییە لە یاسای (نەهێشتنی بازرگانیکردن بە مرۆڤەوە) یاسای ژمارە (٢٨)ی ساڵی (٢٠١٢)، لە هەرێمی کوردستانیش هەمان یاسایە و کاری پێ دەکرێت و بەرکار کراوە، بە گوێرەی یاسای ژمارە (٦)ی ساڵی (٢٠١٨)، یاساکەش تا ڕادەیەك ڕەنگدانەوەی پرۆتۆکۆڵە نێودەوڵەتییەکەی پێوە دیارە و لە دیارترین ئەو ماددانەی کە تایبەتە بە ڕێگریکردن لە فرۆشتنی منداڵ و سەپاندنی سزا بۆ بکەری ئەم تاوانە، کە لە یاساکەدا هاتووە، بریتین لە: ماده (١) بڕگەی (یەکەم) تیایدا هاتووە، مەبەستی ئەم یاسایە (بازرگانیکردن بە مرۆڤ) بە واتای دامەزراندنی زۆرەملێی کەسەکان، گواستنەوەیان، داڵدەدانیان، وەرگرتنیان لە ڕێگەی هەڕەشەکردن بە هێز، بەکارهێنانیان، جیا لەمانە لە شێوەی زۆرەملێ، ڕفاندن، فێڵکردن، فریودان، خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات، پێدان یان وەرگرتنی پارە یان ئیمتیازات بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندیی کەسێکی خاوەن دەسەڵات، سەرپەرشتیار لەسەر کەسێکی دیکە بە مەبەستی فرۆشتنیان یان ئیستغلالکردنیان لە کردەوەی لەشفرۆشی یان ئیستغلالکردنی سێکسی یان کاری بێ ڕەزامەندی، کاری زۆرەملێ، کۆیلایەتی، سواڵکردن، بازرگانیکردن بە ئەندامە مرۆییەکانیان، یان بۆ مەبەستی تاقیکردنەوەی پزیشکی. ماده (٥) بڕگەی (یەکەم) تیایدا هاتووە (هەرکەسێك یەکێك لەو کارانەی کە لە ماددەی (١)دا دەقنوس کراوە، ئەنجام بدات، سزا دەدرێت بە زیندانیکردنی کاتی و پێبژاردن کە لە پێنج ملیۆن دینار کەمتر نەبێت و لە دە ملیۆن دینار زیاتر نەبێت.



## کاریکاتێر

باس لە قوربانیی باوك دەکات، کە خۆی جلی نەبێت، بەڵام منداڵەکەی جلێکی جوان و پۆشتەی لەبەردا بێت.



## دیمەنە سەیرەکان

**مۆبایل لە ١٩٦٣**

لە داهاتوودا دەتوانیت تەلەفۆنەکەت لە گیرفانی خۆتدا هەڵبگریت، ئەم بابەتە لە ١٨ی نیسانی ١٩٦٣ لە ڕۆژنامەی نیوز-جۆرناڵ بڵاو کرایەوە، کە ڕۆژنامەیەك بوو لە مانسفیلد لە ویلایەتی ئۆهایۆ بڵاو دەکرایەوە.

### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

ئەگەر لێك تێنەگەیشتن لە نێوان تۆ و هاوڕێکەتدا ڕووویدا نیگەران مەبە، چونکە هەموو شتێك ئاسایی دەبێتەوە، کاتێك دەتەوێت گاڵتە لەگەڵ کەسێك بکەیت، بەوریاییەوە وشەکانت دەرببڕە و ئازاری هەستەکانی مەدە، ئەگەر بتوانیت مێشکت ئارام بکەیتەوە دەتوانیت بە ئاسانی کێشەکانت چارەسەر بکەیت، ئەمڕۆ هیچ کارێکی مەترسیدار ئەنجام مەدە، بە ژیرانە ڕەفتار بکە.

### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

لە لایەنی سۆزدارییەوە ئەم چەند ڕۆژە وریای هەڵسوکەوتت بە بۆ ئەوەی هیچ ناکۆکیەك لە نێوان تۆ و خۆشەویستەکەت ڕوو نەدات، ئێستا کاتێکی گونجاوە بۆ ئەوەی پلان بۆ داهاتوت دابنێیت، کاتەکانت بە بیرکردنەوەی بێسوودەوە بەسەر مەبە، وەرزشکردن هۆکارە بۆ ئەوەی هەست بە ئارامی بکەیت.

### جمک ٥/٢١ - ٦/٢٠

لەلایەنی داراییەوە بەختێکی باش ڕووت تێدەکات، لە لایەنی سۆزدارییەوە بە ئاشکرا هەستەکانت دەربخە بۆ خۆشەویستەکەت، بۆ ئەوەی خۆشەویستیتان زیاد ببێت، دڵی بەدەست بهێنیت، تەندروستیت فەرامۆش مەکە و گرنگیی پێ بدە، هەوڵبدە نیگەران مەبە و لە سترێس دووربکەوەرەوە.

### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

لە لایەنی سۆزدارییەوە ڕووبەڕووی چەند کێشەیەك دەبیتەوە، لە لایەنی داراییەوە ڕۆژێکی باش دەبێت بۆت، دوای ماوەیەکی زۆر چانسی ئەوەت دەبێت هاوڕێکانت ببینیت و کاتیان لەگەڵدا بەسەر بەریت، ئەمڕۆ تەندروستیت زۆر باشە و هیچ کێشەیەکی تەندروستیت نییە.

### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

لە لایەنی پیشەییەوە ئەمڕۆ ڕۆژێکی باش دەبێت، لە لایەن خاوەن کار و هاوپیشەکانتەوە پاڵپشتی دەکرێیت، ئەمەش هۆکارە بۆ ئەوەی بە متمانەبەخۆبەنەوە کارەکانت ئەنجام بدەیت، پەیوەندیت لەگەڵ خۆشەویتسەکەت ئاساییە، ڕۆژێکی باش دەبێت بۆت.

### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

هەر لێکتێنەگەیشتنێك لە نێوان تۆ و خۆشەویستەکەت ڕووی دا پێویستە بە زوویی چارەسەری بکەیت، بۆ ئەوەی ناکۆکی نێوانتان زیادنەکات، لە لایەنی پیشەییەوە دۆخێکی کەمێك سەخت ڕووبەڕووت دەبێتەوە، ئەگەر بە ژیرانە مامەڵە بکەیت بە ئاسانی چارەسەری دەکەیت.

بۆ زانیاریت

# فیزیای کلاسیک و کوانتەم



لە جیهانی کوانتەمدا فیزیای کلاسیک جێبەجێ نابێت، تەنانەت یاساکانی ڕێژەیی گشتیی ئەنشتاین بۆ هێزی کێشکردن لە ئاستی کوانتەمی بۆ تەنۆلکە وردەکانی ئاستی گەردیلەیی و بچوکتر نابێت. بۆ بینینی تەنەکانیش بە هەمان شێوەیە. نموونەیەك لەو دیاردانە بریتییە لە (superposition) فرەجێگەیی لێرەدا بە جیهانی کوانتەمی دەڵێت دەکرێت بۆ نموونە فۆتۆنێك یان ئەلکترۆن لە هەمان کاتدا لە دووجێگەی جیاوازدا هەبێت. واتە لە یەك کاتدا دەتوانێت چەند شێوەیەك بنوێنێت و هەموو ئەگەرەکان لەبەرچاو دەگرێت. لەم ڤیدیۆیەدا شۆن کارڵ Sean M. carroll باسی شێوازی فرەجێگەیی و ئەگەرەکان ڕوون دەکاتەوە بۆ گەرانەوە بۆڕابردوو لە گەردوونێکی دیکەدا (جیاواز لەو گەردوونەی تێیدا بویت)، شۆن کارڵ باسی تیۆریی فرەگەردوونیی (جیهانە زۆرەکان) دەکات پێی وایە: ڕاسترین ڕێگەیە بۆ تێگەیشتن لە جیهانی کوانتەم میکانیکە.

## پەند و وتە



فیکتۆر هۆگۆ، نووسەر و پارێزەری فەرەنسی، لە ساڵی ١٨٠٢ لە شاری بێسانکۆن لە فەرەنسا لە دایك بووە و لە ساڵی ١٨٨٥ لە تەمەنی ٨٣ ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە، دەربارەی کاتی ڕووداو و بیرۆکەکان دەڵێ: «هیچ هێزێك ناتوانێت ببێتە ڕێگر لە بەردەم هەڵکەوت و ڕێکەوتی کاتی ڕووداو و بیرۆکەکان لەو کاتەی کاتی خۆی دێت».

## یاریی وێنە



لەم وێنەیەدا دوو دیمەن هەن، یەکێکیان دارە و ئەوەی دیکەش مرۆڤ، هەوڵ بدە لە ماوەی ٣٠ چرکەدا بیاندۆزیتەوە.

فیلم

## دادپەروەری بەنی کینگ - The Justice of Bunny King




درامایەکی کۆمەڵایەتی و سەرنجڕاکێشە، باس لە ئافرەتێك دەکات کە دوو منداڵی هەیە، یەکێکیان زگماکە، کاتێك هاوسەرە سەرخۆشەکەی لە منداڵەکەی دەدات، ئەویش لە هاوسەرەکەی دەدات و دیکوژێت، دواتر بە مەرج لە بەندیخانە بەردەدرێت، بۆیە نابێت لە منداڵەکانی نزیك ببێتەوە، لەو کاتەشدا لە ماڵی خوشکێکی خۆیدا ژیان بەسەر دەبات، لە هەمان کاتیشدا خیانەتی هاوسەریی خوشکەکەی دەبینێت، ژیانێکی ئەستەم و ناخۆش بەڕێ دەکات، کاریشی پاککردنەوەی جامی ئوتۆمبێلەکانی سەر شەقامە، ماوەی فیلمەکە یەك کاتژمێر و ٤١ خولەکە، لە دەرهێنانی گایسۆرن تاڤات، لە نووسینی سۆفی هێندرسۆن، لە نواندنی ئیسی دەیڤس، تۆماسین ماکینزی، برادی سیسۆن، خانا تانگ، ئێیرۆڵ شاند.

### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

لەلایەنی پیشەییەوە هەوڵەکانت زۆر باشن و ئەنجامێکی باش بەدەست دەهێنیت، ئەگەر کار لەسەر پرۆژەیەکی نوێ دەکەیت، ئەمڕۆ ئەنجامەکان بە خواستی تۆ دەبن، هەوڵ بدە چێژ لە ساتەکانت ببینە ئەم چەند ڕۆژە، بەتایبەتی ئەو کاتانەی لەگەڵ خۆشەویستەکەت بەسەری دەبەیت، تەندروستیت زۆر باشە.

### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

پێویستە لەگەڵ هەمو کەسێك بە ڕێزەوە مامەڵە بکەیت و دوور بکەویتەوە لە هەر گفتوگۆیەك کە ببێتە هۆی دروسبوونی ناکۆکی، دەنا دەکەویتە کێشەوە، پەیوەندیی سۆزداریت لە ئێستادا جێگیرە، دەرفەتی ئەوەت دەبێت کات لەگەڵ خۆشەویستەکەت بەسەر بەریت، تەندروستیت باش دەبێت.

### شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

پێویستە چۆنێتی کارکردنت بگۆڕیت تاوەکو داهاتووت فراوانتر بێت، کەسێکی نوێ دێتە ژیانتەوەو دڵخۆشت دەکات، دۆخی تەندروستیت تێك دەچێت.

### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١

ئەگەر ئەرکەکانت بەپێی ئەو پلانە ئەنجام بدەیت کە داتناوە، بەمزووانە سەرکەوتن بەدەست دەهێنیت، لە لایەنی داراییەوە ڕۆژێکی باش دەبێت، نیگەران مەبە بە قسەی کەسانی چواردەورت، خۆت هەڵسەنگاندن بۆ کارەکانت بکە و لەگەڵ خۆتدا ڕاستگۆبە.

### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

لە لایەنی سۆزدارییەوە خۆشەویستەکەت ناچار مەکە بۆ ئەوەی ئەو کارانە ئەنجام بدات کە بە خواستی تۆیە، ئەم جۆرە هەڵسوکەوتە پەیوەندیی خۆشەویستیتان دەشێوێنێت، ئەم چەند ڕۆژە دەروونت ماندوە و پێویستت بە پشوودانە، بەرپرسیاریەتیت بەرامبەر خێزانەکەت زیاتر دەبێت.

### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

بە هێمنی بمێنەرەوە و پشوو وەربگرە، بەهۆی ئەوەی ئەم چەند ڕۆژە ئەرکێکی زۆرت لەسەر شان بووە و هەست بە ماندوبوون دەکەیت، ئەگەر پلانت هەیە بۆ ئەوەی کارێکی نوێ دەست پێ بکەیت ئەمڕۆ ڕۆژێکی گونجاوە، پەیوەندیت لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکەت زۆر باشە.




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://apps.apple.com/us/app/gulan-media/id1586050534#?platform=iphone




## ئێستا دەتوانی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ هەریەکە لە پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) و (ئەندرۆید) دابەزێنی بۆ ئەوەی سوودمەند بی لە دواین هەواڵ و زانیارییەکان




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئەندرۆید) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://play.google.com/store/apps/details?id=com.gulan.media

Time Net

# TCR100 4G WI-FI ROUTER

ديزاينێكی بەهێز و پراكتيكی بۆ ئەوەی پەيوەنديەكی خێرا و متمانەپێكراوی 4G دەستەبەر بكەيت

- دەتوانيت ئەم ئامێرە بۆ مەبەستی تايبەتی و شوێنی گشتی بە كاربهێنرێت
- دەتوانيت بە سيم كارد يان بە كەيبلی ئينتەرنێتی شوێنەكەت بە كاری بهێنيت و خێرايی ئينتەرنێتەكەت دوو هێندە بكەيت.
- بۆ خاوەن هۆتێل و كافێ و كۆمپانيا و ريستۆرانتەكان بە تەواوی گونجاوە و بەرگەی پلەی گەرمی —٤٠ و ٧٥ دەگرێت،ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت كە چەند بە تۆكمەيی دروست كراوە.
- بۆ ئەو كەسانەی كە شاخەوانين و خوليای كامپينگن لەگەڵ هاوڕێكانيان،دەتوانن بە يەك سيم كارد هاوبەشی ئينتەرنێتەكە بكەن كە دەتوانن بە يەك راوتەر زياتر ٥٠ بەكارهێنەری هەبێت.



**Strong and practical design to ensure a fast and reliable 4G connection**

- You can use this device for private and public purposes
- You can use it with your SIM card or cable to double your internet speed.
- Perfect for hotel owners, cafes, companies and restaurants and can withstand temperatures of -40 and 75 degrees, which proves how solidly built.
- For mountaineers and camping enthusiasts with friends, you can share the internet with a single SIM card that can have more than 50 users with a single router.

www.gulanmedia.com

**Contact with us :**

07502749592 - 07502749591

www.time-net.net

khabat stree, Erbil,Iraq



Gulan Weekly
August 12, 2024 Issue,No.1425

